
سەیروسەمەرەکانی جیهان

دانەر : سهير سمور

و. لەعەرەبییەوە

مستەفا سەعید عەلی



سەیرو سەمەرەکانی جیهان

لەبڵاوكراوەكانی خانەی چاپ و بڵاوكردنەوەی

Email \ cwarcra_slemani@yahoo.com
Mobile \ 1575067

١١٣٨٤٢٨٨

فەرهەنگی سەیرو سەمەرەكانی جیهان

بابەت: فەرهەنگ

ئامادەكردنی: سوهێر سەمور

وەرگێڕانی: مستەفا سەعید عەلی

كۆمپیوتەر: راویز سەلام كەریم

ژمارەی سپاردن: (٧٦٨) ساڵی (٢٠٠٥)

چاپی یەكەم – سلێمانی

٢٠٠٥

دار الاسراء للنشر التوزيع

موسوعة عجائب و غرائب العالم

اعداد: سهير سمور

عمان/ الاردن

الطبعة الثانية/ ٢٠٠٥م

بەشی یەکەم

سەیرو سەمەرەکانی مرۆڤ

زۆرترین پەنجەی دەست

زۆرترین پەنجەی دەست پەنجەکانی ئەو منداڵە بوو کە لەنەخۆشخانەی قەشە جۆرج لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا هاتوەتەدنیاوە، دەستەکانی (١٤) پەنجەو قاچەکانی (١٢) پەنجەیان هەبوو، ئەمەش زۆرترین چەنجەیە کە تا ئێستا لەدەستو قاچی مرۆڤدا تۆمارکرابێت.

درێژترین نینۆك

رۆمنس شارما کە هاوڵاتییەکی هندییە، خاوەنی درێژترین نینۆکە لەجیهاندا کە دەگاتە (٦٤,٤٤)سەنتیمەتر.. لەماوەی سیانزە ساڵدا درێژترین پەنجەی نینۆکی دەستی چەپ نینۆکەکانی دەستی چەپی هاوڵاتی *شیرهاردی* هیندییە کە لەماوەی (١٩٥٢) بۆ (١٩٧٩) نەیقرتاندوەو درێژییەکەی گەیشتوەتە (٢٤٣,٩٥)سەنتیمەتر.

درێژترین سمێڵ

سمێڵی *ماشور هێ رانی* هندستانی درێژترین سمێڵە، *ماشور* لەچینی ئەرستۆکراتی هیندستانی ساڵی (١٩٠٨) لەدایکبووە، ئەم پیاوە لەنێوان ساڵەکانی (١٩٤٩) بۆ (١٩٦٢)دا سمێڵی هێشتەوەو لەو ماوەدا درێژی سمێڵی گەیشتوەتە (٢٥٩)سەنتیمەتر.

درێژترین قژ

درێژترین قژ لەجیهاندا قژی *سوامی بەندرا ساندی* سەرۆکی دێری تیرواد تواری هیندستانە، کە ساڵی (١٩٤٩) درێژییەکەی گەیشتوەتە (٧٩٢,٤٥)سەنتیمەتر.

درێژترین ریش

درێژترین ریش لەجیهاندا کە تا ئێستاش پارێزراوە ریشی *هانس لانقیسی* نەرویژییە کە درێژییەکەی (٥٢٣)سەنتیمەتر.

درێژترین چەناگە

هانز لانجزتی بەرەگەز بەریتانی بەخاوەن درێژترین چەناگە دادەنرێت لەجیهاندا، چەناگەی هانز درێژییەکەی (١٧,٥)سەنتیمەتر.

درێژترین قژ

ماری ئۆدێل لرفێر کە خانمێکی فەرەنسییە، بووەتە خاوەن درێژترین قژ لەجیهانداو ئەم دیاریکردنەش لەئۆلۆمپیاتی ساڵی (١٩٨١) بوو، ئەو کات قژی ماری (٣٣٠)سەنتیمەتر بوو.

قەبەترین پیاو

لەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دوو برا هەن کە بەدووانە لەدایك بوون، ئەم دوو برا، دوو خوشکی دووانەیان هێناوە.. لەکاتی سواربونی فڕۆکەدا هەریەکەیان لانیکەم جێگەی سێ کەس، واتە سێ کورسی دەگرنو کارمەندانی فڕۆکەکە هەمیشە داوایان لێدەکەن کە هەریەکەیان لەلایەکی فڕۆکەکەوە دابنیش بەمەبەستی هاوسەنگ بوونی.. قورسایی هەریەکەیان زیاتر (٢٥٠)کیلۆیەو، لەگەڵ ئەوەشدا دوو مرۆڤی زۆر رۆح سوکنو هەمیشە سەرقاڵی یاری وەرزشن بەتایبەتی یارییەکانی ماتۆڕسوارییو پاڵەوانبازیی.

بەرزترین باڵا

پێش ماوەیەك لەشاری نیویۆرکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا پیاوێکی باڵا بەرزی ئەوتۆ دەرکەوت کە لەبەر باڵا بەرزەکەی ناچار دەبوو لەکاتی سەرکەوتنی ئۆتۆمبیلەکەیدا سەقفەکەی لابەرێت.. لەباڵا بەرزەکانی تریش ئەوانەی ناویان لەمێژودا تۆمارکراوە؛ هاوڵاتییەکی روسییە بەناوی *ماشتۆخی* کە بەدرێژترین مرۆڤی سەردەم دادەنرێت لەبەرئەوەی بەرزی باڵاکەی گەیشتە (٢٨٥)سەنتیمەتر.. هەروەها هاوڵاتی *رۆبەرت وادلۆ* بەدرێژترین پیاوی جیهان دادەنرێت، *رۆبەرت* رۆژی ٢٢ شوباتی ١٩١٨ لەدایك بووە تا تەمەنی دوو ساڵی کێشی گەیشتوەتە (٢٢,٥٦)کیلۆو هێشتا درێژییەکی ئاسایی هەبووە، ئینجا گۆڕانکارییەکی کتوپڕ لەژیانیدا رویداو بەشێوەیەکی

جیهان

چاوەڕواننەکراو دایە بەرزبوون بەجۆرێك لەتەمەنی (٢٢) ساڵیدا بەرزی باڵای گەیشتە (٢٧٢,٤)سەنتیمەتر.

چوار چاو

ئەمە لەوڵاتی چین رویداوە، هاوڵاتییەك لەچین بەچوار چاوی ئاساییەوە لەدایك بوو، ئەو مرۆڤە دانسقەیە ناوی *لیۆ شۆنگ* بووەو هەندێکجار *بەلیۆمین* بانگیان دەکرد.. *لیۆ شۆنگ* بەهەر چوار چاوەکەی دەیبینیو هاوڵاتییەکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو فەرمانڕەوای هەرێمی شانسی وڵاتی چین بووەو دواتر بووەتە وەزیرو زۆر حەزی لەخواردنەوەو قومارکردن بووە.

بیستن بەدەم

منداڵێك لەیۆنان بەبێ گوێچکە لەدایك بوو، منداڵە بێ گوێچکەکە ناوی *حزقیال ئایدزی* لێنرا.. ئەم منداڵە هەرکاتێك بیویستایە گوێ لەقسەی کەسێك بێت دەمی دەکردەوەو بەمشێوە گوێی لەقسەکانی دەبوو، کاتێك گەورە بوو بۆ نیشوکارکردن سەفەری نیویۆرك کردو لەوێ ماوە تا ساڵی (١٨٨٤) مرد.

قورسترین پیاو

رۆبەرت ریدل هۆمز کە گەنجێکی رۆح سوکە بەقورسترین مرۆڤی سەر گۆی زەوی دادەنرێت، ئەمەش لەبەرئەوەی کێشی گەیشتوەتە (١٠٦٩)رەتڵ.

منداڵی دوو سەرە

لەنەخۆشخانەی جەریسکسریش کە لەوڵاتی نەمسایە، رۆژی ٢٢ تشرینی دووەمی ١٩٨١ منداڵێکی دوو سەر لەدایك بوو، منداڵەکە تەنیا یەك کاتژمێر لەژیاندا مایەوەو ئینجا لەنەخۆشخانەکەدا مرد.

بەگوێرەی رۆژنامەکانی نەمسا: منداڵەکە دوو بڕبڕەی پشتی هەبووەو درێژییەکەی (٣٤)سەنتیمەترو کێشی (٢,٧٠)کیلۆگەرام بووە، بەهەمانشێوە لەهەرێمی کەراچی پاکستان منداڵێك بەدوو سەرەوە لەدایك بوو، ئەم منداڵەیان ماوەی سێ رۆژ ژیا.

بلیمەتترین منداڵ

بەناوبانگترین منداڵ کە جیهانی سەرسام کردبێت منداڵێکی ئەمریکییە بەناوی *سیدلیس، بۆریس*، باوکی ئەم منداڵە مامۆستای زانکۆی هارفۆرد بوو.. *سیدلیس* لەتەمەنی شەش مانگیدا پیتەکانی زمانی لەبەرکردو لەتەمەنێکدا کە هیچ منداڵێك توانای قسەکردنی نییە، پیتەکانی لەبەر دەخوێندەوەو، کاتێك گەیشتە تەمەنی (١١)ساڵی چووە زانکۆی هارفۆردو لەوردترین مەسەلەکانی زانستدا وتووێژی لەگەڵ مامۆستاکانی ئەو زانکۆیە دەکرد.

مردوی زیندوو

سـالّی (١٨٢٧) زانـا *جێرمـی بنتـام* نەخۆشـخانەی کۆلێـژی پزیـشکی لەلەندەن دامەزراند، پێش مردنی لەسالّی (١٩٣٢)دا وەسیەتی کرد کە پاش مردنـی هـەموو سـامانەکەی بدرێتـە نەخۆشـخانەی نـاوبراو بەمـەرجێك بەسـەرۆکی ڕێگەپێـدراوی ئەنجومـەنی بـەڕێوەبردن لەنەخۆشـخانەکە بمێنێتەوەو لەکۆبونەوەکاندا بەشداری بەو پەیکەرە بکرێت کە هی ئەمەو، بەجلوبەرگەکانییەوە لەسەر کورسی سەرۆك دابنرێت، لەسالّی (١٩٣٥)ەوە ئەم وەسێتە سەیرە جێبەجێدەکرێتو پەیکەرەکەی *بنتام* لەجێگەی سەرۆك دادەنرێـتو لەکۆبونـەوەی سـالآنەدا کاتێـك کۆبونەوەکـە بـەو جـۆرە بەڕێوەدەچێت یـەکێك لەئەندامـەکان دەڵێت سـەرۆك ئامـادەی کۆبونەوەکـە بوو، بەلاّم دەنگ نادات.

بنتام مرۆڤێکی دانسقە بوو، لەتەمـەنی پێـنج سالّیدا بێجگە لـەزمانی ئینگلیزیـی بەزمانـەکانی لاتینـیو فەرەنـسیو یۆنـانی قسەی دەکـردو، ئـەو کاتـەی کۆلێـژی ئۆکسفۆردی بـەناوبانگی تـەواوکرد هێشتا تەمـەنی سیانزە سالّی تێنەپەڕانـدبوو.. کـاتێکیش تەمـەنی گەیـشتە پـانزە سـالّ لێنسانـسی لەئەدەبیاتدا وەرگـرت، دوای ئـەو تەمەنـەش چووە دنیـای ئـەدەبو زانستو فەلـسەفەو ناوبانگییەکـەی سـنورەکانی بـەریتانیاو ئـەورپای تێپەڕانـدو گەیشتە ئەمەریکا.

گوێچکەی هەڵدەگەڕێنێتەوە

لەژیاندا زۆر کەس هەن کە دەتوانن جوڵەی سەیرو سەمەرە بەیەکێك لەئەندامەکانی لەشیان بکەن، بەڵام کەسیان وەك *ماری لویزی* هاوسەری *ناپلیۆن* نین کە دەیتوانی هەر کاتێك بیویستایە بەشێوەیەکی زۆر سەیر گوێچکەکانی هەڵگەڕێنێتەوە.. *ناپلیۆن* زۆری حەز بەبینینی ئەم دیمەنە دەکردو، زۆرجار پیاوانی کۆشکی کۆدەکردەوەو داوایدەکرد کە *ماری* ئەو جوڵانەیان بۆ بکات.

ئەم زانیارییانە لەنوسینەکانی *دالێرای* گەورە ئەمینداری کۆشکی فەرەنسییدا تۆمارکراوە.

سێ مانگ چاو نوقاندن

لەسەردەمی دێریندا سزا بەسەر ئەو ئەندامەی لەشدا دەدرا کە تاوانەکەی پێ ئەنجامدرابوو، ئەمە دابونەریتێکی کۆنەو لەسەردەمی هاوچەرخیشدا هەمان سزا دوبارە کراوەتەوە، بەڵام بەجۆرێکی تر.. لەئەڵمانیا پیاوێك بەناوی *ئەلبر هنیرسۆن لاوفەر* حەزی لەخێزانی هاوڕێکەی کردبوو، بەحەزو تامەزرۆییەکی زۆرەوە لێی دەڕوانی، بەجۆرێك پاش ماوەیەك هەستی بەخۆی کردو ویژدانی ئازاری دەدا، هات سەرەتا مەسەلەکەی لەلای هاوڕێکەی، واتە مێردی ژنەکە باس کردو بەمەشەوە

جیهان

ئەودستاو مەسەلەکەی بردە بەردەم دادگا بەو تۆمەتەی گوایە خیانەتی کردوە..

لەکاتی رۆشتنە دادگادا بوو کاتێك قەشەیەك هاتە ناو مەسەلەکەودو پێکەوە لەگەڵ *ئەلهرو* مێردی ژنەدا رێکەوتن لەسەر ئەوەی کە مەسەلەکە نەبرێتە بەردەم دادگاو لەبەرئەوەی کە تاوانەکە بەچاو ئەنجامدراوە کابرای قەشە فەرمانی دەرکرد تاوانبار بۆ سێ مانگ چاوی راستی کە وردتر لەچاوی چەپ دەبینێت، بنوقێنێت بەبێ ئەوەی شت بخاتە سەری یان بیبەستێت.. کابرای داماو بەناچاری چووە ژێر باری سزاکەو بۆ سێ مانگ چاوی راستی نوقاندو مێردی ژنەکەش بەوردی چاودێری جێبەجێبونی سزاکەی دەکرد.

بلیمەتەکانی خوار سی ساڵ

!.. گەنجێک کە تەمەنی (٢٢) ساڵ بوو، کاتێك لەزانکۆوە پاش بەدەستهێنانی پلەیەکی زانستی بۆ ماڵەوە دەگەڕایەوە بیردۆزەیەکی گرنگی دۆزییەوە، گەنجەکە ناوی *ئیسحاق نیوتن* بوو.

!.. *شکسپیر* لەتەمەنی (٢٧) ساڵیدا ناوبانگی دەرکردو کاتێك گەیشتە تەمەنی (٣٠) ساڵ شانۆنوسێکی زۆر بەناوبانگی لێدەرچوو.

سەیرو سەمەرەکانی...........

!.. *سەلاحەدینی ئەیوبی* گەنجێکی تازە پێگەیشتبوو کاتێك **(العاصد)** دوایین خەلیفەی فاتمییەکان بەسەرکردە هەڵیبژارد، سەرەتا لەبەر کەمی تەمەن سوپای سوریا نەچونە ژێر فەرمانداریی‌یەوە، بەلاّم بەدانایی‌و نەرمونیانی توانی سوپاکەی سوریاش رازیبکات بەگەورەی خۆیان قبوڵی بکەن.

بێجگە لەمانە گەنجان‌و منداڵانێکی زۆر رەورەوەی مێژوییان گۆڕییەوەو بوونەتە هۆکاری چەندین روداوی گەورەو کودەتا:

!.. ئەو خوێندکارە گەنجەی کە شازادەی نەمساو دەستگیرانەکەی کوشت هۆکاری جەنگێکی گەورە بوو..

!.. ئەو گەنجەش کە لەپاریس *لویسی شانزەو ئەنتوانێت*ی بینی بەرەو فارن هەڵدەهاتن، پێش ئەوان خۆی گەیاندە فارن‌و شۆڕشگێڕانی لێ ئاگادارکردنەوەو دەستگیرییان کردن..

!.. خوێندکارێکی بچوك سوپای ئەڵمانیای لەجەنگی هەفتادا تێوەگلاند، تائێستا زۆرێك لەنوسەرو شاعیران دەربارەی ئەم خوێندکارە منداڵەیان نوسیوە.

جیهان

بلیمەتەکانی خوار چل ساڵ

!.. *ئیسحاق نیوتن* پێش گەیشتنە تەمەنی (٢٥) ساڵ هەندێک لەبیردۆزە بەبایەخەکانی دارشتبوو.

!.. *لێتسی* شاعیر لەتەمەنی (٢٥) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

!.. *مارتن لۆسەر* کاتێک بەریفۆرمخوازێکی ئایینی ناوبانگی دەرکرد، هێشتا لەتەمەنی (٢٥) ساڵیدا بووە.

!.. *گۆتە* لەتەمەنی (١٢) ساڵیدا رۆڵی دەبینی.

ئەو بلیمەتانەی تا پیری ژیان

!.. *هۆمیرۆش* لەپیریدا هۆمیرۆسی نوسی.

!.. *ئەبو عەلای مەعری* لەکەنفتەییدا لزوماتی نوسی.

!.. *دانیال دیفۆ* لەتەمەنی (٦٠) ساڵیدا چیرۆکی رۆنبسۆن کرۆزی نوسی.

!.. *ئەفلاتۆن* بەماوەیەکی کەم پێش مردنی لەتەمەنی هەشتاو یەك ساڵیدا باشترین کتێبی نوسی.

!.. *جاحزو شەدیاق* لەتەمەنی (٩٠) ساڵیدا سەرقاڵی نوسینی کتێب بوون.

!.. *برنادشۆ* لەنەوەدەکانی تەمەنیدا هێشتا بەگورجو گۆڵی دەینوسی.

یەکەمەکان

!.. یەکەمین گەل دنیامیتی ناسیبێتو ئاگری دابێت چینییەکان بوون، هەر چینییەکان بوون نواندنو رۆژنامەی رۆژانەو کاغەزی دراویان لەجێگەی پارەو دیاریکەری ئاراستەیان داهێنا.

!.. یەکەم وڵات ژنی لەبواری پۆستەو گەیاندندا بەکارهێنابێت وڵاتی فەرەنسا بوو.

!.. یەکەم کەس کە بانکی دامەزراند پیاوێکی سویدی بوو بەناوی *بلمسترۆك*.

جیهان

!.. یەکەم تیمی ئاگرکوژێنەوە لە(١٠٠ پ . ز) لەرۆماو لەلایەن *لینۆس کراسۆس* کە هاوڵاتییەکی جولەکەیە دامەزرا.

!.. یەکەم پزیشکی عەرەب *ئەبو بەکری رازی*یە کە لەسەدەکانی سێیەم و چوارەمی کۆچیدا لەشاری بەغدا ژیاوەو زیاتر لە(١٠٠) کتێبی لەبواری پزیشکیدا داناوە بەناوبانگترینیان کتێبی (الحاوی)یە کە لەبیست و یەك بەرگدایە.

!.. یەکەم پزیشکی ددان لەجیهاندا *بیار فۆشاردی* فەرەنسییە لەساڵی (١٧٢٨) کتێبێکی بەناوی نەشتەرگەریی پزیشکی ددان بەچاپگەیاند کە بەکلیلی زانستی پزیشکی ددان دادەنرێت.

لێکچووەکانی ناپلیۆن و محەمەد عەلی پاشا

!.. *ناپلیۆن و محەمەد عەلی* پاشا هەردوکیان ساڵی (١٧٦٩) لەدایك بوون.

!.. *ناپلیۆن* لەشارێکی سەر کەنار دەریای سپی لەدورگەی کۆرسیکا لەدایکبووە، هەروەها پاشا *محەمەد عەلی* لەشارێکی کەنار دەریای سپی بەناوی قەواله لەئەلبانیا لەداکبووە.

سەیرو سەمەرەکانی...

!.. ژنی یەکەمی *ناپلیۆن جۆزەفین* بێوەژن بووە، بەهەمانشێوە ژنی یەکەمی *محەمەد عەلی* پاشا کە ناوی *ئامینە*یە بێوەژن بووە.

!.. *جۆزەفین* ژنی *ناپلیۆن* منداڵی نەدەبوو، هەروەها یەکێك لەژنەکانی *محەمەد عەلی* پاشا نەزۆك بووەو منداڵی نەبووە.

!.. ساڵی (١٧٨٩) *ناپلیۆن* ئینگلیزەکانی لەئەسکەندەریە دەرکرد، *محەمەد عەلی* پاشا بەهەمانشێوە ساڵی (١٨٠٧) ئەسکەندەریەی لەئینگلیزەکان ئازادکرد.

!.. *ناپلیۆن* یەکەم کەس بوو کشتوکاڵی لۆکەی بردەوە بۆ فەرەنسا، هەروەها پاشا *محەمەد عەلی* یەکەم کەس بووە تۆوی لۆکەی لەسیلانەوە هێنایە میسر.

!.. *ناپلیۆن* یەکەم کەس بوو بانکی لەفەرەنسا دامەزراند، *محەمەد عەلی* پاشاش یەکەم دامەزرێنەری بانکە لەوڵاتی میسر.

!.. هەریەك *لەناپلیۆن*و *محەمەد عەلی* وەکیەك فەرمانی ئازادکردنی کۆیلەیان دەرکرد.

بەشی دووەم

سەیرو سەمەرەکانی تەمەن

زۆرترین منداڵ

ژنی یەکەمی *فیدوفا سیلیف* روسی ٦٩ منداڵی هێناوە *فاسیلیف* جوتیارێکی روسیە خەڵکی شوبایە کە دەکەوێتە (٢٥٣) کیلۆمەتر خۆرهەڵاتی مۆسکۆ، لەبیست و حەوت سك:

!.. شازدەیان دوانە بوون (١٦ × ٢ = ٣٢ منداڵ).

!.. حەوت سکیش سیانە بوون (٧ × ٣ = ٢١ منداڵ).

!.. چوار سکیش چوارە بوون (٤ × ٤ = ١٦ منداڵ).

هەموویان لە نێوان سالآنی (١٧٢٥ – ١٧٦٥)دا لەدایکبوون، لە ئەو منداڵانە تەنیا دوانیان مردن و ٦٧ یان تا هەژدە ساڵی مانەوە.

زۆرترین منداڵبوون

دکتۆر (جینارۆ مۆنتانینو) لە رۆماوە رایگەیاند: لەسکی ژنێکی تەمەن سی و پێنج ساڵەدا بەیەکجار (١٥) منداڵی دەرهێناوە. لەو منداڵانە (١٠) یان کچ و (٥)کەی تریان کوڕ بوون، بەبڕوای دکتۆر مۆنتانینۆ هۆکاری ئەم حاڵەتە بۆ خواردنی دەرمانی جۆراوجۆر دەگەڕێتەوە لەلایەن دایکیانەوە.

گەورەترین دوانە (جمك)

!.. ئەو (١٠) جمکە بوون کە پێکەوە (دوو کوڕو هەشت کچ) لە(٢٢ نیسانی ١٩٢٤) لەوڵاتی بەرازیل هاتنە دنیاوە.

!.. گەورەترین جمکیش کە لەلایەن پزیشکانەوە ڕاگەیەنرا بێت ئەو نۆ منداڵە بوون (پێنج نێرو چوار مێ) کە لەنەخۆشخانەی سیدنی ئوستورالیا خاتوو (*جیرالین*) هێنانی.

قورسترین دوانە

!.. قورسترین پێنج جمك کە کێشی هەموویان (١١,٣٣٧) کیلۆ گرام بوو لەوڵاتی چین و لەبەرواری (٧ حوزەیرانی ١٩٥٣) خاتوو *لۆی سولین* هێنانی.

!.. قورسترین چوار جمك بیرکرست هێنانی لە نەخۆشخانەی مۆناکۆ، کە کێشیان (٤,٢٥٤) کیلۆ گرام بوو.

!.. قورسترین سێ جمك کە بەهەموویانەوە کێشیان گەیشتە (١١,٨٦١) کیلۆ گرام ، ئەم سێ جمکە منداڵی ژنێکی ئێرانی بوو.

!.. قورسترین دوو جمك كێشیان دەگەیشتە (١٦,١٦٨) كیلۆ گرام قورسایی یەكێكیان (٨,٠٠٥) كیلۆگرام و ئەویتریان (٨,١٦٣) كیلۆگرام بوو.

قورسترین جمك

قورسترین دوانەی جیهان لەویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمەریكادان بەناوەكانی *بیللی*و *بینی مەكاری* كە كێشی هەریەكەیان دەگاتە (٧٠٠) رەتڵ.

درێژترین جمك

درێژترین دوانە لەجیهاندا هەردوو برا (*دا بوسچی*و *دوج بۆدیش*) بوون كە لەویلایەتی ئەریزۆنای باكوری ئەمەریكا لەدایكبوون درێژی هەردووكیان ١٩٧سەنتیمەتر بوو.

قورسترین منداڵ

!.. خاتوو *ئەناباتیس* لەبەرواری (٢٢ مارتی ١٨٩٧)دا منداڵێكی بوو، قورسی منداڵەكە گەیشتە (١٠,٧٧٠) كیلۆ گرام.

!.. هەروەها لەئاياری ساڵی (١٩٣٩)دا منداڵێکی کەمئەندام هاتەدنیاوە کە کێشەکەی (١٢,٣٧٧) کیلۆ گرام بوو، منداڵە کەمئەندامەکە تەنیا دوو سەعات لەژیاندا بوو.

منداڵێکی بێ چاو

ئەم رووداوە لە شاری سابلوتسۆی فەرەنسا روویدا منداڵێکی بێ چاو لەدایکبوو، ئەم منداڵە شەش براو خوشکی تری هەبوو هەموویان چاویان تەواو بوو.

ژن و پیاوێك لەلاشەیەکدا

لەیەکێك لە لادێکانی وڵاتی یەمەن منداڵێك لەدایکبوو. نیوەی خوارەوەی لەشی ئەم منداڵە کچ بوو، نیوەکەی سەرەوەشی بریتیبوو لەدوو لاشەی پێکەوە نوساو کە دوو سەرو دوو دەمو چاوو چوار دەستیان هەبوو، ئەم منداڵە گەورە بوو گەیشتە تەمەنی لاوی، هەردووکیان خواردنو خواردنەوەیان جودا بوو، بەڵام لەبەشی خوارەوە لەیەك دەرچەوە پاشەڕۆیان فرێدەدا.

منداڵێکی ترسناك

لەنەخۆشخانەی ریترۆی شاری نیگاراکوای فەنزەویلا منداڵێکیان لەسکی ئافرەتێك دەرکرد کە تەنیا یەك چاوی هەبوو، ئەویش لەناوەراستی نێوچەوانیدا بوو.. ئەم منداڵە لوتی نەبوو، چاوی چوار گۆشە بوو، تەنیا یەك کاتژمێر ماتەوە، دواتر گیانی لەدەستداوە، سەیرەکە لەوەدایە دایکی ئەو منداڵەکە بەناوی *ترانا* کە ژنەجوتیارێك بووە، لەگەڵ شەش منداڵەکەی تریدا ژیانێکی زۆر ئاسایی بەسەر دەبردو، تەنیا ئەو یەك کاتژمێر نەخۆشخانەی بینیوە کە ئەو منداڵە سەیرەی لەدایکبووە..

لاشەی منداڵەکە لەو نەخۆشخانەی ناوبراودا بەپارێزراوی مایەوە تا ئەو کاتەی پزیشکەکانی توێکاری لێکۆڵینەوەی پێویستیان لەسەر کرد، چونکە ئەو روداوە رەنگە لەدونیادا تەنیا یەکجار روو‌بدات.

منداڵی پیر

لەشاری دیزلاندی کالیفۆرنیا دوو منداڵ لەدایکبوون تووشی نەخۆشی (پیری سویر) هاتبوون، ئەم نەخۆشیە، واتە نەخۆشی پیری سویر لەهەر هەشت ملیۆن کەس توشی یەك کەس دەبێت و بریتییە لەدەرکەوتنی نیشانەکانی پیری لەدەمو‌چاوی ئەو منداڵەدا، ئەو

منداڵـەی کـە توشـی ئـەم نەخۆشـییە دەبێـت لەتەمـەنی دە سـاڵیدا لـە پیاوێکی شەست ساڵی دەچێت.

منداڵ لەئەستێرەیەکی ترەوە

چـەند جوتیارێـك کـە لەکێڵگەکـەی خۆیانـدا بـۆ پشودان و حەوانـەوە دانیـشتبوون لــەناکاو دوو منــداڵ لەبەردەمیانــدا قوتبوونــەوە کــە لەئەشـکەوتێکی نزیـك کێڵگەکەیانـەوە هـاتبوون.ئـەو منداڵـە کـە واقیـان لەدیتنی جوتیارەکان رومابوو هەر دەگریان، منداڵەکان زۆر سەیر بوون: رەنگی رومەتیان سەوزی تێر بوو.

لەراسـتیدا شـتی وا نامۆیـەو هـیچ تەفسیرێکی نییـە، بـەڵام پیـاوانی لێکۆڵەری رۆحی ئەم دیاردە بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە گوایـە جیهـانێکی تـر هەیـە بـەناوی جیهـانی چـوارەم.. هەنـدێك لـەو لێکۆڵـەرە رۆحییانـە وتویانـە ئـەو دوو منداڵـە بەهەڵـە کەوتونەتـە خـوارەوە بۆ ئـەم جیهانـەی خۆمان و کەوتنـە خوارەوەکـەیان بەرێگەیـەك بـووە کـە تائێـستا نـەزانراوە چۆنە!

هەنـدێکیتر پێیانوایــە: ئــەو دوو منداڵــە لەبۆشـاییەکی گەردونــەوە کەوتونەتـە سـەر گۆی زەوی، ئـەم لێکۆڵـەرانـە نمویـەك بـۆ رونکردنـەوەی باسـەکەیان دەهێننــەوە" وەك چـۆن کەسـێك بەسـەر بەسـتەڵەکی سـەر دەریادا دەچێت و لەپڕ لـە کونێکـەوە دەکەوێتـە خوارەوەو ناتوانێـت ئـەو

كونە بدۆزێتەوەو لێی بێتە دەرەوەو بگەڕێتەوە. ئەمانیش بەهەمانشێوە كەوتونەت سەر زەوی.

كاتێك جوتیارەكان چەندین جۆر خواردنیان لەبەر دەستی ئەو دوو منداڵەدا دانا، كەچی لێیان نەخواردو تەنیا نانی وشك و ئەو میوەیان دەخوارد كە لەبەردەستیاندا بوو.

راپۆرتێك كە لەم بارەوە ئەنجامدراوە ئاماژە بەوەدەكات كە رۆژێك جوتیارەكان لەكێڵگەكانیان دەگەرانەوە بۆ ماڵەوە هەندێك فاسۆلیایان بەلقەكانیەوە هێنابووە، كاتێك منداڵەكان چاویان بەفاسۆلیاكە كەوت پەلاماریان داو بەتام و چێژێكی تایبەتەوە دەیانخوارد، یەكێك لەمنداڵەكان لەئاكامی زۆر خواردنەوە دوای ماوەیەكی كەم گیانی لەدەستدا.

منداڵەكەی تریان گەشەیكردو بووە خزمەتكار لەماڵی *دی كانۆ* كەیەكێك بوو لەجوتیارەكانی گوندەكە بوو، پاش ئەو ماوەیە رەنگە سەوزە تێرەكەی گۆرا بۆ سەوزی كاڵ، دوای مانگێك وردە وردە فێری هەندێك وشە بوو، تاوای لێهات دەیتوانی باس لەو جیهانە بكات كە لێوەی هاتووە، بەڵام قسەكانی لەم بارەوە كارەكەی ئاڵۆزتر كرد، وتی لەوڵاتێكەوە هاتووە كە هەرگیز خۆری لێ هەڵنایەت، سەبارەت بەچۆنێتی هاتنە سەر زەویش وتی: دەنگەدەنگ و هەراو هوریایەكی زۆر بەهێز بوو وای لێكردین بكەوینە ئەم جیهانەوەو ئەوەبوو خۆمانمان لەو كێڵگەیەدا دیتەوە.

جیهان

منداڵی دووەم پێنج ساڵ لە ماڵی *دی کانۆ* مایەوەو ئینجا گیانی لەدەستداو لە تەنیشت براکەیدا نێژرا.

هێشتا لەگەڵ ئەوەشدا بەسەرهاتی ئەو دوو منداڵە سەوزە بەئاڵۆزی و بێ چارەسەر مایەوە.

نامۆترین لەدایکبون

لەشاری لازقیەی سوریا ژنێکی سەرو تەمەن چل ساڵ منداڵێکی سەیری بوو، منداڵەکەی لەسەگی ناوی دەچوو، تەندروستی زۆر باش بوو، ئەو ژنە پێش ئەم منداڵە حەوت منداڵی تری بەشێوەیەکی ئاسایی بوو، پسپۆڕان رودانی ئەو حاڵەتە دەگەڕێنەوە بۆ دەرمان خواردنی جۆراو جۆر.

بەشی سێیەم

نامۆکان و کورتە باسی ژنانە

تەمەنی حەوت ساڵەو دوو مەترو نیو درێژە

ماریا فیلدا درێژترین ژنە کە لەمێژوودا باس کرابێت، *ماریا فیدا* درێژییەکەی گەیشتوەتە (٢٥٥) سەنتیمەتر، ئەمە ئەوکاتانە کە لەتەمەنی حەوت ساڵیدا لەبەرلین کۆچی دوایی کرد.

درێژییەکەی . . .دوو بستە

کورتترین ئافرەت ژنێکی تەمەن چلو پێنج ساڵە بەناوی *زوبەیدە*، بالأی *زوبەیدەی* تەمەن چلو پێنج ساڵو بەرەگەز لوبنانی تەنیا دوو بستە.

دایکی (٢٨) کوڕ

ماسیۆس بەربەری ژنە جوتیاری یوگوسلاڤ تەمەن بیستو هەشت ساڵ لەسەریەك بیستو یەك کوڕی هێنایە دنیاوە، کوڕەکانی *ماسیۆس* تائێستا لەژیاندا ماون.

زەواجی ژمارە (٢١)

جیهان ....

هیرد نجس لەرۆما شووی بەپیاوێك كرد كە پێش ئەم بیست ژنی تری هێنابوو، ئەم بووە ژنی بیست و یەكەمی، جێی ئاماژەیە *هیرد نجس*یش بیستو یەكەمین جار بوو شوو بكات.

بەدوو زمانەوە، لاڵە!

بێگومان بەدبەخترین كەسی جیهان ئافرەتێكە بەناوی *فرانكفورت فرولین*ەوە، *فرۆلین* سەرەڕای ئەوەی لەناو دەمیدا دوو زمان هەیە، لەبەرئەوەی كە لاڵە ناتوانێت تەنیا پیتێك چییە بەزوبانی بدركێنێت....

بۆ ئەوەی نهێنییەكە ئاشكرا نەكات

لیۆنی ئەتیمنس ئەو ژنە بوو كە زمانی خۆی قرتاند لەپێناو ئەوەی نهێنییەكانی پیلانی نێوان *هێومۆدلیس*و *ئەرستوجینوس* نەدركێنێت. بۆ ڕێزلێنان لەو فیداكارییەی *لیۆنی* لەیەكێك لەشەقامەكانی ئەسینادا پەیكەرێكیان بۆ دروستكردووە.

زیندوبونەوە

ڕۆژی (١٥ ی كانونی یەكەمی ١٩٨٧) پزیشكەكانی نەخۆشخانەی چنگ دی لەوڵاتی چین توانیان گیانی ژنە جوتیارێكی تەمەن بیستو چوار ساڵ

لەمردن رزگار بکەن دوای ئەوەی بۆ ماوەی هەشتاو شەش دەقیقە دڵی لەلێدان کەوتبوو.

٢٩

ساڵ سەری مێردەکەی پاراست

ئێلزابیس داڵی سەری مێردەکەی بەمۆمیاکراوی بۆ ماوەی بیستو نۆ ساڵ پاراست، واتە دوای مردنی خۆیشی.

مێشکێکی بەهێز

لۆسیل نۆلان کارمەندی فەرمانگەی تەلەفۆنات لەویلایەتی سان فرانیسکۆ توانی دوو هەزار ژمارەی تەلەفۆنی بەشداربوان لەبەربکات.

خۆشەویستیو زەواج لەخەودا

جون هیلۆری کە جوتیارێکی دانیشتوی ناوچەی سوهامی بەریتانیایە، کەوتە داوی خۆشەویستیەوە، چۆن؟.. *جۆن هیلۆری* لەخەودا کچێکی بینیو هەر لەخەوەکەیدا عاشقی بوو، دوای دە مانگ لەگەڕان بەشوێنی ئەو کچەدا ناکام دۆزییەوەو زەواجی لەگەڵ کرد.. *جۆن*و هاوسەرەکەی بۆ ماوەی چل ساڵ پێکەوە ژیان تا لەساڵی (١٩٤٦) کۆچی دوایی کرد.

بێ مێرد نەبوو

ئافرەتێك كە خەڵكی شاری هامبورگی ئەڵمانیا هاوكات لەگەڵ ئەوەی هەواڵی مردنی مێردی دووەمیان پێراگەیاند، مێردی یەكەمی گەڕایەوە دوای ئەوەی لەساڵی (١٩١٧)وە بێسەرو شوێن بوبوو، مێردی یەكەمی (٣٠) ساڵی لەسیبریا بەسەربرد بوو، پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ لای خێزانەكەی.

مەمكەكانی لە پشتەوە بوون

ماحجو لینا سترو مرزوك كە خەڵكی توپولسكی روسیایە، مەمكەكانی لە پشتەوە بوون هەرسێ منداڵەكەی بەو جۆرە شیر دەدا، ئەم حاڵەتە سەرسوڕهێنەرە دكتۆر *لینا ترویكر* بۆمانی دەگێڕێتەوە كاتێك ساڵی (١٩١٠) خۆی پزیشكی ئەو ئافرەتە بووە.

سەلماندنی خۆشەویستی

*ڤان كوخ*ی وێنەكێشی بەناوبانگی ڤیلەندی لەسەر داوای خۆشەویستەكەی گوێی خۆی بڕیو بەدیاری پێشكەشیكرد بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ كە بەڕاستی خۆشی دەوێت.

ژنێكی بێ گوێچكە.. زۆرتری دەبیست

سەیرو سەمەرەکانی...

خاتوو *ئیزابێل ئورای* لەدایکبووی ساڵی (١٨٤٥) لەدایکبونەوە گوێچکەی نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ئافرەتە توانایەکی مەزنی هەبووە لە بیستندا کە لەرێگەی کردنەوەی دەمیەوە قسەکانی دەبیست.

خاتوو *ئیزابێل ئورا* لەئاکامدا لەگەڵ پیاوێکدا زەواجی کرد بەناوی *ئورا*، واتە گوێچکە.

٨٩

ساڵ دوای دەستگیرانەکەی

مانیلدا جونی ئینگلتەرایی ساڵی ١٧٩٥ کۆچی دِوای کرد، دەستگیرانەکەش دوای ٨٩ ساڵ بەدڵ شکاوی کۆچی دوایی کرد.

نوسینی چوار وشە پێکەوە

خاتوو *ڤیالیا* کە ژنێکی خەڵکی بەرلینە بەهرەیەکی زۆر سەیری تیا دروست بووە؛ *ڤیالیا* دەتوانێت لەیەککاتدا چوار وشە بنوسێت.

تۆپێك لەسەریدا

سەرەڕای خواردنی ئەو هەموو ئیسپرینە کچێکی ئیتالیی تەمەن حەڤدە ساڵ هێشتا ئەو هیچی لەو سەر ئێشە قورسە کەم نەکردوە کە ماوەیەك بوو پێوەی دەناڵاند، تا ئەو کاتەی سەردانی پزیشکی کرْدو دوای دوای چەندین پشکنینی جۆراوجۆر دەرکەوت تۆپێکی بچوك لەناو سەریدایە.

٦٥٢ گەنج و ٥٠ پیاو

ئادریان جیوەی بەلجیکی لە تەمەنیدا شووی بە (٥٠) پیاو کردووەو خۆی لە (٦٥٢) کوڕی گەنجیش مارە بڕیوە.

لە حەوت ساڵدا ١٤ کوڕی دەبێت

خاتوو *خوزێفین* کە خەڵکی ویلایەتی شیکاغۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە تەنیا لە ماوەی حەوت ساڵدا چواردە کوڕی بووە.

ژنێکی ریشدار

ئادریان کە ژنێکی خەڵکی پاریس بوو ریشی هەبوو هەروەکو ریشی پیاو.

منداڵ بوونێکی سەیر

خانمێکی عێراقی تەمەن (٢٠) ساڵ کە خەڵکی شاری نەجەفی پیرۆزە ساڵی ١٩٦٥ منداڵێکی چوار قاچی بوو، منداڵەکە سەری لەسەری ئەسپ دەچوو، کێشی تەنیا (٥٠٠) گرام بوو.

هەمو شتێك بەقاچ

جليان توماسی بـەريتانی تەمـەن (١٨) سـاڵ تـوانی بەلێهاتووييـەكی بێئەندازەوە بەقاچەكانی ئۆتۆمبيل لێبخورێت، پۆليسی هاتوچۆش هيچيان پێنەكرا جگە لەوەی مۆڵەتی شۆفێری بدەنێ.

حەوت رۆژ سەماكردن

ژنێـك لەهيندييـە سـورەكانی ئەمـەريكا سـاڵی (١٩٢٥) بـۆ مـاوەی (١٧٢) كاتـژمێر بێوەسـتان سـەمای كـرد. مـاوەی سـەماكردنی ئـەو ئافرەتـەی سـەر بەرِەگـەزی هنديیـە سـورەكانی ئەمـەريكا يەكـسانە بەحـەوت رۆژو شـانزە كاتژمێرو شەش دەقيقە.

بەردێكی (٩) كيلۆگرامی

لەهەندێك لەبيابانەكانی ئەفەريقای گەورەدا دانيشتوانەكەی لەو برِوادان: ئـەو ژنانـەی منـداڵيان نابێـت ئەگـەر بـەردێكی نـۆ كيلـۆ گـەرامی هـەڵبگرن دەستبەجێ منداڵيان دەبێت.

بكوژی حەوت پياو

پولێكی پۆستە لەپرتوگال وێنەی ژنێكی پێوەيە، گوايە ئەو ژنە لـەكۆتايی تەمەنيـدا بـەهۆی مەقاشـی فرِنـی ماڵەكەيانـەوە حـەوت پيـاوی لەئيسپانييەكانی دوژمنی پورتوگال كوشتوە.

درێژترین ماوەی سکپڕیی

❗.. زانراوە کە ماوەی ئاسایی‌و تەواوی سکپڕی لە ئافرەتاندا (٢٧٣) ڕۆژە، بەڵام ژنێکی بەریتانی تەمەن (٢٥) ساڵ ئەم سنورەی بەزاندو منداڵەکەی بۆ ماوەی (٣٨٩) ڕۆژ لەسکیدا مایەوە، واتە یەك ساڵو بیستو چوار ڕۆژ.. ئەم ژنە لەرۆژی (٣ کانونی یەکەمی ١٩٥٤) منداڵێکی بەکێشی (٢,٦٠٠) کیلۆ گرامی بەمردویی بوو.

❗.. بەڵام درێژترین ماوەی سکپڕی کە منداڵەکە بەزیندویی مایەوە خاتوو *کریستین هۆجبتۆن*ی بەریتانی تەمەن (٢٨) ساڵ بوو کە ماوەی (٣٨١)ڕۆژ منداڵەکە لەسکیدا مایەوە، واتە ساڵێکو حەڤدە ڕۆژ. جێی ئاماژەیە منداڵەکەی *هۆجبتۆن*ی کێشی (٣,٤٠٠) کیلۆ گرام بوو.

بچوکترین دایك

منداڵبون لەدوای تەمەنی دوانزە ساڵییەوە شتێکی ئاساییە، بەڵام خاتوو *لیزا مولنیا* کە خەڵکی پیرۆیە، لەتەمەنی سێ ساڵو نیویدا کەوتە سوڕی خوێنی مانگانەوەو لەتەمەنی پێنج ساڵو هەشت مانگیدا لەباوکێکی نەناسراو لە(١٤ ی حوزەیرانی ١٩٣٩) منداڵێکی هێنایە دنیاوە، دوای ئەوەی لەرێگەی نەشتەرگەرییەوە لەسکییان دەرهێنا.

درێژترین بێداری

بیرتفان درێر مارفی تەمەن پەنجاو دوو ساڵ لەئەفریقای باشور توانی لەهەوڵێکی ناوازەدا درێژترین ماوەی بێداریی (بەخەبەربوون) بۆ خۆی تۆماربکات.. مارفی ماوەی (٢٨٢) کاتژمێرو (٥٥) دەقیقە نەخەوت، واتە یانزە رۆژو نۆزدە کاتژمێر.

کچێکی دووسەر

کچێکی دووسەر پێش ئەوەی ساڵی (١٧٣٣) لەتەمەنی دوانزە ساڵیدا بمرێت زانایانی ئەکادیمیای زانستی لەپاریس بەتەواوی سەرسام کردبوو.

زانایانی ئەکادیمیای ناوبراو ئەوەیان بۆ ئاشکرا بوو ئەو کچە دوو سەرەو، سەرە زیادەکەی هەست دەگوێزێتەوە بۆ سەرە راستەقینەکەی.. ئەمەش ئەو کاتانە ئاشکرابوو کە یەکێك لەزانایانی ئەکادیمیاکە زللەیەکی لەدەموچاوە زیادەکەی کچەکە دا، دەستبەجێ دەموچاوە راستەقینەکەی دەستی بەفرمێسك رشتن کرد.

دوو چاوی رەنگاو رەنگ

ئافرەتێکی بەرەگەز لوبنانی لەشاری مشگانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا منداڵێکی کچی بوو، کچەکە دوو چاوی هەبوو یەکێکیان رەش و ئەوی تریان هەنگوینی.

درێژترین نامە

درێژترین نامە لەجیهاندا خاتوو *تیری فینشی* ئیسپانی نووسی، نامەکەی خاتوو *فینش* لە(١١ ی حوزەیرانی ١٩٦٩) لەسەر تۆمارێکی کاغەز بەدرێژی یانزە مەترو بیست سەنتیمەتر نوسراوەو نامەکەشی ئاراستەی دەسگیرانەکەی کردوە.

باج خستنەسەر جوانی

لەرۆما یەکێك لەئەندامانی پارلەمانی وڵاتەکە پێشنیاریکرد باج بخرێتە سەر ئەو ئافرەتە جوانانەی کە لەرێگەی ئەو جوانییە سروشتیەی هەیانە دەتوانن سەرمایەیەکی زۆر کۆبکەنەوە.

کێشی ١٦٠ کیلۆگرامە

منداڵێکی خەڵکی ڤێننا ساڵی (١٨٩٤) کە هێشتا تەمەنی پێنج ساڵو شەش مانگ بوو کێشی گەیشتە ١٦٠ کیلۆ گرامو بەو هۆیەوە نەیتوانی چیتر رێی بکات.

هەڵکەندنی لوت

ژن و پیاوێکی هیندی لەسەر نیو روپیە لێیان بووە شەڕو، پیاوەکە لەکاتی شەڕدا لوتی ژنەکەی هەڵکەند، بۆیە لەکاتی دادگایکردندا ژنەکە داوایکرد لەبەرامبەر تاوانەکەیدا لوتی مێردەکەی هەڵکەنرێت.

زیندو دەبێتەوە

ئان ماری ئەو منداڵە بو کە لەگەرمای دە پلەی ژێر سفردا بۆ ماوەی ٢٠ کاتژمێر خرایە ناو سندوقێکەوە، بەڵام خۆشبەختانە پەرستارێکی نەخۆشخانەکە گوێی لەدەنگی گریانبوو لەناو سندوقەکەوەو دەستبەجێ مەسەلەکەی بەپزیشکانی نەخۆشخانەکە راگەیاند، ئەوانیش سندوقەکەیان کردەوەو گواستیانەوە بۆ بەشی بوژانەوە، بەوەش لەمردن رزگاریبوو.

منداڵی کلکدار

مارگریت کە ژنێکی تەمەن (٤٥)ساڵی خەڵکی رۆمایە منداڵێکی کلکداری هێنایە دنیاوەو، لەگەڵ ئەوەشدا منداڵەکە هیچ نیشانەیەکی نەخۆشی پێوە دیار نەبوو، ئەمەش بەدیاردەیەکی نامۆی جیهان دەژمێردرێت.

لەشی کارەبایە

لەمارسی (١٩٨٩)دا لەئەمەریکا ژنێکی تەمەن مام ناوەندی کە ژیانێکی سادەی لەگەڵ هاوسەرو منداڵەکانیدا بەسەردەبرد، لاشەی ئەم ژنە زۆر سەر سوڕهێنەر بووە ئەویش بەوەی لەشی دەبووە کارەبا بەتوانای (٢٠٠٠) ڤۆڵت، کە لەمانگێکدا چەند جارێك گیانی دەبووە کارەبا، پێش ئەوەی حاڵەتەکە لێی روبدا توشی لەرزێکی توند دەبوو، لەو کاتەشدا دەستی بەهەر شتێکی

جیهان

کارەباییـــەوە بدایـــە تێکـــوپێکی دەدا، لەماڵیانـــدا زیـــاتر لەبیـــست ئـــامێری تەلەفزیۆن‌و سەلاجە بەهۆی ئـەو کارەبـاوە سـوتا بـوون.. ئـەم ژنـە ناوبـانگی دەرکردو هەرچی گۆڤاری زانستی هەبوو لەسەری نوسی.

ئەم خانمەوە سـەردانی کۆمپانیایـەکی ژاپـۆنی کـرد لەسـەر داوای خـاوەنی کۆمپانیاکە بەمەبەستی بەئاگابون لەهێزە بێئەندازەکەی‌و لەتاقیکردنـەوەدا بەدەسـت لێـدان لـە(٩٠٪) ئـەو ئـامێرە کارەباییانـەی تێکشکاند کـە لەلاشـەی بەسترابون.

ئەو خانمە ئەمریکیە دەڵێت:

نهێنی ئەو هێزە کارەباییە نازانم کە لەناو لەشمدایە، کـە پـێش دەرچـونی بەلەرزێکی بەهێز لەلەشمدا دەستپێدەکات.. من هاوسەرو منداڵەکانم خـۆش دەوێـت‌و ئـەوانیش منیـان خـۆش دەوێـت، هـەر کاتێـك لـەو حاڵەتـە نزیـك ببمەوە پێیان دەڵێم لەماڵ بچنە‌دەرەوە نەوەك زیانێکیان پێ بگات.

جوانترین ژن

شابانو ***تەفرتیتی*** تاکو ئێستاش بـەجوانترین ئـافرەتی جیهان دادەنرێـت، ***تـەفرتیتی*** دوای ئـەوە بـووە شـابانوی میـسر ناوبـانگی بەهـەموو جیهانـدا بڵاوبـووە.. جوانییـە ئەفسوناویەکەی دوای (٣٣٠٠) لـەمردنی تائێـستاش لـە پەیکـەرە نیوەییەکەیـدا کـە لەمۆزەخانـەی میـسر دانـراوە بەئاشـکرایی دەدرەوشێتەوە.

تفریتیت لە (١٣٥٧ تا ١٣٧٢) پێش زایین ژنی شا *ئەختاتونی* پادشای میسر بووەو، ماوەیەکی کورت دوای مردنی هاوسەرکەی ئەمیش کۆچی دوایی کرد.

کورتترین ژن

شازادە *سۆزانا* بەکوتترین ژن دادەنرێت لەجیهاندا، لەبەرئەوەی درێژییەکەی تەنیا (٧٥) سەنتیمەترە.

کورتترین کچ

..خاتو *بۆلای* یۆنانی بەکورتترین کچی جیهان دادەنرێت، خاتوو *بۆلا* کاتێك گەیشتە تەمەنی (٩) ساڵی درێژییەکەی تەنیا (٤٩,٢) سەنتیمەترو، کێشەکەی (١٠,٢٥٠) کیلۆ گەرام بووە.

..شازادە (بولین) بە کورتترین کچی جیهان دادەنرێت، کاتێك گەیشتە تەمەنی ١٩ ساڵی درێژییەکەی تەنیا ٥٨ سم بوو کێشیشی ٢٠ کیلۆو ٥٠٠گرام بوو.

گەورەترین ژن

خاتوو *برس بێرل* بەقورسترین‌و قەبەترین ژنی جیهان دادەنرێت بەوەی لەتەمەنی بیست‌و یەك ساڵیدا کێشی گەیشتە (٢٥٦) کیلۆ گرام، خاتوو *برس بێرل* سەرەڕای خوێن گەرمی‌و قسەخۆشی‌و حەزکردنی لەگاڵتەو

گەپ، هێشتا هاوسەری نەگرتووەو، بەڕای خۆی هێشتا پیاوێکی گونجاوی دەست نەکەوتووە تا شووی پێ بکات.

ژنێکی شیردەر

ساڵی (١٩٢٥) ژنێکی خەڵکی ویلایەتی لوس ئەنجلوسی ئەمەریکا لەشیرداندا ریکۆردی جیهانی شکاندو تەنیا لەماوەی یانزە مانگدا بڕی (١٣٨٢) لیتر شیری خۆی بەرامبەر بە(٦,٩) جونەیهی ئیستەرلینی فرۆشت.

ژنی بە پیاو بوو

دابونەریتی خێزانە ئەلبانیە شاخ نشینەکان وایە ئەگەر پیاوێکیان لەخێزانێکی تر کوشت، ئەوە گەورەترین کچیان شووکردن لەخۆی حەرام دەکات و جلوبەرگی پیاوانە لەبەرو هەڵسوکەوتی پیاوانە دەکات.. ئەم کچە دەبێتە سەرۆکی خێزانەکەی بێجگە لەتۆڵەکردنەوە هیچ ئەرکێکی تری لەئەستۆدا نابێت.

سەیرو سەمەرەکانی...

بەشی چوارەم

سەیرو سەمەرەکانی ئاژەڵان

گەورەترین ئاژەڵ

!.. گەورەترین‌و قورسترین ئاژەڵ *نەهەنگی شین*ە کە ساڵی (۱۹۲۰) مێینەیەکی لەمجۆرەیان لەجۆرجیای باشور دیتەوە درێژییەکەی (۳۳,٦۰) مەتر بوو.

!.. هەروەها ساڵی (۱۹۳۱) مێینەیەکی تریان لەوڵاتی ئەرجەنتین دۆزییەوە درێژییەکەی (۲۹,۲٦) مەتر بوو، ئەمە لەکاتێکدایە قورسی مێینەکی *نەهەنگی شین*ی ئاوس دەگاتە (۲۰۰) تەن، واتە بەقورسی (۳۵) فیلی ئەفەریقی.

درێژترین ئاژەڵ

ساڵی (۱۸٦٤) درێژترین ئاژەڵ *کرمی قەیتانی دەریا* کە لەگۆماوە کەنارییەکان دۆزرایەوەو درێژییەکەی (٥٤,٨٦٤) مەتر بووە.

گرانترین ئاژەڵ

گرانترین ئاژەڵ *ئەسپی رەسەن*ە لەتشرینی دووەمی (۱۹۷۸۹) ئەسپی *ئەفیرمید* بە(١٤,٤) ملیۆن دۆلار فرۆشرا، دواتریش *ئەلباند* لە باخچەی ئاژەڵانی ساندیانم بە (۲٥۰,۰۰۰) دۆلار کڕیەوە بۆ باخچەکە.

بەتەمەنترین ئاژەڵ

کیسەڵ بەتەمەنترین گیانلەبەر دادەنرێت، کە تەمەنی ئاسایی هەریەکەیان دەگاتە (١٥٢) ساڵ .

بچوکترین هێلکە

هێلکەی *نەهەنگی شین*ە کە بەچاو نابینرێتو کێشی (٠,٠٠١٤١)ە لەگرامێکدا، هێلکەی ئەمجۆرە لەنەهەنگ بەخێرایی گەشە دەکات تا لە(٢٢) مانگدا کێشەکەی دەگاتە بیستو نۆ تەن، ئەویش یەکەم مانگی تەمەنیەتی.

هێواشترین گەشەی ئاژەڵ

بەتلینوس ئەو ماسیە لەپکەدارەیە کە لەزەریای ئەتڵەسی باکوردا دەژیو لانیکەم ماوەی (١٠٠) ساڵی دەوێت تا هەشت سەنتیمەتر درێژ ببێت.

درێژترین هێلکە

هێلکەی نەهەنگی قرشە کە لەکەنداوی مەکسیك دۆزرایەوە درێژییەکەی سیو هەشت سەنتیمەتر بوو.

گەورەترین ئاژەڵی شیردەر

!.. گەورەترین ئاژەڵ لەناو ئاژەڵە شیردەرەکاندا *فیلی ئەفریقی*یە کە لەدارستانەکاندا دەژیو درێژییەکەی (٢,٢٠) سەنتیمەترەو کێشەکەی (٥٨٩٨) کیلۆگرامە.

!.. گەورەترین نێرە فیل ئەو فیلە بوو کە لە دووری ٤,٢٢٥ کیلۆمەترەوە تەقەیان لێکرد لە موکوسوی ئەنقولای باشور.

گەورەترین مەمکدار

گەورەترین‌و قورسترین ئاژەڵی مەمکدار ئەو *نەهەنگە شینە* بوو کە ساڵی (١٩٤٧) لەگەشتی نەهەنگی روسی سلاڤادا لەئاوەکانی دەریای جەمسەری باشوردا راوکرا، درێژییەکەی ئەم نەهەنگە گەیشتە (٢٧,٦٦)و تەنیا دڵەکەی (٦٩٨) کیلۆ گرام بووە.

بچوکترین مەمکدار

!.. بچوکترین ئاژەڵی مەمکدار ئەو دۆلفینانە بوون کە لەزەریای ئەتڵەسی باشوردا دەژین‌و درێژییان (١٢٢) سەنتیمەترەو (٤٠,١٨٢) کیلۆگرام کێشەکەیەتی.

جیهان

!.. دوای ئـەویش *ڕێـوی ئـاوە* کـە کێـشەکەی لـەنێوان (٢٤ تـا ٣٧) کیلـۆ گرامدایە.

خێراترین گیاندار

شێری ڕاوکەر کـە لەئەفـەریقاو ئێـرانو ئەفغانـستاندا هەیـە بـەخێراترین ئاژەڵ دادەنرێت لەجیهاندا، خێرایی *شێری ڕاوکەر* لە زەوی هامارِیـدا دەگاتـە (١٠٠) کیلۆمەتر لەیەك کاتژمێردا.

گەورەترین و بەهێزترین ئەسپ

بەهێزترینو گەورەترین ئەسپی جیهـان لەبـەلجیکا دایـەو نـاوی *بـروکلین سۆبرتیمە* هـەلگری ناسـنامەی بەلجیکیـەو بـەپێوە بوەسـتێت بەرزییەکـەی ٢,١٢م و کێشیشی ٨٢٠کیلۆ گرام .

بچوکترین ئەسپ

بـچوکترین ئەسـپ لەجیهانـدا لـە ئەرجـەنتین دایـەو، بەکورتـەبالا تـرین ئەسپی جیهـان دادەنرێـت، ئـەم ئەسـپە لەیـەکێك لەکێڵگـەکانی قـاوەدا لـەلای جوتیارێکی پیری زۆر دەوڵەمەندە دەژی، ئەسپە کورتەباڵاکە کە خاوەنەکـەی بـە*مـبێلا* بـانگی دەکـات کێـشەکەی تـەنیا (١٠٢,٥) کیلـۆ گـرامو قەبارەکـەش هێندەی لەشی کەڵەشێرێکی کێڵگەیە.

درێژترین ماوەی سکپڕی

لەلای ئاژەڵە مەمکدارەکان فیل بەچکەکەی (٦٠٩) رۆژ واتە بست مانگ و هەندێکجار ئەم ماوەیە درێژدەبێتەوەو دەگاتە (٧٦٠) رۆژ.

کەمترین ماوەی سکپڕیی

جەرابی بەفەرەنسی یان ئەمریکی ناوی ئاژەڵێکە ماوەی سکپڕیی لەنێوان دوانزە بۆ سیانزە رۆژدایەو هەندێکجارماوەکە کورتتریش دەبێتەوە بۆ هەشت رۆژ. بەمەش *جەرابی* کەمترین ماوە بەچکەکەی لەسکی خۆیدا دەهێڵێتەوە.

گەورەترین سەگ

لە ئەڵمانیای خۆرئاوا جۆرێك سەگ هەیە بەرزییەکەی مەترو نیوێکەو کێشەکەی دەگاتە (٢٨٢) کیلۆ گرامە، ئەم سەگە زەبەلاحە ناوی *بندیکتین*ە.

گەورەترین غۆرێلا

غۆرێلای *زاك* تائێستا بەگەورەترین جۆری غۆرێلا دادەنرێت لەجیهاندا ئەم جۆرە غۆرێلایە کە ناوی *کوب نوجی*یە لەباخچەی ئاژەڵانی ژاپۆندا هەیە، بەرزییەکەی دوومەترو نیوە، کێشی (١٦١٠) کیلۆ گرامە.

کوب نوجی زۆر بەهێزەو دەنگێکی زۆر بەرزی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بەکەمی دەبۆڵێنێت، ئەمەش لەبەرئەوەی *نوجی* مێینەیەو مێینەش

زۆر نەرمونیانە، هەر بۆیە پاسەوانەکەی خۆشی دەوێتو زۆر بەنەرمونیانی ڕەفتاری لەگەڵ دەکاتو هەمیشە خۆی بۆ ئەوە داناوە کە داواکارییەکانی جێبەجێبکات.

بچوکترین گیانداری شیردەر

بچوکترین گیانداری شیردەر ئەو شەمشەمە کوێرەیە کە پێی دەوترێت ***شەمشەمە کوێرەی کیسی لوتی بەراز*** یان ***شەمشەمە کوێرەی وێژەی هەنگ***، کێشی ئەم شەمشەمە کوێرانە (١,٧٥٧) گرامە.

مەیمونێکی کورتە باڵا

بەبەراورد لەگەڵ غورێلای ***زاک***ی زەبەلاحدا کە لەباخچەیەکی ژاپۆندا ژیان دەگوزەرێنێ، لەئەمەریکای باشور جۆرێك لەمەیمونی زۆر بچوك هەیە کە ئەگەر بەپەنجەکانت بیگریت هەڵدەزنیتە پەنجەکانتدا، وەك چۆن مەیمونێکی گەورە خۆی بەدارێکدا هەڵدەواسێت، ئەو مەیمونە ناوی ***ئەلبێجی مارموسشی*** لێنراوە، واتە مەیمونی کورتە باڵا.

گەورەترین تیمساح

سەیرو سەمەرەکانی..

راوچـیانی ئوسـترالیا تیمـساحێکی گـەورەیان راوکـرد درێژییەکـەی (٦,٢٨)مـەتر بـوو، راوچـیەکان لەبـەر بـەهێزیو ترسـناکی نـەیانتوانی بـوو تیمساحەکە بگرن بۆیە ناچار بوون بیکوژن، دوای کوشـتن پێستەکەیان وەك یادگارێك بەسەر خۆیاندا دابەش کرد.

ئاژەڵان و نوستنی زستانەیان

لەسەرەتای وەرزی زستاندا، لەسەرانسەی جیهانـدا ملیۆنـەها ئـاژەڵ توشی جۆرێکی تایبەت لەخەوتن دەبن پێی دەوترێت نوستنی زستانە.

نوسـتنی زسـتانە: جۆرێکـە لـە هۆیـەکانی ژیـان، کـە سروشـت بـەئاژەڵانی دەبەخشێت چونکە ناتوانن لەزستاندا خـۆراکی خۆیـان دابینبکـەن، هەنـدێك لە ئاژەڵە مەمکدارەکان، کە ئاژەڵی زستانە نوستون، گۆرانکاری زۆر گەورەیان بەسەردا دێت.. نوستنی زسـتانە جیاوازییـەکی زۆری هەیـە لەگـەڵ خـەوتنی ئاسایدا، بەوەی کە تیایدا پلەی گەرمای لەشی ئاژەڵەکە هێندە دادەبـەزێت تـا دەگاتە پلەی گەرمای کەشوهەوای دەوروبەر، وەك چۆن هەمانشت لەزسـتاندا لەخـشۆکەکاندا روودەداتو، لەهـەر دوو خولەکـدا یـەکجار دڵیـان لێـدەدات، بەگران هەناسە دەداتو بەهیچ جۆرێك پێویستی بە خواردن نییە.

لەهەریـەك لەماسـیو خـشۆکەکانو ئەوانـەی لەوشـکانیو ئـاودا هەرچـی فەرمانە سروشتییەکانیانە بۆ نزمترین پلە دادەبەزێت، ئەمەش بۆ پاراستنی گیانیانـە لـەکاتی نوسـتنی زسـتانەدا، لـەم حاڵەتـەدا بـەو ئاژەڵانـە دەوترێـت (دۆخی ژیانی هەڵواسراو).

نوستنی زستانەی ژیژك

بـــەهاتنی وەرزی زســـتان ژیـــژك خـــۆی لەچەرمەســـەریەکی زۆردا دەبینێتەوەو، ئـەو روپۆشـە دڕکاوییـەی کـە لەقـەپو چڕنوکی دوژمنـەکانی دەیپارێزێت بەرامبەر بەسەرمای توندی زستان شتێکی ئـەوتۆی پێناکرێت.. ژیـژك لەسـەرمادا پلـەی گـەرمای لەشـی بەخێراییـەکی زۆر دادەبـەزێتو پێویـستە ئـەو وزە لەدەستـچوەی بـەخواردنی زۆر قـەرەبوو بکاتـەوە، بـەڵام لەبەرئەوەی ناژەڵێکی مێروو خۆرەو زۆر بەدەگمەن لەزستانـدا ئەو خۆراکەی دەسـتدەکەوێت بۆیـە کاتێـك بـەفر زەوی دادەپۆشـێت ئەگـەری مانـەوەی لـە ژیانــدا نامێنێــتو، بـۆ ئـەوەی ژیـژك بەســەر ئـەو کێـشەدا زاڵبێـت خـۆی دەشارێتەوەو تۆپەڵە دەکات ئەمجا نوستنێکی زستانەی لێدەکات کاتێك پلەی گەرما زیاتر لە(٥٠) پلـەی فـەهرنهایت دادەبـەزێت، بـەمجۆرە دەمێنێتـەوە تـا کاتێـك دونیـا گـەرم دەبێـتو خـواردنی جـارێکیتر دەسـتدەکەوێتەوە لـەکات نوسـتندا ژیـژك پلـەی گـەرمای لەشـی خـۆی لەگـەڵ دەوروبـەری خۆیـدا رێکدەخات بەدوو پلە بەرزتر. ئەگەر پلەی گەرمای دەرەوە لە(٤٠) پلە زیـاتر دابەزی ئەوا ناتوانێت ئەو دوو پلە گەرمایە بـەرزە رابگرێـت ئەگـەر ئـەوەش روبدات، مەترسی ئەوەی لێدەکرێت بیبەستێت.

کاتێــك ئــەوەش روبــدات ئــەوا ئەندامــەکانی نــاوەوەی لەشــی ژیــژك لەخۆیانــەوە دەســتبکەن بــەخواردنی بەشـێك لەپلـەی گـەرمای لەشـیيان،

بەجۆرێك كە بەس بێت بۆمانەوەی لەژیاندا، هەموو ئەمانە لەکاتێکدا رودەدات کە ئەو ئاژەڵە نوستوە ئاگای لە هیچ شتێك نییە.

نوستنی زستانەی مشکی کێوی

دەوترێت *مشکی کێوی* لەشیردەرە مەمکدارە بەریتانیانیەکانەو، لەناوچە شاخاوییەکانی ئەوروپادا دەژی، ئەم جۆرەی مشك دابونەریتی خۆی هەیە لەنوستنی زستانەیدا لەجیاتی ئەوەی بگەڕێت بەشوێن کونێك یان گۆشەیەکی گونجاودا بەقوڵی (٦ بۆ ١٠) مەترو پانی (٢٠) مەتر لەژێر زەویدا دروست دەکات کە لەهەریەکەیاندا زیاتر (١٥) *مشکی کێوی* نوستنی زستانە دەکەن.

لەهاویندا بەددانەکانی گژوگیا دەکرۆژنو لەبەرخۆر هەڵیدەخەن تا وشکدەبێتەوە، ئینجا دەیبەنە کونەیانەوەو رایدەخەنو زستان لەسەری دەخەون، بەجۆرێك سەریان دەخەنە نێوان هەردوو قاچی دواوەیان. *مشکی کێوی* چالاکییەکانی لەم وەرزەدا بەتەواوی کەمدەکات: هەناسەدان بەبەراورد لەگەڵ ئەندازەی هاویندا یەك بۆ پانزە کەمدەکات، هەروەها پلەی گەرمای لەشی لە (٩٧) پلەوە دادەبەزێت بۆ (٥٠) پلەو هەندێکجار بۆ (٤٠) پلە.

لەنوستنی زستانەدا *مشکی کێوی* لەیەککاتەدا هەرچی رۆنی لەشی هەیە هەموو بەکار دەبات، بۆیە کاتێك لەبەهاردا جارێکیتر دەژێتەوە دەبینی کێشی کەمی کردوە.

خەوتنی زستانە مشکی خەواڵو

مشکی خەواڵو بەناوبانگترین گیاندارە کە لەزستاندا قوڵترین خەو دەکات، تەنانەت خەوەکەی بەنموونە دەهێنرێتەوە، کاتێك *مشکی خەواڵو* لەدۆخی نوستنی زستانەدایە بەشێوەیەك وەك تۆپ خڕدەبێتەوە، بەجۆرێك دەتوانرێت بەدەست بیگریتو بەسەر زەویدا تلاوتلی پێ بکرێت بێ ئەوەی خەبەری بێتەوە.

ئەم جۆرە لەمشك لەبەریتانیا هەیەو رەنگەکەی قاوەیی بەرەو سورەو جۆرێکی ئەوروپی هەیە کە دەخورێت، لەسەردەمی رۆمانیەکاندا خواردنێکی بەتاموچێژ بووە. لەپایزدا خۆراك بۆ خۆی هەڵدەگرێت تا لەبەهاردا کاتێك لە خەو رابێت بیخوات.

نوستنی زستانە شەمشەمە کوێرە

شەمشەمە کوێرە گیانەوەرێکی گورجوگۆڵەو بەشەو خۆراك پەیدادەکاتو بەرۆژ لەئەشکەوتو سەرداره کلۆرەکاندا پشوو دەدات. لەرۆژی خەوتندا خوێنی سارد دەبێتەوە رێژەی هەناسەدانو لێدانی دڵی دادەبەزێت. هەرچی زستانە کاتێك پلەی گەرما بۆ خوار (٥٠) پلە ئەوا شەمشەمە کوێرە بۆ ماوەیەکی زۆر دەخەوێت.

هاوکات چالاکییەکانی کەمدەبنەوەو ئەگەر خوێنی لە بەفر ساردتر بوو *شەمشەمە کوێرە* بەخەوی خۆی درێژە دەدات. *شەمشەمە کوێرە* تەنیا

سەیرو سەمەرەکانی.......................................

گیاندارێکی مەمکدارە کە ئەگەر پلەی گەرمای لەشیشی بگاتە ژێر سفریش هیچ زیانێکی پێ ناگات، سەرەڕای ئەمەش بەئاسانی لەخەو رادێتو بەپێچەوانەی گیاندارانی ترەوە لەگەڵ هەستی کرد بەگەرمی یان تیشك یان دەنگەدەنگ یان دەستلێدان یەکسەر خەبەری دەبێتەوە.

شەمشەمە کوێرە خەوێکی سەیر دەکات بەوەی لەکاتی نوستندا سەری بۆ خوارەوەیەو دەتوانێت بەردەوامی بەو دۆخە بدات بەبێ ئەوەی ماندوی بکات بێت، هۆکاری ئەمەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە قورسایی لەشی وادەکات ژێی ماسولکەی پەنجەی پێکانی لەخۆوە گرژبێت لەسەر ئەو شتەی خۆی پێوە هەڵواسیوە.

نوستنی زستانەی سمۆرە

سمۆرە لانەی خۆی بەسەر تەڵی دارانەوە دروست دەکاتو لەزستاندا بۆ ماوەیەکی زۆر دەنوون، لەگەڵ ئەوەشدا *سمۆرە* نوستنی زستانە ناکاتو، هەر کاتێك تۆزێك کەشوهەوا کەمێك خۆشبێت بۆی دەردەچێتو ڕاوی خۆی دەکات.

سمۆرە لەسەر دارو درەختەکان هەندێکیان هەندەکەی تریان راودەنێن، لەپایزدا لەناو دارە کلۆرەکاندا گەنجینەی بچوك بچوك دروستدەکەن بۆ ئەوەی خۆراکەکانیانی تیادا بشارنەوەو لەزستاندا دێنەوە سەریو دەیخۆن. بەڵام زۆربەی جار ڕێگە هەڵدەکەنو نایدۆزنەوە.

نوستنی زستانەی مار

لەگـەڵ هـاتنی وەرزی زسـتاندا مـار دەسـتدەکات بەگـەڕان بەشـوێن جێگەیەکدا تـا نوسـتنی زسـتانەی تێدا بکات، زۆرتـر لـەنێوان ریـشەی دارو درەختو بنەبەردا نوستنی زستانە دەکات، ئەوەی جێگەی سەرنجە بیست بۆ سی مار بەسەریەکەوە لەشوێنێکدا دەخەون.

نوستنی زستانەی بزن مژەك

بزن مـژەك لـەکونی زەویـدا دەخـەوێت، لەبـەریتانیا *بـزن مـژەك* چاڵێکی قوڵ هەڵدەکەنێت، تا وەرزی زستان تیایدا بنوێت، کەچی *بۆق* خـۆی لـەقوڕو لیتـەی کـەناری گۆماوەکانـدا دەشـارێتەوەو بەدرێـژایی زسـتانو تـا سـەرەتای بــەهار دەرناچــێت، جێــی باســە ڤیراندنەکــەی زمــانی گفتوگــۆو داوای هاوسەرێتیکردنە.

خەوتنی زستانەی گوێچکە ماسی

ڕەنگە هەنـدێك کـەس پرسـیار لەچۆنیەتی خـەوتنی زسـتانەی *گوێـچکە ماسی* بکەن کە ئایا بەراستی دەخەوێت؟

لەراستیدا بەلێکۆڵینەوە لەسەر ژیانی *گوێچکە ماسی* لەلایەن زانایانی ئاژەڵناسی پسپۆڕەوە، دەرکەوتووە کە *گوێچکە ماسی*یەکان وەك گیاندارانی تر نوستنی زستانەیان هەیەو، ئەوەش بەخۆشاردنەوە لەنێوان رەگوریشەی گژوگیادا دەست پێدەکەن، ئینجا بەداخستنی دەمی لەپکە (صدف)کە یان بە پەردەیەك لەماددەیەکی لینج بۆ ئەوەی لەوشکبونەوە بیپارێزێت.

هەزار پێی گەورە

گیاندارێکی ئاوی زۆر گەورەیە هەندێك لەدەریاوانەکان لەگەشتەکانیاندا بینیویانەو، لێکۆڵینەوەیان دەربارە کردوە بەم جۆرە لە*هەزار پێ*یە دەوترێت (ام الحبر).

دەربارەی پشیلە

!.. پشیلە گیاندارێکی گۆشتخۆرەو لەریزی ئاژەڵە درندەکاندایە، خۆشترین گۆشت لەلای *پشیلە* گۆشتی *ماسی*یە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە بۆ یەکەمجار *پشیلە* لەکەنارەکانی دەریای سپی ناوەراستدا ژیاوەو، لەسەردەمی میسرییە کۆنەکانەوە خەریکی راوکردنی ماسی بووە، میسریەکان *پشیلە*یان پەرستوە، بۆیە کاتێك *قەمبیری* پادشای فارسەکان پەلاماری میسر داوە لەپێشەوەی سوپاکەیەوە لەشکرێکی پشیلەی خستوەتە پێشەوە، میسرییەکان کاتێك ئەوەیان بینیوە ئەژنۆیان شکاوەو نەیانتوانوە بەرەنگاری هێزەکانی دوژمن ببنەوە.

جیهان

!.. *پشیله* له سالێکدا دوجار دەزێت جارێك لەوەرزی بەهارداو جارێکیتر لەوەرزی پایزدا، ماوەی سکپڕیشی لەنێوان (٥٦ تا ٦٠) ڕۆژە.

!.. بەچکەی *پشیله* نۆ تا دە ڕۆژ چاو ناتروکێنێت، دوای ئەو ماوە چاویان دەکەنەوە دەستدەکەن بەرێکردن‌و پاش شەش هەفتە لەتوانایاندا دەبێت خواردن بخۆن، دوای ئەوەی تا شەش هەفتە تەنیا شیری دایکییان دەخۆن.

!.. *پشیله* هەمیشە حەزی بەلانە کۆنەکەیەتی‌و حەز ناکات بەجێی بهێڵێ‌و ئەگەر جێشی هێشت دڵی لایەتی‌و ئەگەر پاش چەند ساڵێکیش بێت دەگەرێتەوە بۆی.

!.. *پشیله* زۆر هەستی ناسکە بەکەمترین دەنگ تێکدەچێت‌و بەرنامەی سینەماو تەلەفزیۆن کاری لێدەکات.

!.. یاسای ئینگلتەرە سزای ئەو خاوەن پشیلانە دەدات کە پشیلەکانیان دەچنە ماڵە دراوسێ بۆ مریشك‌و کۆترخواردن.

!.. *پشیله* توشی کۆمەڵێك نەخۆشی دەبێت، لەوانە: هەرسنەکردن‌و رشانەوەو سکچوون.. هەروەها لەرزوتاو سیل‌و نەخۆشی بۆ منداڵان دەگوێزێتەوە.

!.. زۆرێك لەخەڵکی خۆرئاوا بڕوایان وایە پشیلەی رەش شومەو، بەهەمانشێوە راوچیانی دەریا بەبینینی پشیلەی رە.. رەشبینی دایان

دەگریێتو، تەنانەت هەندێکیان ئەگەر پشیلەی رەشیان بینی دانابەزنە دەریاو بەبێ راوکردن دەگەرێنەوە بقۆ ماڵ.

دادگایکردنی ئاژەڵان

!.. ساڵی (١٥٨٥) لەڤالانسی هەرێمی درۆمی فەرەنسا دادگا دانیشتنێکی تایبەتی سازکرد بەمەبەستی دادگایکردنی کرمێك کە نەخۆشی خستبووە ناو کێڵگەی جوتیارێکەوە، سەرۆکی دادگا پارێزەرێکی راسپارد بۆ بەرگریکردن لەکرمە تۆمەتبارەکە، دادوەر بریاریدا کە ئەگەر سزای کوشتنی بەسەردا نەسەپێنرا، ئەوا پێویستە لەو هەرێمە درو بخرێتەوە.

!.. ساڵی (١٢٦٦) *بەرازێك* بەتۆمەتی کوشتنی منداڵێك رەوانەی دادگای هەرێمی فونتنی فەرەنسا کرا، دوای دادگایکردن دادوەر سزای لەسێدارەدانی بەسوتاندن سەپاند بەسەر بەرازەکەدا.

ئەوەبو لەناوەراستی شاردا ئاگرێکی گەورە کرایەوە بەئاشکراو بەبەرچاوی هەموو خەڵکەوە بەرازەکەیان سوتاند.

!.. هەروەها ساڵی (١٣٨٦) دادگای لافالیزی فەرەنسا حوکمی ملپەڕاندنی بەسەر بەرازێکدا سەپاند بەرامبەر تاوانەکەیدا کە بریتی بووە لەبڕینی سەرو قاچی منداڵێکدا، لەگۆرەپانی شاردا ئەو سزایە بەسەر ئەو بەرازەدا جێبەجێکرا.

سەمەرەکانی ئاژەڵان

جیهان ....

!.. *بایەهان* لەتوانایدایە دەنوکەکانی بۆ سەرەوەو خوارەوە بجولێنێت، لەکاتێکدا هیچ باڵندەیەکی تر ناتوانێت ئەوە بکات.

!.. *سەقاکوژ* حەزی بەگۆشتی بەچکە پشیلەیەو بەتاموچێژە دەیخوات.

!.. لەبەرامبەردا *پشیلە*ش بەهەمانشێوە حەزی لەگۆشتی بەچکەی سەقاکوژەو تاموچێژ لەگۆشتەکەی وەردەگرێت.

!.. *بۆق* کاتێک دەمی کراوە بێت ناتوانێ بەباشی هەناسە بدات، بۆیە ئەگەر بەهێز دەمی بکەیتەوە هەناسەی دەبڕێت دەمرێت.

!.. *بەراز* هەرگیز توانای مەلەکردنی نییە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە *بەراز* هەردوو دەستی دەکەوێتە نزیك ژێر سکییەوە ئەگەر کەوتە ناو ئاویشەوە ئەوا بەبڕینی (زور) خۆی دەکوژێت.

!.. *کەروێشك* هەرگیز چاوی نانوقێنێت، چونکە پێڵوی چاوی نییە، لەجیاتی ئەوە پەردەیەکی گۆشتی تەنك هەیە کە لەکاتی خەوتندا دەکشێتە سەرچاوی.

!.. لە لەشی *ئاسك*دا بێجگە لەهەردوو کونە لوت جێگەی تریش هەیە بۆ هەناسەدان.. سروشت ئەمەی پێبەخشیوە تا لەکاتی راونانیدا تەنگە نەفەس نەبێتو پەکی نەکەوێت.

ا.. ماسی بەبێ جوین خواردنەکەی دەخوات لەبەر ئەوە بەبەردەوامی دەمی دەکاتەوەو دایدەخات ئەگەر ئەو خواردنەی دەیخوات لەدەمیدا بهێڵێتەوە ئەوا دەخنکێت.

ا.. چاوی *باز* هەرگیز ناجوڵێتەوە بەماسولکەیەکی بەهێز لە کاسەی خۆیدا جێگیر، بەڵام ئەو ناتەواوییەی بەسەر بادان قەرەبوو دەکاتەوە کە دەتوانێت بۆ جوڵاندنی لەشی، بەسەری بازنەیەکی (٣٦٠) پلەیی دروست بکات.

بەشی پێنجەم

سەیرو سەمەرەکانی باڵندە

خێراترین باڵندە

خێراترین باڵندەی جیهان باڵندەی *ئەلسامە*یە کە لەتوانایدایە لەیەك کاتژمێردا لانیکەم نزیکەی (١٨٠) کیلۆمەتر دەبڕێت.

باڵندەی زۆر بێژ

ئەو بابەهانە ئەفەریقاییە خۆڵەمێشی ڕەنگەیە کە بەناوی *برۆدێل*ە خاوەنەکەی کابرایەکی خەڵکی لەندەنە بەناوی *لین لوک*، ئەم بابەهانە تاکو ئێستا دوانزەجار لەسەریەك خەڵاتی باشترین باڵندەی قسەکەری وەرگرتووە.

گەورەترین باڵندە

لەنێوانی (٨٦٥٠) جۆر باڵندەدا *وشتر مورغ*ی باکوری ئەفەریقا بەگەورەترین باڵندەی جیهان دادەنرێت.. *وشتر مورغ* کە لەچیاکانی ئەتلەسی لەسەنگالو سودانو حەبەشە دەژین، کێشی نێرەکەی دەگاتە (١٥٦,٤) کیلۆ گرام.

قورسترین باڵندەی فڕیو

باڵندەی *کوڕی* بەقورسترین باڵندەی فڕیو دادەنرێت لەجیهاندا، ئەم باڵندەیە لەئەفەریقای خۆرهەڵاتو باشور هەیە، درێژەی باڵەکانی (٢,٥٤) مەترو کێشی هەریەکەیان (١٨,١٤) کیلۆ گرامە.

خێراترین باڵندەی فڕیو

خێراترین باڵندەی فڕیوی جیهان جۆرێکی باڵندەیە (*بلقشە*) کە بەمراوییە مەلەوانەکە ناسراوەو، ڕەنگی سنگی ئەم باڵندەیە سورە.. خێراییەکی سەیری هەیە لەیەك کاتژمێردا لەتوانایدایە (١٢٨,٧) کیلۆمەتر ببڕێت.

گەورەترین هێلکەی پەلەوەر

گەورەترین هێلکەی پەلەوەران هێلکەی *وشترمورغە* کە کێشی هەریەکەیان لەنێوان (٦٣٤ بۆ ١,٧٥٩) کیلۆ گرام دایە، تیرەی هێلکەکەش لەنێوان (١٠,١٦ بۆ ١٥,٢٤) سەنتیمەتردایە.

هێلکەی *وشترمورغ* توێکڵێکی ئەستوری هەیە کە دەگاتە (٠,٢٤٣) سەنتیمەتر، ئەم توێکڵە لوتوانایدایە پیاوێك بەکێشی (١٢٦,٩٨) کیلۆ گرام هەڵگرێت بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەری هەبێت .

زۆرترین زەردێنەی هێلکە

لە تەممووزی ساڵی ١٩٧١ لەشاری نیویۆرك و لەیەكێك لەكێڵگەكانی خاتوو *دیانا پتسورت* لەناو هێلکەیەكدا نۆ زەردێنەی هەبوو.

هەنگی ویزە ویزکەر

لەدورگەی هینـدی خۆرئـاوا بـچوکترین بالّنـدەی دەنگخـۆش هەیـە بـەناوی *هـەنگی ویزەویزکـەر* دەناسـرێتەوە، لەشـی ئـەم بالّندەیـە بەئەنـدازەی مـێش هەنگێکەو، لەویش بـچوکتر هەیـەو ئەمـەیان لـەکوبا دەژی کـە بەبـچوکترین بالّــــدە دادەنرێــــت لەجیهانــــدا، ئــــەم بالّــــدە بێوێنەیــــە لەکاتژمێرێکــــدا (٤٨)کیلۆمەتر دەبرێـت.. کێشی هـەنگی *ویزەویزکـەر* لـەدوو گـرام کـەمترەو لەچـرکەیەکدا دوو سـەدجار بالّـەکانی لێـك دەدات، هـەروەها دەتوانێـت وەك فرۆکەی ئەلیکۆپتەر بەئاسمانەوە بوەستێت.

مل یاقوتی ویزە ویزکەر

ئایا هیچت دەربارەی بالّندەیەکی هیچ بیستووە کـە لەتوانایـدا بێـت (٨٠٠) کیلۆمەتر بەبێ وەستان ببڕێت؟..

لەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا جۆرێك بالّندەی دەنگخۆش هەیە کە قەبارەی لەشی پێنجیەکی قەبارەی لەشی چۆلەکەیەکی ئاساییە.. رەنگی ملی ئـەم بالّندەیـە یاقوتییەکـەی قەشـەنگەو، رەنگـی بالّـەکانی رەنگێکـی بـەرەو سورەو، رەنگی سنگی رەنگێکی یاقوتییەکی کراویە.

بالّندەی *مل یاقوتی* لەسەر شـیلەی گـولّو مێـرووە بـچوکەکان دەژیو ئـەم مەلـە دەنگخۆشـە لەئەمـەریکادا دەژیو تـاکو ئێـستا هـیچ فرۆکەیـەك نییـە بەخێرای ئەم بڕوات.

ئەم باڵندەیە لەوەرزی زستاندا کۆچ بۆ باشوری کەنەدا دەکاتو زستانان لەناوچەی نیستیوانیەکان لەفلۆریداو ناوچەکانی بەرەو باشور بەسەر دەبەن.

باڵندەی درندە

لەدورگەکانی ئۆقیانوسی ئارامدا جۆرێك بابەهان هەیە پێی دەوترێت *کیا* کە لەهەموو بابەهانەکانی تر گەورەترە، بەجۆرێك درێژییەکەی دەگاتە (٥٠) سەنتیمەتر، رەنگیشی ئاڵتونییەکی زەردەو شوێنی لەدایکبوونی نیوزلەندەیە، *کیا* خۆی لەسەر خواردنی گۆشتو پاشماوەی پیسیو گۆشتی مرداربووە راهێناوە، ئەگەر خواردنی دەستنەکەوێت ئەوا بۆ پەیداکردنی ژەمە خواردنێك پەلاماری گیاندارانی تر دەدات.

باڵندەیەکی چوار قاچ

گەنجێکی لوبنانی *بازێکی* زۆر سەیری راوکرد، بازەکە کە چوار قاچی هەبوو لەکاتی راوکردنیدا چەندینجار ئەو گەنجە لوبنانییەی روبەڕوی مەترسی مەرگ کردبووە تا لەناکامدا ناچاریکرد بەتفەنگەکەی تەقەی لێبکاتو بیکوژێت.

هەرچەندە پارەیەکی باشیان دایە ئەو گەنجە تا ئەو نێچیرەی بفرۆشێت بەڵام قبوڵی نەکردو بریاریدا لەگەڵ گیانلەبەرە وشك کراوەکانی تردا لە مۆزەخانە تایبەتیەکەیدا دایبنێت.

بەشی شەشەم

سەیرو
سەمەرەی مێروولە

درێژترین جاڵجاڵۆکە

ئەو جاڵجاڵۆکەیەی کە بەبێوەژنی رەش ناسراوە، لەهەردوو ئەمەریکادا دەژیو درێژی مێینەکەی (٦,٢٥) سەنتیمەترە، پێوەدانی هێندە بەهێزە لەماوەیەکی کورتدا دەتوانێت مرۆڤ بکوژێت.

گەورەترین جاڵجاڵۆکە

لەئەمەریکای باشوردا جۆرێك لەجاڵجاڵۆکە دەژی کە بەچۆلەکە خۆر ناسراوەو لەنیسانی ساڵی (١٩٢٥) یەکێك لەمجۆرە گیاندارە دۆزرایەوە کە درێژییەکەی (٨,٨) مەتر بوو درێژی قاچێکی (٢٥,٤) سەنتیمەتر بوو.

قورسترین جاڵجاڵۆکە

قورسترین جاڵجاڵۆکە لەجیهاندا جاڵجاڵۆکەی تارا نتۆلایە کە لەساڵی (١٩٤٥) لەبەرازیل بینراوەو کێشەکەی (١,٣٦) کیلۆگرام بووە.

گەورەترین جاڵجاڵۆکە

جۆرێکی زۆر گەورەی جاڵجاڵۆکەیە لەبەرازیل دەژیو بەهێزترینو گەورەترین جۆری جاڵجاڵۆکەیە لەجیهاندا، قەبارەکەی کاتێك بوەستێت چارەکە مەترێك دوو ددانی دەرپەڕیوی گەورەی پێوەیە سەرەو خوار وەستاندویەتی چاوەڕێی نێچیر دەکات.

شەمشەمە کوێرەی دارکونکەر

هەنـدێکجار زانایـان پێـی دەڵـێن شەمـشەمە کـوێرەی مـەرگ Watch Beetles Death بەوەی کە داری مـاڵان کونـدەکات لـەم پـەڕ بـۆ ئـەو پـەڕ دەیـشکێنێتە سـەر خاوەنەکەیـدا بـێ ئـەوەی هـیچ گوناهێکیـان بێـت تـەنیا ئەوەندە نـەبێت ئـەو جانـەوەرە گوشـندەیە میوانیانـە، جـۆرێکی تـریش لـەو شەمشەمە کوێرە هەیە ئەمانەیان زیان بەدارستان دەگەیـەنن بـەکلۆرکردنی دارو درەختەکانی.

مێروی روناکی بەخش!!

لەدارستانەکانی ئەمـەریکای باشـورو دورگـەکانی هینـدی رۆژئـاوا جۆرێـك مێـرو دەژیـن ئەگـەر کارەبـاش بـڕا یـان لـەتاریکی شـەودا دەیـان خەنـە نـاو شوشـەیەکەوە تیـشکێکی سـەوز دەبەخـشن بـەجۆرێك دەتوانرێـت کتێـب لەبەردەمیدا بخوێندرێتەوە.

سەمەرەکانی مێروله

مێروله نیشکەرەکان لەرۆیشتنیاندا بـۆ جێگەیـەك بۆنێـك دەرژێننـە سـەر رێگەکە تاخۆیانو مێروەکانی تریش وەکو رێنمایکەر سودی لێوەربگرن، ئـەو هۆرمۆناتـە سـودی ئاگادارکردنـەوەی هەیـە بـۆ پاراسـتن لەهـەر مەترسـیەکی هاوشێوەی لافاوو ئاگرکەوتنەوە.. هێمایەکیشە بۆبانگکردنی شارە مێرولەکە

سەیرو سەمەرەکانی...

بـۆ کۆبونـەوەو رزگاربوونیـان لـەو مەترسـیی‌و سـودی هەیـە لـەکرداری رێکخستنـەوەی لەشدا بەو شتانەی پێوەنوساوە بەبەکارهێنانی دەم.

هـەروەها بـۆن گوزارشـتە لـەداواکردنی یارمـەتی لـەکاتی پێویـستدا یـان گواستنەوەی نێچیرێکی گەورە بۆ ناوی شارەکە، گرنگترین ئیشو فرمـانی ئـەو مادده کیمیاوییە ئاگادارکردنـەوەی شـارەکەیە بـەبوونی مێرولـە مـردو لـەناو شارۆکەدا بەمەبەستی رزگـاربوون لەتەرمەکـەی‌و، ئـەم دیـاردە بەنمونەیـەکی باش دادەنرێت لەتوانای ئەو هۆرمۆناتە بـۆ کـۆنترۆلکردنی رەوشـتی مێرولـە کاتێك مێرولەیەك دەمرێ‌و دەرژێت ئەو بۆنە تایبەتـەی لێـوەی دەردەچێت، مێروەکـانی تـر دەیگوێزنـەوە دەرەوە لـەدەرەوەش دەینێـژن.. زانایـان تاقیکردنەوەکەیان لەسەر ئەم مادەیـە کـرد بەرژانـدنی بەسـەر مێرولەیـەکی زیندودا ئەنجامەکەی ئەوە بوو مێرولەکانی تر بەزەبری هێز ئـەو مێروەیـان کردە دەرەوە سـەرەڕای بـەرەنگاری‌و خـۆراگرتنی مێرولـە زیندوەکە، ئـەنجام فرێیاندایەی شوێنێکی دور هەرچەنـدە مێرولەکە هەوڵیـدەدا بگەرێتـەوە بـۆ شارەکەی جارێکی تر سەر لەنوێ فرێیاندایە دەرەوەو ئەمەش درێـژەی کێـشا تا بۆنەکە لەسەر لاشەی مێرولەکە رەویەوە ئینجا تـوانی بگەرێتـەوە بـۆ نـاو شارەکەی.

چی دەربارەی دوپشك دەزانیت؟

دوپــشك مــرۆڤ ناگــەزێت بــەڵكو پێــوەی دەدات، هــەروەها بــەمێروە جاڵجاڵۆکەکانیــشەوە دەدات بــۆ ئــەوەی پێــشی خــواردنی لــەپێیان بخــات.. دوپشكو جاڵجاڵۆکە لەگروپی مێروەکان نین، لەبەر ئەوەی مێروەکان شەش پێیان هەیە بەڵام جاڵجاڵۆکەو دوپشك خاوەنی هەشت پێن، کاتێك دوپشك تورە دەبێت هەرچی بێتە ڕێگەی پێوەی دەدات، ئەویش بە بەرزکردنەوەی کلکی بۆ سەرەوە کە چزوەکەی وەك دەرزیەك وایەو کیسەیەك ژەهری تێدایە، ژەهری دوپشك بەگشتی مرۆڤ و گیانلەبەرە گەورەکان ناکوژێت، بەڵام ئازارێکی زۆریان پێدەگەیەنێت، ئەگەر مرۆڤ چەند جارێك دوپشك پێوەی بدات، ئەوا هەستکردنی بەئازار کەمدەبێتەوە، دوپشك وەك مێرولەو مێشەنگ ژیانی کۆمەڵایەتی نازانێت، بەڵکو هەریەکەیان بەتەنیاو بەشێوەیەکی سەربەخۆ دەژین، بەوەش زیاتر رقیان لەیەکتر دەبێتەوە ئەگەر دوو دوپشك توشی یەکتر ببن بەجەنگ دێن تا سەرئەنجام بە لەناوچونی یەکێکیان کۆتایدێت.. کرداری بەیەکگەیشتن لەنێوان دوپشکەکاندا لەماوەی چوار مانگدا دەبێت لەسەرەتای حوزەیرانەوە کە تیایدا نێرو مێینەکان لەشوێنی خۆیان دێنە دەرەوە بەمەبەستی جوتبوون دوپشکە مێینەکان هێلکەکانیان لەسەر پشتی خۆیان دادەنێن تا دەترووکێن، دوپشکە بچکۆلەکانی لێدەردەچێت تاوەکو دوو هەفتە لەژێر سەرپشتی دایکیاندا دەمێننەوەو ئینجا دایکیان لەناودەبەن.

بەشی حەوتەم

سەیرو سەمەرەکانی خشۆك

زۆرترین بەچکەی مار

جۆرێك ماری تایبەت هەیە پێی دەوترێت *ئادەر* چەند جۆرێکی هەیەو لە بەریتانیاو کیشوەری ئەوروپاو ناوچە شاخاوییەکانی (ئەلب)دا لە بەرزی (٢٣٣٠) مەترەوە.

هەرچەندە زۆربەی جۆرەکانی مار هێلکە دەکەن بەلام ئەمجۆرە مارە بەجارێك هەفتا بەچکەی دەبێت سەرەڕای ئەوەی جۆرە ئاساییەکەی (٦ تا ٢٠) بەچکەی دەبێتو ژیژك هێرش دەکاتە سەر ئەو بەچکانەو بەئاسانی دەیانخوات، مارە دایکانەکەش کە بۆ بەرگریکردن لەبێچووەکانی بەو ژیژەکەوە دەدات، بەلام ناتوانێت پێستی ژیژکەکە ببڕێت ئەگەریش پێوەی داو گەستی ئەوا ژیژك بەرگریەکی سروشتی هەیە لە دژی ژەهر.

ژەهراویترین مار

!.. بەهێزترین ماری ژەهراویی ماری دەریایە ژەهرەکەی سەد بەرامبەر ژەهری ماری تیبانی ئوستورالیایە، ئەمجۆرە مارە زیاتر لەلێوارەکانی ئوستورالیای باکوری خۆرئاوا دەبینرێت.

!.. بەهێزترین ماری ژەهراویی سەر وشکانی ماری دڕندەیە کە لەباشوری رۆژئاوای تویزلاندو باکوری رۆژهەلاتی ئوستورالیای باشور دەژی.

درێژترین ددانی مار

درێژترین ددان، ددانی مارێکە بەناوی *گابۆن* کە لەئەفریقای ئیستیوائیدا دەژێت، ماری گابۆن درێژییەکەی (١٨٢) سەنتیمەترەو درێژی هەر ددانێکی چوار سەنتیمەترە.

گەورەی دارستان؟!!

بێگومان لە ناو گیاندارانـدا *شێر* پاشای دارستانە. لەخشۆکەکانیش پادشایەکی دارستان هەیە ناوە زانستیەکەشی (Lachesis Mutus) ئەمجۆرە مارە لەناوچە ئیستیوائیەکانی ئەمەریکادا دەژیو درێژییەکەی چوار مەترەو دەتوانێت بێچوە سەگێك قوت بداتو ماسولکەکانی زۆر بەهێزنو بەئاسانی نێچیرەکەی قۆتدەدات، پێچ بەدەوری نێچیرەکەیدا دەدات تاوەکو ئێسکەکانی ورد دەکاتو دەیکوژێت ئینجا بەئاسانی دەیخوات.

گەورەترین مار

لەباخچەیەکی ئاژەڵان لەئەفریقادا مارێکی زۆر گەورە هەیە درێژیەکەی (٨,٢٥)مەتر دەبێت، خواردنی رۆژانەی ئەم مارە بەرخ یان بزنێکە کە زۆر بەئاسانی قوتی دەدات و دوای ئەوە دەچێتە ماڵەکەی خۆیەوە تا بەشێنەیی هەرسی بکات.

لە پاشماوەی سەردەمی خشۆکەکان

لەنۆڤیانوسی *ئارام*دا کۆمەڵە دورگەیەك هەن پێیان دەوترێت دورگەکانی *حالا باجوس* کۆمەڵە دورگەیەکی روتن لەسەردەمی گڕکانە دێرینەکانەوە دروستبوون و مرۆڤی لێ ناژی، دەستەیەك لێکۆڵەری زانستی بۆ گەران چونە ئەو دورگانەو جۆرێك لەخشۆکیان دۆزییەوە لەچەشنی *برس* بەناوی *لێگوانە*، ئەمجۆرەی خشۆکە بێوێنە درێژییەکەی (١٣٥) سەنتیمەترو هاوشێوە خشۆکە لەناوچوەکانە کە درێژییەکەی (٢٦,٢٤)مەتر بووە.

بەشی هەشتەم

سەیرو
سەمەرەکانی ماسی

گەورەترین ماسی

گـەورەترین ماسـی ماسـی *قرشـی نەهـەنگ*ە کـە لـەدەریاکانی *کیـپ تـاون*دا دۆزراونەتەوە، درێـژی ئـەم ماسییە (١٨,٥١٦)مـەترو کێشەکەی (٤٠٨١,٥) کیلـۆ گرامە.

بچوکترین ماسی دەریا

ماسـی *فـۆبیـ*یـە کـە لەدورگـەکانی *مارشـال*دا دەژی، درێژییەکـەی لـەنێوان (١,٦٣ بۆ ١,٨٨) سەنتیمەتردایە، *فۆبی* رەنگێکی ناویی هەیـە، بـۆ یەکـەمینجار ساڵی (١٩٤٠) دۆزرایەوەو، کێشەکەشی دوو ملیم گرام بووە.

ماسی بلگە Hatchet–Fish

لەقوڵای هەزار مەتری ناو دەریادا دەژی، ئـەم ماسییە دوچاوی هەیـە کـە لەشێوەی تۆپدایە بەسەر سەریەوە، لەشی هێڵی پانی تێدایـە، درێژییەکـەی (٨) سەنتیمەترەو، تیشکێکی زیوی دەردەکات.

ماسی ترسناك The Chimera - Fish

درێـژی ئـەم ماسـییە ترسـناکە یـەك مـەترەو جۆرێـك تیـشك دەردەکـات لەشێوەی هەورە بروسکە، لەقولاییە زۆرەکاندا بەهێواشی دەڕوات، لەشێوەیدا وەك قرشی Shark وایە، لەشێکی کرکراگەیی هەیە نەك ئێسکی.

ماسی سەوڵ لێدەر Oar- Fish

لاشـەیەکی هـەڵتۆقیوی پـانی هەیـە درێژییەکـەی لەسـەروی شـەش مەترومیـە، کێـشەکەی نزیکـەی (١٥٢٨) کیلـۆ گرامـەو، وەك *مـار* مەلـەوانی دەکات، بەدرێـژی پـشتی بـاڵێکی سـوری درەوشـاوەی پێوەیـە، دوو پۆپینـەی لەپێشە سەریەوە هەیە کە رەنگیان سوری درەوشاوەیە.

ماسی لوس The Dragan - Fish

لـەقوڵی زیـاتر لـە(٥٠٠) مـەتردا دەژیو درێژییەکـەی (١٥٠) سـەنتیمەترە، لەهەردولای لەشیەوە ریزێك روناکی هەیە وەکو چرای هەڵکراو وایە ئەگەر جێگایـەك زۆر تـاریکیش بێـت رۆشنی دەکاتـەوە، دەمێکـی گـەورەی پێوەیـە بەدوو ریز ددانی زۆر تیژ نەخشێنراوە.

ماسی راوچی Angle - Fuish

ئـەم جـۆرەی ماسـی رەنگێکـی تـاریکی هەیـەو لـەقولایی زیـاتر لـە(١٠٠٠) مـەتردا دەژی، دەمێکـی زۆر گـەورەی پێوەیـە کـە دوو ریـز ددانـی زۆر تیـژی کوشـندەی تێدایـە، گەدەیـەکی زۆر گـەورەی هەیـە کـە بەئەنـدازەی هـەموو

سەیرو سەمەرەکانی.......................................

لەشیەتی، لەپێشی سەریەوە زیادەیەك هەیە کە بۆ سەرەوە چووە، بۆ چێژکردنی ماسیەکانی تر بەکاری دەهێنێت بۆیە ناونراوە *ماسی راوچی*.

Swalloeer - Fish ماسی گەیوو

لەماسی ئاوە زۆر قوڵەکانە، خاوەنی گەدەیەکی زۆر گەورەیە کە بەئاسانی دەکشێت، بۆیە لەتوانایدایە ماسی لەخۆی گەورەتریش بخوات، رەنگی قاوەییەکی تێرە ددانەکانی زۆر تیژە، دەمێکی گەورەو کلکێکی درێژی پێوەیە لەکلکی مار دەچێت ئەوەندە نەبێت کلکی ئەم دڕکاویە.

Lantera –Fish ماسی چرا

درێژییەکەی نزیکەی هەشت سەنتیمەترەو درەوشاوەیە، زۆرجار دێتە سەر ئاو بەجۆرێك لەشەودا دەریاوانەکان روناکیەکەی دەبینن، بەشەو هێڵێکی روناکی دروست دەکات.

Pelican –Fish ماسی سەقاکوژ

لە ئاوە زۆر قوڵەکاندا دەژی، دەمێکی پانی هەیەو رەنگەکەی سەوزێکی تێرە، *ماسی سەقاکوژ* بەشێوەی مار درێژەو سەرێکی گەورەی هەیە، کاتێك دەمی دەکاتەوە لەسەری خۆی گەورەترە.

Lighting –Fish ماسی راوچی درەوشاوە

.... جیهان

شێوەی سندوقییەو دەمو سکێکی گەورەی پێوەیە کە لە لەشی گەورەترە، لەبەشی دواوەی لوتیدا زیادەیەك هەیە وەکو چرا روناکی دەبەخشێتو، ددانەکانی لەشێوەی خەنجەردایە لەلای چەناگەیدا لقێکی دەرچوی هەیە وەکو لقی دار وایە بۆ ماسی گرتن بەکاری دەهێنێت.

ماسی ئەویسوبروکتس سولیاتس Oiois Thoproctn –Fish

ئەمەیان لەجۆری بچوکەو سکێکی پانو هەلتۆقیوی هەیە شێوەی لەبەرازی زرێپۆش یان راوچیانی سەدەکانی ناوەراست دەچێت کە چۆن کڵاویان دەکردە سەریان، لەقەبارەی بەرازێکدایە، رەنگێکی سوری تێرەو تیشکێکی سور دەر دەکات لەپێشەوەی سەریدایە رێگای پێ دەدۆزرێتەوە.

شڵەماری ئەڤۆست Avocet Eel –Fish

جوتێك شەویلگەی زۆر سەیری پێوەیە هاتۆتە دەرەوە بۆ هەردولای سەرەوەو خوارەوە چەماوەتەوە لەشێوەی بازنە یان مانگێکی بچوکدایە، زۆر باریكو درێژە، رەنگەکەشی ئاڵتونییەکی بریسکەدارە، بچوکەکانیان هێندە رونن ئێسکەکانیان دیارە.

مارماسی دان شمشێری

لەماسی ئاوە فوڵەکانەو لەسەر ماسی تر دەژی کاکیللەیەکی گەورەی پێومیەو ددانەکانی هێندە تیژن دەڵێی شمشێرە، لاشە درێژەکەی وەکو مارێکی سەوزی تێر وایە.

ماسی بێ ناو Unknoun –Fish

ئەو ماسییە هێشتا هیچ ناوێکی لێنەنراوەو زانایان گیریان خواردوە بەدەست ناوەکەیەوە.. لێکۆڵینەوە لەسەر سروشتو ژیانی، ئەوەندەی توانیویانە لەسەر ئەو ماسییە بزانن ئەوەیە کە رەنگەکەی وەنەوشەییەکی بەرەو رەشە دوو چاوی گەورەو دەمێکی زلی پێومیە کە لەدەمی پیاوێکی بێ ددان دەچێت، شێوەی لەژێر ئاوی دەچێت بەسەرییەوە دوو درك هەیە وەك رووناکییەك بەکاری دێنێ.

گەورەترین گیان لە بەری ئاوی

*نەهەنگی شین*ە کە درێژییەکەی دەگاتە (٣٣) مەترو کێشەکەشی دەگاتە (١٢٠) تەن پانی کلکی حەوت مەترە، درێژی باڵەکانی پێنج مەترەو قورسی ماسولکەکانی پەنجا تەنە، لانیکەم بیستو پێنج تەن رۆن لە لەشیدایە، جگەرکەشی (٥٠٠) کیلۆگرامەو تەنیا دڵی (٣٥٩,٤٤)

کیلۆ گرامە، دەمی زۆر گەورەیە، بەڵام گەدەی تەسکە، دەمی دانی تیدا نییە بەڵام دوولای پێوەیە لەهەرە دەچێت، لەسەرو وردە ماسی دەژێت سەرەڕای ئەوەی زۆر قەبەیە، بەڵام لەگەڵ ئاودا قوتی دەدات دوای بەزمان ئاوەکە فڕێ دەداتە دەرەوەو ئەو ددانە هەڕەییانە رێگە لەهاتنە دەرەوەی ماسییەکان دەگرن، *نەهەنگی شین* هەر بیست خولەك جارێك دێتە سەر ئاو، پرۆسەی هەناسەدانیشی لەرێگەی کونەکانی لوتیەوە دەبێت کە لەتەوقی سەریدایە.

نەهەنگی خوێنرێژ

لەدونیادا جۆرێك نەهەنگ هەیە پێی دەوترێت *نەهەنگی خوێنرێژ* ناوەکەی بەلاتینی *ئورکنیس ئورکا* یە لەتایبەتمەندیەکانی ئەم نەهەنگە کوشندەیە، درێژی مێینەکەی بەئەندازەی نیوەی درێژی نێرەکەیەتی کە نزیکەی (١٠) مەترەو کێشی چەند تەنێك دەبێت، *نەهەنگی خوێنرێژ* بەدڕەندەترین و دوژمنترین گیانداری ئاویی دادەنرێت، دووران لەکاچێرەکانی زۆر ترسناکن و لەکاکیلە دەچێت و، هۆکاری ناولێنانەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆر جار کۆمەڵ دەبەستن و هێرش دەبەنە سەر کۆمەڵانێکی تر بەبێ هیچ هۆیەك و بەخراپترین شێوە لەناویان دەبەن بەبێ ئەوەی هیچ دوژمنایەتیەکیان لەگەڵیاندا هەبێت.

نەهەنگی شاخدار

لەناوچەی بەستەڵەکی باکوردا جۆرێك نەهەنگ هەیە شاخیان هەیە، ناوی زانستی ئەم نەهەنگە (*مونـودون/ مونوسـیرس*)ەو دیمەنێکی سەیری هەیە، نێرەکانیان ددانەکانیان پێچاوپێچەو زۆر درێژو قورسە لەمادەی عتجیشە، درێژی هەر ددانێکی سێ مەترە، هەروەها شاخێکی بەهێزی هەیە کە سەهۆڵبەندانی دەریاکانی پێ دەشکێنێت تاوەکو ئاژەڵێکی مەمکدار هەوا هەڵمژێت، لەشاخیدا کونێکی تێدایە بۆ هەوا هەڵمژینە، خەڵکی ئەسکیمۆ بۆ گۆشتەکەیان راویان دەکەن و لەرۆنە زۆرەکەشی سود وەردەگرن، چونکە بەکاریدەهێنن بۆ خۆگەرمکردنەوەو ئاگرکردنەوە.

ئایا گیاندارێك هەیە نەخەوێت؟

هەرچی بەچوار قاچ بڕوات دەبێت کاتێکی هەبێت تێدا پشوو بدات و ماندویەتی خۆی دەربکات بۆ ئەوەی هێزو تواناو چالاکیەکانی بۆ بگەرێتەوە، زۆربەی ماسییەکان دەنوون: هەیانە لەکاتی خەوتندا لەشوێنی خۆیدا مەلەدەکات و بەبێ جوڵە لەشوێنی خۆی دەمێنێتەوە، هەندێکیان خەوتون لەشوێنی خۆیاندا وەك ماسی *ئەسپی دەریا* و، کەچی ماسی *قرش* لەو جۆرانەیە کە ناخەوێت، ئەمەش زانایانی

سەرسامکردوە، لەبەرئەوەی هەمیشەو بەبێ وەستان لەدۆخی مەلەکردندایە.

گورجوگۆڵی ماسی قرش نائاساییە لەبەرئەوەی ئەگەر بریندار بوو هەست بەئازار ناکات و لەشەڕو خواردنی خۆی ناکەوێت و هەرگیز کۆڵنادات.. ئەڵێن تەنانەت ئەگەر شتێکی تیژ سکی بدڕێت و ریخۆڵەکانی دەربێت، لەخواردنی خۆی ناکەوێت.

هەروەها جۆرێک لە قرشی شین هەیە دەتوانێت بەخێرایی ژێرئاویەکی خێرا بچێتە ژێر ئاوەوە، ماسی قرش بێجگە لەسەری بریتیە لەکۆمەڵێک ماسولکەی جوڵاو.

ماسی پڵنگ

وەک چۆن لەدونیای ئاژەڵاندا پڵنگی دڕندەو کوشندەیە هەیە، بەهەمانشێوە لەدونیای دەریاشدا پڵنگی کوشندە هەیە، لەئاوە گەرمەکاندا جۆرێک ماسی قرش هەیە ناوی ***قرشی پڵنگ*** بۆیە ئەم ناوەیان لێناوە چونکە هێرش دەکاتە سەر هەموو شتێک مرۆڤ، گیانلەبەر، تەنانەت قرشەکانی تریش، هێندە گەورە دەبێت تا درێژییەکەی دەگاتە ٤,٥ – ٩ مەتر هەندێک جار دێتە بەندەرو رێگە ئاویەکانیشەوە هێرش دەکاتە سەر هەرچی یەک رێگەی لێبگرێت لە مرۆڤ، گیانلەبەران تەنانەت لە هاوشێوەکانی خۆی لەماسی و قرش.

ماسی بەچێژەوە پیسی دەخوا

لەجیهانی گیانلەبەراندا جۆررێك بەراز هەیە لەسەر پیسیو پاشماوەکان دەژێت هەروەها لە جیهانی دەریاشدا جۆرێك لە ماسی قرش شین هەیە کە درێژیەکەی لەنێوان (٥–٧) مەتردایە، زۆرترین گۆشتی مرۆڤ دەخوات و شوێنی کەشتیەکان دەکەوێت هەرچی پیس و پاشەڕۆیەك فڕی دەدرێتە خوارەوە دەیخوات تەنانەت ئەگەر تەنەکەو شوشەو قوتوش بێت.. هیچ هیچ سڵ ناکاتەوە لەپەلاماردانی مرۆڤ و لەناوبردنی، لەگەدەی یەکێك لەو درندە ترسێنەرەدا جوتێك کەللەی مەڕو بەشی دواوەی بەرازێك و سەگێك بەسەرەوەو بەساغیو جوتێك پێڵاوی کۆن (٢٠٠) تەن گۆشت کە سەرچاوەکەی نەزانراوە دۆزرایەوە لەگەڵ نیو دەستە شوشە کونیاکدا، ئەم قرشە شینە خوێنمژە دەتوانێت لە سەعاتێکدا (٤٨) کیلۆمەتر ببڕێت.

ماسی جەنگاوەر

درێژی ئەو ماسیە جەنگاوەرە نزیکەی (١٨٠) سەنتیمەترەو، سەرەڕای دیمەنی جوانی رەنگە ئاڵو واڵاکەی، کەچی شەڕانییەو لەوڵاتی تایلەند دەژیو لەتەنیشت کەڵەشێری شەرشانیدا لەناو حەوزێکدا دادەنرێت بۆ فرۆشتن، ئەو ماسییە پێویستی بەئۆکسجینی تواوە هەیە کە لەرێگەی ئەندامانی سەروی کونە لوتیەوە راستەوخۆ

وەریدەگرێت، وەکو ماسی لاپرنتی لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێت لەناو بڕێت بەڵام لەکاتی هەوا مژیندا کە بە دەمە گەورە کراوەکەی دەیمژێت بەرزدەبێتەوە لەکاتێك دوو نێرە بەیەکدەگەن دیمەنێکی زۆر جوانتر دروستدەکەن، لەجەنگێکی خوێناویدا زۆرجار یەکێکیان ئەوی تریان لەناودەبات.

ئایا بیستووتانە ماسی سی هەبێت؟

لەخۆرهەڵاتی ئەفەریقا بەتایبەتی لە گۆماوو زۆنگاوە وەستاوەکاندا جۆرێك لەماسی سەیر دەژی بەناوی *دیتۆی*.. سی هەیەو بەدەرکەوتنی زۆر کۆنەو دەتوانرێت بەپێشینەی هەموو گیاندارە زەمینییەکان دابنرێت، ماسی *دیتۆی* پێنج جۆری زیندوی هەیە درێژییەکەی (١٨٠) سەنتیمەتر یان تۆزێك زیاتر دەبێت.

بەرۆژ لەناو قوڕدا دەنوێت و لەکاتی خۆرئاوا بووندا دەچێتە ناو ئاو بەمەبەستی هەناسەدان، لەکاتی بێ بارانیشدا کاتێك زۆنگاوەکان وشکدەکەن لەناو قوڕدا خۆی دەنوشتێنێتەوە، کونی بچوك لەقوڕەکە دەکات بۆ چونە ژورەوەی هەوا، بەمجۆرە لەخەوێکی قوڵدا دەبێت و لەچەوری لەشی خۆی دەخوات، تا جارێکیتر باران دەبارێتەوە.

ماسی جورپی سـی خاڵ

جۆرێکی لەماسی سی دار، هۆکاری ناوناکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەندامێکی هەناسەدانی زۆر ئاڵۆز دروستکراوی هەیەو راستەوخۆ لەسەروی کونە لوتەکانیەوە هەناسە دەدات.

لـەگروپی ماسـی *سـیامی* کوشـندەیە ئـەم دوو جـۆرە هـەردوکیان بـۆ هەناسـەدان دێنەسـەر ئـاو نێـرەی ئـەو هـەردوو جۆرەشـی هێلانەکـەیان لەسەر ئاو دروستدەکەن لە تۆقڵەیەکی بنجاوی کە هێلکەکانی بیدەخەن دوای چاودێری دەکات تا دەتروکێت، نێرە کانیش خەریکی بێچوەکان دەبن ئەوەی سەیرە ئەم جۆرە ماسیە مێ کانیان بە هیچ جۆرێ گرنگی نادات بە بێچوەکانی.

ماسی نیون

یەکێکـە لــە ماسـی یـە بـچکۆلە هـەرە زیرەکـەکان، کـە لـە ئـاوە سازگارەکانی ناوچەی ئیستیوائیدا دەژێت، کاتێك دەڕوات دو شریتی شـینی رۆشـنا دەبینرێـت وەکـو گلـۆپی نیـۆن، ئـەوەی کـە سـەیرە لـەم ماسیەدا کاتێك سەرما یان تورە دەبێت رەنگی رەش دادەگەڕێت.

جیهان

ماسیش ئاگاداره بەسەر زەمین لەرزەدا

لەیاباندا زانایانی دەریا بۆ زانینی کاتی زەمین لەرزە پشت بەجۆرێکی تایبەتی لە ماسی دەبەن، کە پێی دەوترێت ماسی (سەوڵ لێدەر) دەڵێت:

ماسی سەوڵ لێدەر کە لە قوڵایی ۲۰۰ مەتر ژێر ئاودا دەژی ئەگەر هاتە سەر ئاو ئەوە مانای وایە زەمین لەرزەیەکی زۆر گەورە خەریکە روبدات، بەجۆرێك ئەو ماسیە لە قوڵاییەوە دێتە سەرەوە وەکو داوای رزگاربون بکات، توانرا بە هۆی هاتنە سەر ئاوە وەی دووماسی جۆری زەمین لەرزە زان پێش بینی زەمین لەرزە بکرێت، ئەم ماسیە رەنگەکەی زیویەو درێژیەکەشی هەندێکجار دەگاتە ٥ مەتر.

مۆزەخانەی دەریایی سەر بەزانکۆی تۆگای ژاپۆن دەڵێت: دوو ماسی راوکراون لەنزیکی تۆکیۆ لەجۆری زەمین لەرزان پێش بومەلەرزەکەی دورگەی *ئینجیینا* لەساڵی ١٢٩٦٣دا.

ئەم دیاردەیە چەند رۆژێکی کەم پێش رودانی بومەلەرزەکەی ئەواجیمای ساڵی ١٩٦٨ دوباره بووه، لەکۆنیشدا پێشینیان بەگیانداره ماڵیەکانی وەك سەگ و پشیلە رودانی زەمین لەرزەیان زانیووه، کاتێك بەبێ هیچ هۆیەك میاندوریانەو وەڕیون، هەروەها باڵندە دەنگ خۆشەکان لەئاواز وتن، کەوتون زانایان لەژاپۆن پێیانوایە دیاردەی ماسی بومەلەرزەزانیان بەدیاردەیەکی ناسروشتییە، لەبەرئەوەی ئەو ماسییە

کاتێك دێتە سەر ئاو یان مردوە یان دەمرێت. هاتە سەر ئاوی وەك ئەوە وایە لەمردنەوە رابکات بەرەو مردن، مردنیشی هەواڵێ رودانی زەمین لەرزەکەیە.

ماسی تیر وەشێن

لەئاوە گەرمەکانی روبارەکانی خۆرهەلاتی دوردا دەژی، خاوەنی شێوازێکی زۆر سەیرو نامۆیە لەراوکردندا، دێتە سەر ئاو بۆ گەران بەشوێن خواردندا لەو مێروانەی بەسەر گەلای روەکەکانەوەن، کە مێرویەك دەبینێت چەند جارێك لەسەریەك لیکی بۆ فری دەدات، بەخێراییەکی زۆر تاوەك نیشانەکە دەپێکێت و مێروەکە لەشوێنەکەی خۆی دەکەوێتە خوارەوەو ئەویش زۆر بەئاسانی دەیکاتە، فراوێنی.

ماسی پشیلەی دەریایی

جۆرێکی زۆر سەیرە لەماسی کە نێرەکانی بەئەرکی دایك هەڵدەسێت، دوای ئەوەی مێینە هێلکە دەکات نێرە دەیخاتە دەمیەوە، مانگێك زیاتر لەدەمیدا هەڵەیدەگرێت دوای ترەکین دوو هەفتە هەر لەدەمیدا دەیهێڵێتەوە، سەرەرای بوونی (٥٠) هێلکە یان ماسی بچوك لەدەمیدا ناتوانێت هیچ خواردنێك بخوات، بۆیە ناچاردەبێت بەدرێژەی ئەو ماوەیە کە دەگاتە شەش هەفتە بەرۆژوو بێت.

قوڕناویلکەی دێم ئاوژی (سمندل البرمائی)

لە ئەمەریکادا قوڕناویلکەیەکی تازەیان دۆزییەوە لەماسی دەچێت، بەڵام دوو ئامێری هەوا هەڵمژینی پێوەیە ئەوانیش دوو لوتە کە لەژێر ئاوەوە هەوای پێ هەڵدەمژێت لەگەڵ سییەکدا کە لەدەرەوەی ئاو هەوای پێ هەڵدەمژێت، ئەویش لەبەر ئەوەی گیانداریکی وشکاوییە (برمائی) واتە لەوشکان و لەدەریادا دەژی.

بەشی نۆیەم

سەیرو
سەمەرەکانی رووەك

داری گەورە

!.. لەهەموو دروستکراوێکی خودا (شاز) هەیە، هەیە کورتە بالاّیەو یان بەپێچەوانەوە زۆر گەورەیە، وەکو دەبینین لە رەگەزەکانی مرۆڤدا کورتە بالاّ هەیە ئەوانەی کە لەبیرکراوەکانی ئەفریقیادا دەژێت و ژیانیان لەسەر میوەو روەك و هەنگوینە. هەروەها زەبەلاحیشیان تیاەبینین ئەوەندە گەورەیە.کاتێك کەسێکی ئاسایی لەگەڵیدا دەوەستێت هەست بە بچوکی دەکات لە رەگەزی داریش چەندین جۆری داری گەورەو بەناوبانگ هەیە، بۆ نمونە داری (*سیکوریا*) کێشەکەی نزیکەی ٢٠٠٠ تەنە و ١٥٠ تەن گەلای پێوەیە و ٨٠٠ مەتری سێجا ریش داری لێدەردەهێنێت و لە دارستانەکانی ئەمەریکاو بەریتانیادا دەڕوێت.

!.. هەروەها دارێکی تری زۆر گەورەمان هەیە بەناوی (*سیکوباجا یجانتیا*)یە، بە گەورەترین دار بەڵکو بەگەورەترین گیانلەبەری زیندوو دادەنرێت لەسەر ووی زەویدا، گەورەترین نمونەی کە ئەمڕۆ هەیە داری *جنراڵ شیرمان*ە.کە لەباخچە ئەهلییەکانی سیکوبای کالیفۆرنیادا هەیە، چێوەی رەگەکەی نزیکەی ٣١ مەترەو تیرەکەشی نزیکەی ٩,٥ مەترە، بەرزییەکەشی نزیکەی ٨٣ مەترە، تەمەنیشی بەگوێرەی ئەو ئەڵقانەی کە سالاّنە لێی براوەتەوە دەریدەخات لەسێ هەزار ساڵ زیاتر بێت، ناوەکەشی لەسیکوبای سەرۆك خێڵی (شیروکی) بەناوبانگی هیندیەوە وەرگیراوە.

ئەو دارەی خەڵك دەخوات!!

دەستەیەكی نێراوی ئینگلیزی پێش بیست ساڵ چونەیە كێك لەدروگەكانی زەریای ئارام لە گەرانەوەیاندا بۆ بەریتانیا هەواڵی دارێكیان لەگەڵ خۆیاندا هێنایەوە كە مرۆڤ و ئاژەڵ دەخوات، ئەویش ؟؟؟ گەلا زۆرەكانی بەدەوری قوربانیەكەدا بەجۆرێك هەموو خوێنەكەی دەمژێت و كاتێك وازی لێ دەهێنێت تەنیا ئێسكە پەیكەرەكەی ماوە. ئەو دەستەیە دەڵێت ئەم دارە لە هەمان دورگەدا دەژی كە (سندی بادی دەریایی) تیایدا دابەزیوەو سەیرو سەمەرەكانی ئەوێی باسكردووە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بڕوایان وایە گیانی باپیرانیان و خواكەیان خۆی لەگەڵاكانی ئەو دارەدا پەناداوە، بۆیە دەیپەرستن و بەپیرۆزی دەزانن و قوربانی بۆدەكەن، بەڵام چۆن كەسێك دەتوانێت لەو دارە نزیك بێتەوە، دەبێت خەوببینێت كە لە ژێریدا وەستا وە یان تەنیا خەوی پێوە ببینێ. هەر زو رۆژی دوایی بێ درۆ لای كاهن دان بە هەموو شتێكدا دەنێت، گوایە ئەم هەڵبژێردراوە بۆیە بڕوایان وایە توشی نەفرەتی هەتا هەتایی دەبێت.

گوڵی كوشندە!

لەجیهانی روەكدا جۆرێك گوڵ هەیە كە گوڵی جوان دەگرێت، بەڵام لە نێوان گەڵاكانی دا مەترسییەك خۆی حەشارداوە بێ ئەوەی پێی بزانێت بۆ نمونە:

گوڵی شوکرانی کوشندە!

سەربە خێزانی گەزەرو Canat بەقدە نوسە Parsly لە شێوەی چەتردایەو گوڵێکی سپی دەگرێت قەدیش وردە خاڵی سوری لەسەر کاتێك دەهارێدرێت بۆنێکی ناخۆش دەدات لە بۆنی مشك دەچێت Mousy لە شوێنە شێدارەکاندا گەشەدەکات، کونێن (Conuue) ناوی ئەو ژەهرە یە کەلە رەگەکەیدا دەردەهێنرێت و دەبێتە هۆی شەلەل Parolyois لە بەشی خوارەوەی مرۆڤەوە دەستپێدەکات و کە گەیشتە کۆئەندامی هەناسەدان لەماوەی چەند چرکەیەکدا ئەو کەسە دەکوژێت.

رووەکی گوێزی ڕشێنەرەوە Nuxyomica

رووەکێکە لە ئاسایی ئیستیوائیدا دەژێت، بەرەکەی بە ئەندازەی پرتەقاڵێکی بچوکە پێنج دانە تۆوی تیدایە، لە تۆوەکەی ژەهرێك وەردەهێنرێت پێی دەوترێت (ستركنين) (Chununestry) ژەرهاوی بون بەسترکنین توشی گرژ بونی زۆر دەکات کە مردنی لەگەڵدایە، لە ئەنجامی وەستانی هەناسەداندا، لە کاری پزیشکیدا وەکو ماددەیەکی پەرێزدەر (منبهـة) (Stimulant) بەکاریدەهێنن کاردەکاتە سەر کۆئەندامی چەقە دەماری لەش.

Cintrol Nervious System

ڕووەکی زەعفەرانی مروج Neadowsofform

هـەروەها پێـی دەوترێـت (لحـلاح) ئـەم ڕووەکـە ڕەنگـی گوڵـەکانی وەنەوشـەیی تێـرەو کـە لـە زەعفـەران دەچـێت Croaes، دوای ئـەوەی لـەپایزدا گوڵـەکانی دەمرێـت ژەهرێکـی لـێدروست دەکرێـت بـەناوی (کشلیسین) (Calchicine) هەرچەند خێرا ئەو کەسە ناکوژێت بەڵام بێ ئەندازە مەترسیدارە، لە بواری پزیشکیدا بۆ چارەسەری نەخۆشی شەو کوێری (نقرس) (Out) بەکاردەهێنرێت.

ڕووەکی گوڵی کریسماس Christmasrose

گەڵاکـەی سـەوزێکە دەمـاری سـوری تیدایـە، جـۆرە ژەهرێکـی تێدایـە پێی دەڵێن هیل یبورین (Helleberien)

ڕووەکی سێوی دڕکاوی Thornapple

ناوە بازاڕییەکەی (داتورا)یە یەکێکە لە تاکەکانی خێزانی باینجان، ناوکەکەشـی لەشـێوەی تـۆوی دڕکاویەکەیـەوە وەر گیراوە (Spiny) کـە لەکمـستنا (Chentnut) دەچێـت تائەندازەیـەك کاریگەریەکـەی وەکـو مادەییەکی ژەهراوی لەلادۆنای ژەرهاوی (Shade Deadly Vight) دەچـێت ئـەم دو ڕووەکـەش هـەردوکیان هـەردوو مـادەی ئـەترۆپین (Atropine)و هیوسیامین (Hyoscyamin)یان تێدایە، کە کاردەکەنە

سەیرو سەمەرەکانی.................................

سەر یەکخستنی کۆئەندامی (عصبی) هەروەها لەبواری پزیشکیشدا بەکاردەهێنرێت بۆ چارەسەری نەخۆشی هەناو، رەبو.

رووەکی ئیڤی ژەهراوی Poisen Tvy

رووەکێکی هەڵزناوە نەژادی راستەقینەی ئەمەریکای باکورەو بە بەڵادا دەنرێت و مەترسیەکەی زۆری هەیە لە هەر کوێدا بڕوێت (رانتج) ئەو ژەهریە کە گەڵاو گوڵ و تۆو قەدەکەی دروستیدەکەن. تەنیا بەدەست پێوەدانی ئاوسان لە پێشدا دروستدەکات. تەنانەت کە دەسوتێنرێت دوکەڵەکەش ژەهراویەو هەرکەسێ ئەو دوکەڵەی بەرکەوێت کار دەکاتە سەری ئەگەر دوای ساڵێك یان زیاتریش بێت.

گەورەترین دارستان

دراستانی دارە سنەوبەرییەکانە لە باکوری روسیادا کە دەکەوێتە نێوان هێڵی ٥٥ و بەستەڵەکی باکورەوە بە گەورەترین روبەری سەوز دادەنرێت لە جیهاندا یەکسانە بە ٢٥٪ ی دارستانەکانی جیهان.

کۆنترین دار لەجیهاندا

کۆنترین دار لە جیهاندا لە ئەمەریکای باکوردایە دارێکە لە خێزانی سنەوبەرییەکان بەگەورەترین داری سنەوبەری دادەنرێت لە جیهاندا، تەمەنی مەزەندە کراوە بە ٤٩٠٠ ساڵ.

گەورەترین دار

ئەو دارە گەورەیە یە کە لە کالیفۆرنیا دایەو ناوی (جنرالْ شیرمان)ەو بەرزییەکەی ٨٢,٩١٨ مەترە لە باخچەی سیکۆبای نیشتمانیدایەو، چێوە راستەقینەکەی ٢٤,١١ مەترە.

گەورترین قەدی دار

قەدی داری (سانتا مار دیاك تول)ە لە مەکسیك لە جۆری سەروەو قەدی لە نێوان ٣٤,١٧٩ تا ٣٤,٤٤٢ مەتر دایە.

گەورەترین گوڵ

گوڵی زەنبەقە لە باشوری رۆژهەلاتی ئاسای رەنگەکەی پرتەقاڵییەکی بەرەو قاوەییە چێوەکەی ٩١سم و ئەستوری ٢سم و کێشەکەشی ٧ کیلۆ گرامە.

گەورەترین پەتاتەی شیرین

هی (جورج دین) بوو لە (جیبونتوت)ی کالیفۆرنیا لە ساڵی ١٩٧٧ دا کێشی گەیشتە ١٠,٢٠٢ کیلۆ گرام

گەورە ترین کاڵەك

ئەو کاڵەکە بوو لە کێڵگەی غریس نیو جێرس لە ساڵی ۱۹۷٥ دا، کێشەکەی ۸۹,۹٤کیلۆ گرام بوە (ئید وییکی) خەڵکێ گارولینای باکور بەرهەمی هێنا.

بچوکترین گوڵ

بچوکترین گوڵ لە جیهاندا گوڵێکە بەناوی (جالنوجا یارفیفلورا) (Galinsogprviflora) بەزۆری لە ئەمەریکادا دەڕوێت، گولەکانی ئەم گوڵە لەشێوەی سەرێکدا (Head) کۆدەبنەوە درێژییەکەشی نزیکەی ۱ ملیمەترە.

گەورەترین گوڵ

گەورەترین گوڵ تا ئێستا لە جیهاندا هەیە دوو گوڵە، لەدارستانەکانی سۆمەترەی ئەندەنوسیادا دەڕوێت یەکەمیان ناوی (رافیلیزیا) یەو درێژی تیرەکەی لەمەترێك زیاترەو بەرزەیەکەشی لەسەر رووی زەوییەوە سێ چارەکە مەتر دەبێت، گوڵێکی سوری تێرە بەرەنگی زەر نەخشێنراوە پێنج گەڵاو کاسەیەکی هەیە لە شێوەی تەشتێکی گەورەی سەرداپۆشراو، یان مەنجەڵێکی گەورەی سەردانە پۆشراو دایە جۆری دووەمیان گوڵێکە پێی دەوترێت (ئەمورفوفالیس)

بریتیە لە قەدێك كە چەندین گوڵی هەڵگرتووە، ئەم گوڵە سێ مەتر درێژ دەبێت، هەردوو گوڵەكەش بۆنێكی ناخۆشیان هەیە، كە مێروو و مێشولە رادە كێشێت.

روەكی ئاژەڵ خۆرا

روەكێكی بچكۆلەیە تیرەكەی لە ٥ تا ٨ سم-ەو گەڵاكانی لەسەر یەك ریز بووە لە شیوەی گوڵ هەر گەڵایەكیش ملێكی باریك و فودراوی هەیە لەسەر ئەو پانتاییە دەزولەیەكی درێژی هەیە، ئەو هەموو دەزولانە لە لایەكەوە لینجاوی لەسەرن لەراستیدا هەر گەلایەك لەو گەڵا یانە برتیە لە داوێك بۆ مێشوولە بچووكەكان. هەرچی مێرو یەكیش لەسەر ئەو دەزولانە بنیشێتەوە پێوەی دەنوسێت هەوڵدانی ئەو مێرووە بۆ رزگار بوون ئاگاداری ئەو دەزولەیە دەكاتەوە تا زیاتر خۆی پێچ بدات و زیاتر خۆی لەسەری دابخات، تاوەك مشتێكی داخراوی لێدێت. ئەولینجاوە سەسەرای ئەوەی تەڵەیەكە، لەهەمان كاتدا ماددەیەكی هەرسكەرە Digestive Fernnent لەشی مێروەكە دەتوێنێتەوە.

گەورەترین كولەكە

كێشی ٢٣٢,٦٤٦ كیلۆ گرامەو (هارولد فۆلپ) چاندبووی لە (نینوای ئەندیانا) لە ساڵی ١٩٧٧ دا.

گەورەترین پرتەقاڵ

شین وشون کالندین چاندی لە توکسونی ئاریزو نا لە ساڵی ١٩٧٧، قورسی ١,٦٧١کیلۆ گرام بوو.

گەورەترین تۆو

تۆوی گوێزی هیندی جوتەیەکە کێشی تۆوەکەی ٢٣کیلۆ گرام، لە دورگەی (شیل)ی زەریای ئارامدا نەبێت لە هیچ شوێنێکی تری دو یادا ناڕوێت.

بچوکترین تۆو

تۆوی درەختی (سەحلەبی هەڵزنیوە) ئەگەر سێ‌وپێنج ملیۆن تۆوی کۆبکەینەوە تا دەگاتە ٢٨,٤٥٣گرام.

گەورەترین تۆوی ئەناناس

لە کانونی یەکەمی ١٩٧٧دا (ریتیف) لە مالیزیای کینیادا کردیەوە قورسییەکەی ٨کیلۆ گرام بوو.

گەورەترین کلافە

لە جۆری سورە، کێشی ٥٥,٧٨کیلۆ گرام چێوەکەی ٦٥,٧٨ سم، ولیام تولینموود، لەساڵی ١٩٦٥ دا بەرهەمی هێنا.

گەورەترین لیمۆی ترش

کێشی گەیشتە ٢,٨٣٤کیلۆ گرام و چێوەکەشی ٧٣سم بوو ئەوەی کە بەرێز کونوتزن لە کالیفۆرنیادا لەسەری نوسی دەلێت گەورەی لیمۆ کە بە بەراورد لەگەڵ سەری خاوەنە جوترایەکەیدا چوار بۆ یەك بوە.

گەورەترین گێزەر

قورسییەکەی ٥ کیلۆ گرام بوو (پوپ ماکوان)ی خەڵکی فیکتوریای ئوستورالیا بەرهەمی هێناو لە ئەیلولی ساڵی ١٩٦٧ دا.

گەورەترین تور

کێشی گەیشتە ١١,٣٢٥کیلۆ گرام، غلین تاکار لە ئوستورالیای باشور بەرهەمیهێنا لە ساڵی ١٩٧٤دا.

گەورەترین خەیار

شەشە کیلۆ گرام بوو (جورج کوشیرا)ی تکساس بەرهەمیهێنا لە ساڵی ١٩٧٨دا درێژییەکەی ١٨٢سم بوو.

سەیرو سەمەرەکانی...

بەشی دەیەم

سەیرو سەمەرەکانی سروشت

بەهێزترین زەمین لەرزە

بەهێزترین زەمین لەرزە تا ئێستا لە وێنەی نەبوبێت ئەوە بوو لە ئایاری ساڵی ١٩٦٠دا دای لە (لیبۆ) لە باشوری (کوانسبسیۆن)ی شیلی پلەکەی گەیشتە ٩,٥ پلە.

خراپترین زەمین لەرزە

ئەو زەمین لەرزەیە بوو لە هەرێمەکانی (شنی وشەنی) چیندا روویدا لە دووی شوباتی ١٥٥٦، کە گەورەترین زیانی گیانی لێکەوتەوە ئەویش کوژرانی ٨٣٠,٠٠٠ کەسی لێکەوتەوە، هاو شێوەی ئەم زەمین لەرزەیە لە ساڵی ١٩٧٦ لە سەعات ٣,٥ شەودا هەرێمێکی رۆژهەڵاتی چینی گرتەوە بوە هۆی کوژرانی ٧٥٠,٠٠٠ کەس، هێزەکەشی بە پەلی ٨,٢ پلە بوو.

گەورەترین زەمین لەرزەی زیان بەخش

لەدەشتی کوانتۆی یاباندا روویدا لە یەکی ئەیلولی ١٩٢٣دا، بەهێزی ٨,٢ پلە ناو نرا (لەرزەی مەزن) لە ئەنجامیدا کەنداوی (ساغامی) دا بەزی، ژمارەی کوژراوان و ونبوانن و سوتاوان گەیشتە ١,٤٢٠,٨٠٧ کەس، هێندەماڵیشی لە تۆکیۆو یۆکۆهامادا روخاند کە ئەو کاتە بە ٢٨٠٠ ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرا.

مەزنترین هەڵچونی ئاگرپژێن

سەرجەمی ئەو مەوادەی کە بورکانی (تامبورا) لە دورگەی (سامبوای) ئەندەنوسیا فڕێیدا لە ساڵی ١٨١٥ بریتی بوو لە١٥٠,٦٥٣ کیلۆمەتری سێجا تیرەی لولەکەشی گەیشتە ١١,٢٦٣ کم.

مەزنترین تەقینەوەی ئاگر پژێن

ئەو تەقینەوەیە بوو کە بووە هۆی هەڵچوونی (کارکاتو) ئەو دورگە زۆر بچوکە کە رووبەرەکەی ٧٤,٩٨٨ کم دوجایە، لەپێش نیوەڕۆی ٢٧ ئابی ١٨٨٣دا تەقیەوەو ١٦٣ دێی وێرانکردو بووە هۆی کوشتنی ٣٦٣٨٠کەس.

مەزنترین ئاگر پژێنی بێدەنگ

بورکانی (لولا یلاکو) بوو لەسنوری نێوان شیلی و ئەرجەنتین بەرزییەکەی گەیشتە ٦٧٢٢,٩٧٣ مەتر لەسەر رووی دەریاوە.

بەرزترین ئاگرپژێنی خێرا

بورکانی (ئەنتۆڤالا) بوو لەئەرجەنتین بەرزییەکەی گەیشتە ٦٤٥٠,١٧٧مەتر.

بڵاوترین لولەی ئاگر پژێن

دەمی شاخی (ئاسۆ)یە کە بەرزییەکەی ۹۷ ۱۵۹۱ مەترە دەکەوێتە کیشوەری ژاپۆن پانتایەکەی لەباکورەوە بۆ باشور ەەگاتە ۲۷,۵۲ کم و لەرۆژهەلاتیشەوە بۆ رۆژئاوا ١٦,٩٤ کم و چێوەکەشی ١١٤,٢٣٩ کم.

زۆرترین دا پۆشەری سەرزەوی

ئەو روبەری کە ئاو دایدەپۆشێت لەسەر روی زەوی بە٣٦١٧٤٠٠٠٠ کم دووجا مەزندە دەکرێت واتە ٧٠,٩٢٪ی روبەری گۆی زەوی.

گەورەترین زەریا

زەریایی ئارامە کە ٤٥,١٨٪ روبەری زەریاکانی جیهان پێکدەهێنێت، بە ١٦٥١٧٨٢٠٠ کیلۆ مەتر دووجا مەزندە دەکرێت:

قولترین تەختانی زەریا

لەسالی ١٩٥١دا، کەشتی زەوی پێوەری بەریتانی (تشالنجەر) لە زەریای (هێمن)دا دۆزرایەوە، بەهۆی مەتری قولایەوە پێوایان، قولیەکەی گەیشتە ١٠٨٩٦م.

گەورەترین کەنداو

کەنداوی مەکسیکە کە درێژیی کەنارەکەی ٤٩٨٧,٩ کم لە (ئوراس سابل)ی فلۆریداوە دەستپێدەکات تا (کابرکاتوش)ی مەکسیک، رووبەرەکەشی ١٥٠١٥٥٦,٢ کم.

بەرزترین شاخ لە ژێر دەریادا

لەساڵی ١٩٥٣ لە نزیک خەنەقی (ترنگابین)ی ساموا نیوزلەندەدا دۆزرایەوە بەرزییەکەی لە ناخی دەریاوە ٨٦٨٥,٨٠م لوتکەکەشی ٢٦٥,٧٦ م دەکەوێتە ژێر دەریاوە.

بەرزترین شە پۆل

کەشتی (رامیاو)ی ئەمریکی پێوای لە گەشتێکی دەریاییدا لەشەوی ٦ –٧ شوباتی ١٩٣٣ لە کاتی زریانێکدا کە خێراییەکەی ١٢٥,٩٨٥کم بوو لە سەعاتێکدا، بەرزی شەپۆلەکەش ٣٤,١٣٥م بوو.

گەورەترین دەریاچەی دەریایی ناوخۆیی

دەریایی قەزوینە لە باشوری روسیاو ئێراندا درێژییەکەی ١٢٢٢,٨٤ کم رووبەری گشتی ٣٧١٦٣٦,٥٩ کیلۆ مەتر دووجا.

بەڵام سازگارەکان گەورەترین روبەری هەیە دەریاچەی (سوبریور) (دەریاچە مەزنەکان)ە لە ئەمەریکای باکوردا، روبەری گشتییەکەی دەگاتە ٨٢٣٦٦٢ کم چوارگۆشە.

روبارە گەورەکان

ڕووبارە گەورەکان چوارن: (جیجون و سیحون و دجلەو فورات).

جیجـون: روبـارێکی گەورەیـە زۆر لقـی لێدەبێتـەوە تـا دەگاتـە خـەواریزم. بـەڵام سـیحون: ڕووبـارێکی مەزنـە لـەوڵاتی تورکیـا دەسـتپێدەکات تـا دەگاتـە وڵاتـی تەتـەر، دجلـەو فـورات: لـە تورکیـاوە هەڵدەقوڵێن دێن تا دەڕژێنە کەنداوەوە.

روبارە بچوکەکان

روبـارە بـچوکەکان: روبارێـك هەیـە لـەنێوان بەسـرەو ئـەهوازدا دەڵـێن هەندێك جار ئاوەکەی بەرزدەبێتەوە دوای ئەوە هەشت ساڵ نامێنێت و هـیچ کـەس شـتێك دەربـارەی نازانێـت، روبـارێکیش لـە یەمەنـدا هەیـە لـەکاتی ڕۆژهەڵاتـدا ئاوەکـەی لـە ڕۆژهەڵاتـەوە بـەرەو ڕۆژ ئـاوا دەچێت لەکاتی ڕۆژئاوابونیشدا لە ڕۆژ ئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕوات.

درێژترین روبار

روبـاری نیلـە ئـەمجا روبـاری ئـەمازۆن، روبـاری نیـل دەڕژێتـە دەریـای ناوەراستەوە، روباری ئەمازۆنیش دەڕژێتە زەریای ئەتڵەسی باشورەوە،

بـەڵام هـەموو ئەتڵەسـكانی جیهـان نیـل بەدرێـژترین روبـاری جیهـان دادەنێن، درێژیەكەشی ٦٦٦٩,٢٠٥ كم.

كورتترین روبار

روبـاری (D) (دی)یـە لـە شـاری لینكـوڵنی ئوریفـون، درێژییەكـەی ١٢١,٩٢م دەرژێتە دەریاچەی شەیتان (دنفییلن) لە زەریایی هێمن.

گەورەترین روباری هەڵقولیو

روبـاری ئەمەزۆنـە كـە دەرژێتـە زەریـایی ئەتڵەسـییەوە لەچركەیەكدا ١١٨٩٢٧م٣ ئاوی لێ هەڵدەقوڵێت.

مەزنترین تاڤگەكان

تاڤگـەی (غـوبیرا)یـە كـە بەرزییەكـەی ١١٣,٩٩م لەسـەر روبـاری (تربارانـا)ی نێـوان بـەرازیل و پـاراگوای لەچـركە یەكـدا ١٣٣٠٥,٧ م٣ ئاوی لێ دادەبەزێت.

بەرزترین تاڤگە (رێژاو)

تاڤگە (مەلاك)ە لە فەنزویلا لەسەر لقێك لەروباری كاراو كە بەرزترین لقی روباری (كارونی)یە بەرزییەكەشی ٩٧٩,٠١٧م.

گەورەترین دورگە

دورگەی (گرینلاند)ە کە سەر بە شانشینی دانیمارکەو روبەرکەی ۲۱۷,٤۷٦۰کم.

بەرزترین شاخی بەفراوی

شاخێکی بەفراویە لەرۆژ ئاوای گرینلاند بەرزییەکەی ١٦٧٠٦٤م و لە سالّی ١٩٥٨ لەلایەن بەفر رامالّی ئەمریکی (ریستەوند)ەوە دۆزرایەوە.

ئاسمان بالّندەو تیمساحی بچوك دەبارێت!!

مرۆڤ لەسەر ئەوە راهاتووە کە لەئاسمانەوە باران دەبارێت، هەندێك جاریش ئەو بارانە بە شێوەیەکی وا زۆر دەبارێت لافاو دروست دەکاتو زیانی لێدەکەوێتەوە، بەلاّم رانەهاتوون بەوەی ببینن لەئاسمانەوە هەندێك جار بالّندەو ماسی ببارێت!! ئەم روداوە لەفەرنسا رویداوە لەسالّی ١٨٤٦ دا لەناوچەیەکی زۆر لەفەرەنسا بارانی سور باریوە لەگەلّ چۆلەکەی مردوو نیوەگیاندا. زانایان هیچ روونکردنەوەیەکیان لەو بارەیەوە نەدا.

ئاسمان باران و ماسی دەبارێنێت

بارینی ماسی لەگەڵ باراندا شتێکی باوەڕ نەکراوە، بەڵام ئەمە باوەڕپێنەکراوە لەشاری (دالاس)ی ویلایەتی (تکساس)دا روویدا لەرۆژی ١٨ی تەمەزی ١٩٥٨دا، کاتێك مارتا بروملی تەمەن ٩ ساڵان و بریارە ولیامزی تەمەن ١٠ ساڵە سەیریان کرد ماسی لە ئاسمان دەبارێت هێندە باری تا گەیشتە چل ماسی.

درێژی ماسییەکان لە نێوان ١٠ تا ١٥ سم بوون و رەنگیان خۆڵە مێشییەکی تێربوو، لەسەر لاشەیان چەندین خاڵی سور بەدیدەکرا، نوسینگەی زانینی کەش و هەوا لەدالاسدا ناچاربوو روونکردنەوەیەك بۆ ئەو دیاردەیە پێشکەشبکات، وتی: ئەو ماسیانە دەبێت زریانی هەورە تریشقەیی لەگەڵ خۆیا هەڵی گرتبێت و هێنابێتی لەو شوێنەدا بارانبێتی، بەڵام خەڵکی ئەو تەفسیرەیان قبوڵ نەکردو بەلاوازیان زانی.

بەشی یانزەهەم

سەیرو سەمەرەکانی وشکانی

سەمەرەکانی کیشوەرەکان

بەڵگەکان هەموو ئەوە دەسەلمێنن کە گۆی زەوی سەرەتا بریتی بووە لەیەك کیشوەر، کە روبەرەکەی ۲۰۷ ملیۆن کیلۆمەتری دوجا بووە، بەڵام لە ۱۰۹ ساڵ لەمەو پێشەوە، دابەشبووە بۆ دوو کیشوەری مەزن یەکەمیان بریتی بووە لە(لوراسیا) کە (ئوراسیاو گرینلاندو ئەمەریکای باکور گرتۆتەوە)، دوەمیشیان بریتی بووە لە(گوندو ئەنالاند)کە (ئەفریقیاو دورگەی رۆژئاوای هیندو ئەمەریکای باشور ئۆقیانوسیاو ناوچەی جەمسەری باشوری گرتۆتەوە).

گەورەترین کیشوەر

وازانراوە کە وشکانی ۲۸,۰۸ سەر زەوی دەگرێتەوەو، پارچە زەوییەك کەپێی دەوترێت ئوراسیا گەورەترینیەتی، روبەرەکەی لەگەڵ دورگەکاندا ٥٤٥٠٦٢١٧ کم.

بچوکترین کیشوەر

کیشوەری ئوستورالیایە کە روبەرەکەی ٧٦١١٦٦٠ کم.

بەرزترین شاخ

لوتکەی رۆژهەڵاتە لەچیای هیمالایا کە بەرزییەکەی ٨٨٤٧,٧٣٤ م لەسەر روی دەریاوە، دەکەوێتە نێوان تبت و نیپاڵەوە.

گەورەترین بیابان

بیابانی گەورەی ئەفریقیایە لەرۆژهەلاتەوە بۆ رۆژئاوا ٥١٤٨,٨ کم درێژە، پانیەکەشی لەباکورەوە بۆ باشور لەنێوان ١٢٨٧,٢ و ٢٢٥٢,٦ کم دایە.

گەورەترین ئەشکەوت

گەورەترین زنجیرە ئەشکەوت لەجیهاندا ئەو ئەشکەوتانەن کە دەکەونە ژێر ئەشکەتی (مەئمون)ەوە لەباخچەی ئەشکەوتە سروشتیەکانی کۆنتاکی، لەسالی ١٧٩٥دا دۆزرایەوەو درێژی رۆشرەوەکانی ١٩٠ و ٣٠٦کم.

درێژترین تە پۆلکە (بەرزی)

درێژترین تەپۆلکە لەجیهاندا ناسراوە (تەپۆلکەی مەزن)ە لەئەشکەوتی (ئاڤن ئەرماند) لەلویزری فەرەنسا کە بەرزیەکەی ٢٩٠٨٧ م لە ناو ئەشکەوتەکە لەئەیلولی ١٨٩٧ دا دۆزرایەوە.

درێژترین نزمی

درێژترین نزمی لەجیهاندا، ستونێکە بەدیوارێك پشتی گیراوە، درێژیەکەی لەبنچینەوە تازەوی ئەشکەوتەکە ٥٩,٤٣٦م ئەویش ئەشکەوتی (کویفادی بنرجا)یە لەئیسپانیا.

بەرزترین تاقی سروشتی

تاقێکی سروشتیە لەبەردی لمی دەکەوێتە باکوری رۆژئاوای (چین)ەوە بەرزییەکەی بە ۳۰٤,۸م مەزەندەدەکرێت.

فراوانترین چاڵ

چاڵی (ئەلفراندکانیون) ە لەسەر روباری کولورادو لەباکوری ئەریزوناى ناوەندی، روبەرەکەی ۳٤۹,۱٥کم، پانیەکەی لەنێوان ٦,٤۳٦ بۆ ۲۰کم، قوڵیەکەشی دەگاتە ۲۱۳۳,٦م.

قوڵترین چاڵ

قوڵترین چاڵ چاڵی (هیل)ە بەچاڵی دۆزەخیش ناودەبرێت کە ئاریگۆن و ئۆهایۆ لەیەك جودا دەکاتەوە لەچیای شەیتانەوە بۆ روباری مار قوڵتر دەبێتەوە بۆ ۲٤۰۷,۹۲م.

قوڵترین چاڵ لەژێر ئاودا

چاڵێکە قوڵیەکەی ۹٦٤٥ مەترەو پانیەکەشی ۳۲,۱۸۰ کم، دەکەوێتە نزیك ئوسترالیای رۆژ ئاواوە.

گەورەترین جیاوازی پلەی گەرما لەرۆژێکدا

٥٥ پلەی سەدییە، لەرۆژێکی ساڵی ۱۹۱٦ دا لەمۆریتانیادا کە پلەی گەرما ٦,۷ پلەی سەدی بۆ دابەزی بۆ ٤۸,۸ پلەی ژێر سفر.

بەشی دوانزەهەم

سەیرو
سەمەرەکانی گەردون

گەرمترین هەسارە

هەسارەی خۆرە کە گەرمی ناوەوەی بە (١٦٠٠٠٠٠٠) یەکەی گەرمی رەها (کلڤین) مەزەندە دەکرێت و، نزیکەی ٤٥٠٠٠٠٠ تەن هایدرۆجین لەچرکەیەکدا، بەکاردەبات، لەئینجێکی چوارگۆشەدا ئەوەندەی ١٥٠٠٠٠٠ (شمعە) تیشك دەبەخشێت، قەبارەی خۆر بەرامبەر ٩٩٪ ڕێژەی گشتی سیستەمی خۆریە.

گەورەترین هەسارە

هەسارەی (موشتەریە) تیرە ئیستوائیەکەی ١٤٢٨٤٧,٠٢ کم و تیرە جەمسەریەکەشی ١٣٣٥١٤,٨٢ کم، قەبارەشی ٣١٧١٨٣جار لەقەبارەی زەوی گەورەترەو، گەورەیەکەشی ١٣١٨ جار لەزەوی گەورەترە.

بچوکترین هەسارە

هەسارەی بلۆتۆیە پلەی گەرمای سەرڕوی پلۆتۆ بە ٢١٧,٧٧٧ پلەی سەدیە ماوەی سوڕانەوەشی ٢٤٨,٥٤ ساڵە، تیرەکەشی ٣٠٢٤,٩٢ کم.

نزیکترین هەسارە لەزەویەوە

هەسارەی زوهرە (ناهید)ە هەندێکجار لەمەداری زەوی نزیك دەبێتەوە بۆ ٣١٣٣٥١٣٠٠کم.

درێژترین رۆژ

ئەو هەسارەیەیی کە درێژترین ماوە بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە، هەسارەی زوهرەیە کە بە ٢٤٣,١٦ رۆژ جارێك دەبات.

خێراترین هەسارە

هەسارەی (عەتارد)ە کە بەدەوری خۆردا ٥٧٨٩٦٧٠٢,٥٥ کم دەبڕێت لە ٨٧,٩٦٨٦ رۆژدا.

کۆنترین موشەك

کۆنترین موشەك لەجیهاندا ئەو موشەکە بوو کە لەئەوروپادا بەهۆی هاڕاوەی بارودەوە تەقاندیانەوە لەساڵی ١٢٥٨دا.

یەکەمین موشەك

ئەو موشەکە بوو کە بەهۆی گازی شلەوە تەقێنرا دکتۆر (رۆبرت جوردان) (١٨٨٢ – ١٩٤٥) لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا دورستیکرد، لەرۆژی ١٦ ئازاری ١٩٢٦دا لەئویورندا تەقێنرایەوە ١٢,٤٩٦م بەرزبووەوەو ٥٦,٠٨٢م تریش رۆیشت.

بەهێزترین موشەك

(ساتۆرن) کە لەبەرنامەکانی ئەپۆلۆو سکایلاب-دا بەکارهێنراوە درێژییەکەی ۱۱۰,۸۷٤۲م و قورسیەکەشی ۸۲ و، لەهەر چرکەیەکدا ۱۵ تەن وزەی پێویستە بۆ پاڵنانی ماوەی رۆیشتنیشی ۲,۵ خولەکە، واتا (۲۲۵۰) تەن وزەی دەوێت تا بگاتە شوێنی مەبەست.

بەشی سیانزەهەم

سەیرو سەمەرەكانی گەلان

سەمەرەکانی گەلی مەغۆل

گـەلی مـەغۆل بەسـەیرترین گـەلانی دونیـا دادەنرێـت، نەتەوەیـەکی گەڕۆکن بەسروشت زۆر حەزیان لەگەرانەو، بەناوبانگن لەئەسپسواری‌و سوارچـاکیدا لەسـەدەی سـیانزدەو هـەموو چـواردەهەمدا لەچـین‌و هیندسـتان دەژیـان،، بارودۆخیـان تێکـچوو دوای ئـەو جەنگانـەی کـە بەناوبانگ بـوون تیایـدا لەسـەدەکانی ناوەراسـت بـەڵام ئێـستا گـەلێکن خەریکی ئاژەڵدارین‌و لەهاماریەکانی مـەنگۆلیادا لەناوەراسـتی ئاسیادا دەژین‌و خەریکی ئاژەڵدارین لەنەریتە سەیرەکانیان شوانەکانیان لەکاتی لەوەڕانـدنی مێگەلـەکانیان سـواری وڵاخ دەبـن‌و دارێکـی درێـژ بەکاردەهێنن لەکاتی لەوەراندنی ئاژەڵەکانیاندا لە ڕم دەچێت.

سەمەرەکانی گەلی ئەسکیمۆ

بەخێڵـەکانی ئەسـکیمۆ دەوترێـت (ئەسـکیۆی ئـاو – خـوێ) لـەنزیکی کـەنارەکانی نیـشتەجێن و بـۆ راو بەلـەمی زۆر سـوك بـەکاردەهێنن لەپێستی ئەو ئاژەڵە ئاویانە دروستی دەکەن کە راویان دەکەن.

ئەگـەر راویـان زۆرکـرد قـازانجی باشـیان دەسـتکەوت ئـەوا گۆشـتی شـیری دەریـا دەخـۆن لەپێـستە کەشـی بەلـەم دروسـتدەکەن بـۆ ئـاوە سوێرەکان بەکاریـدەهێنن هەرچیش لەگۆشتەکەی مایـەوە لـەناو بـەفردا دەیبەسـتن‌و دوای ئـەوە دەیخـۆن لـەکاتی برسـێتیدا،، ئەسـکیمۆ کـچە بـچکۆلەکانیان دەکـوژن، پـیرە ژنـەکانیش پـشتگوی دەخـەن تاخۆیـان

دەمرن بۆ ئەوەی گۆشتەکەیان بخۆن، لەنەریتەکانیان کاتێك دوانیان یەکتر دەبینن لوتیان لەیەك دەدەن وەك نیشانەیەکی خۆشەویستی.

سەمەرەکانی هۆزی (تەوارق)

تەوارق هۆزێکن لەرەگەزدا بەربەرن، شوێنی نیشتەجێبونیان لەلێوارەکانی ئەفریقای باکورەوە تا ناوەراستی بیابانی گەورە لەباشوردایە، پیاوەکانیان بالأیان مامناوەندییەو دەمو چاویان درێژۆلکەیەو زمانێکی تایبەتی بەخۆیان هەیە پێی دەوترێت (تینیار) لەنەریتە سەیرەکانیان، پیاوەکانیان سەرو دەمو چاویان دادەپۆشن تەنیا چاویان بەدەرەوەیە. لەکاتێکدا ژنەکانیان سەریان روتە، قەلغانەکانیان لەپێستی ئاسك دروستدەکەن و زۆر سوارچاکن و تائێستاش بۆ گواستنەوە ولأغ بەکاردەهێنن، هەندێکیشیان لەبیابانی لیبیادا دەژین.

سەیرو سەمەرەکانی خێلەکانی جفسە لەتونس

ژنانی هۆزی جفسە لەتونسدا هەندێك دابونەریتی سەیریان هەیە، لەوانە خۆیان دەرازێننەوە بەخشلۆ زۆریش پێوەی دەنازن، بەلأم ئەو خشلأنە لەزێر دروست نەکراوە، بەلکو لەشاخی بزن و شوشەو توێکلی هێلکەی وشتر مورغ دروستکراوە، لەنەریتە زۆر باوەکانیان قژو نینۆنکیان زۆر درێژدەکەن و پێستی خۆیان لەخەنە دەگرن، بەمجۆرە

بەخۆیاندا دەنازن لەپێش چاوی ژنان و پیاوانی هۆزەکەیان بە ئومێدی شوکردن.

ژنی هیندی لای هندییە سورەکان

لەهەموو دونیادا دایک هەر دایکە.. تەنانەت لەجیهانی ئاژەڵانیشدا دڵی بۆ کۆرپەکەی دەهێنێت و لەپێناویدا خۆی بەکوشت دەدات.

لەنەریتەکانی ژنانی هیندیە سورەکان، دایک کۆرپەکەی زۆر بەتوندی بەتەختەدارو پەت دەپێچێتەوەوبۆ ئەوەی جوڵە نەکات لەوەش سەیرتر بەتایبەت ئەو هیندیانەی لەئەمەریکای باشور نیشتەجێن ئەگەر یەکێکیان منداڵی بوو لەماوەی زەیستانیدا لەجێگەدا ناکەوێت، بەڵکو منداڵەکانی بەجێدەهێڵێت و مێردەکەی لەشوێنیدا دەخەوێت بەمەبەستی فریودانی گیانە شەڕانییەکان بۆ ئەوەی خۆی و منداڵەی ئازار نەدەن یان زیانێکیان پێ نەگەیەنن.

گەلی کەنداوی بەنگالی ئەرخەبیل

لەکەنداوی بەنگالی ئەرخەبیل دورگەیەک هەیە پێی دەوترێت (ئەندەمان) دانیشتوانەکەی خەڵکانێکی سەرەتایین و لەرەگەزدا لەزنجییەکانی ئەفریقان لەسەرکۆکردنەوەی میوە دەژین وەکو دانیشتوانی دارستانەکانی ئەمازۆن، خەڵکێکی گەڕۆکن و لەکوخی بچوکی لەدار دروستکراودا دەژین کە ستونی هەیە.

دابونەریتی سەیریان هەیە" ئێسکی باو باپیرانیانیان بە بنمیچی کوخەکانیانەوە هەڵدەواسن بۆ پیرۆزی و ڕێزلێنانیان دەستێکی بالآیان هەیە لەراودا، بەلأم لەتیروکەوان زیاتر هیچی تر بەکارناهێنن لەراوکردانداْ.

لەوە سەیرتر کاتێك لەکوخەکانیاندا دەخەون یان دادەنیشن ئێسکی باو باپیرانیان دەخەنە ژێر یان خۆشیان روتدەکەنەوە بۆ ئەوەی ئێسکی باپیرانیان جۆشی بدرێتە ئێسکی خۆیانەوە.

سەمەرەکانی دابونەریتی ژنانی مەدەغەشقەر

ژان لەهەر کوێیەکی ئەم دونیایە دابن لەخۆشەویستی و رقدا لەیەك دەچن تەنانەت لەکاتی غەمباریشیاندا، ئەگەر ژنێك مێردەکەی لەدەستبدات بۆی دەگریت بەپێی ئەو خۆشەویستییەی بۆی هەبووە هەندێکیان سنگی خۆیان دادەڕن هەندێکیشیان خۆیان لە قوڕدەنێن.

بەلأم نامۆترین نەریتی غەمباری لای ژنانی مەدەغەشقەر لەکاتی پرسەدا ئەوەیە ئەو ژنەی مێردەکەی مردووە قژی دەکاتە دولەتەوەو وەکو دوباڵی لێدەکات و هەردوو چاوی لێکدەنێ و دەمی دادەخات بەنار ژنانی تردا دێت و دەچێت و قسە لەگەڵ کەسدا ناکات ئەگەر قسەشی لەگەڵدا بکەن وەلأمیان ناداتەوەو دەوروبەریشی رێزی ئەو غەمبارییەی دەگرن و قسەی لەگەڵ ناکەن.

سەمەرەکانی ژنانی غینیای تازە

لەغینیای تازە کاتێک مێردی ئافرەتێک گەنج دەمرێت، دەبێت پابەندبێت بەماوەی پرسەکەیەوە لەدیاردەکانی پرسە لای ژنان دەبێت هەندێك لەئەندامانی لەشی بەپریشانی روەك دەبەسنەوە تا هێزو بەرگرییان بداتی و پەتێکیش لەلوتی ژنی مێر مردووەکە دەبرێتەوە ژورەوە مەبەستیش لێی ئەوەیە لەکاتی هەناسەداندا گیانی شەڕانی نەچێتە ناو لەشیەوە.

نەریتی خێڵەکانی باشوری سودان

لەیەکێك لەگوندەکانی باشوری سوداندا کە کەوتۆتە سەر روباری (قۆڵتا) خێڵێك لەخێڵەکانی سودان دەژین، ئەندامانی بڕوایانوایە کە بتەکان هێزێکی ئەفسوناوی شاراوەیان تێدایە، بۆ ڕاوەدونانی جنۆکەکان و دورخستنەوەیان لەئازاردانی لێقەوماوان و جێبەجێکردنی هەموو داواکاریەکانیان بەهۆی ئەو پەیکەرانەوە.

کاتێك کەسێکیان توشی کارەساتێك دەبێت بەچیچکانەوە لەبەردەم ئەو پەیکەرە لەدار دروستکراوەدا دادەنیشێت کە بەشێوەیەکی زۆر سەیرو سەمەرە دروستکراوەو لێی دەپاڕێتەوەو داوای لێدەکات تا دڵی پێی بسوتێت و بەزەیی پیابێتەوەو لێی رازی بێت.

سەمەرەکانی خێڵەکانی روباری ئوبانچی

لەسەر روباری ئۆبانچی لەناوچە لەبیرکراوەکانی ئەفریقای ئیستیوائیدا خێلێك دەژین لەسەر شێوەی ژیانی نەتەوە کۆنەکانی پێش مێژوو.

خێڵەکانی ئۆبانچی بڕوایانوایە زەوی موڵکی هەموانەو جیاوازی نیە لەنێوان ئەم و ئەودا، هەموو پێکەوە دەیکێڵێن و دەیدورنەوە، دوای ئەوە سەر گەورەی خێڵە کە پێی دەوترێت (گەورەی زەوی) هەموو تێشووە لەدار دروستکراوەکان دابەشدەکات بەسەریانداو فەرمانی دەستبەکاربوون دەدات، خۆیشی چاودێریان دەکات لەرۆژی دروێنەکردنیشدا هەمانشت هەموو کۆدەبنەوەو دەسندەکەن بەدروێنەو هەموو بەرهەمەکە لەچێوەی بازنەیەکدا کۆیان دەکاتەوەو بەپێی سەری خێزانەکان بەبێ جیاوازی بەروبومەکەیان بەسەردا دابەش دەکات بەو جۆرە هەموو بەتێری و بەمێشك ئاسودەیی لێی دەنون.

سەمەرەکانی خێڵەکانی زوەندەو زنجی

لەناو زنجیەکانی ئەفریقیادا خێڵێك هەیە بەناوی زەند جادوباز تیایاندا ڕێزێکی تایبەتی هەیە، لێی دەترسن و ملکەچی دەکەن بێ کۆم کردنەوە. ساڵانە لەکاتێکی دیاریکراودا جەژنێکیان هەیە کە مرۆڤێك تیایدا دەکەنە قوربانی بۆ خوایەکەیان بۆ ئەوەی گیانە شەڕانیەکانیان لێ دوربخاتەوەو، لێیان رازی بێت و بیانپارێزێت و بەروبومی زەویان زیادبکات، لەو رۆژەدا بەژن و پیاو و مندالو پیرەوە لەبازنەیەکی خڕدا دەوەستن، تەپڵ لێدەدرێت، کە هێمای بانگکردنی جادوبازەکەیە ئەویش ئامادە دەبێت پەری باڵندە دەکاتە سەری خۆیدا، هەندێك وێنەی سەیر

لەدەمو چاو قاچەکانی دروستدەکات پارچەیەك قوماش دەبەستێتەوە هەردوو باڵیەوە کە چەندین پارچە ئاسنی پێوەیە، دوو بازنیش دەکاتە هەردوو مەچەکی، جادوبازی تۆقێنەری ترسناك دێتو دەوەستێتو لەسەر ئاوازی تەپڵەکان چەند قسەیەك دەکات کە هیچ کەس لێی تێ ناگات، پاشان پەنجە رادەکێشێت بۆ قوربانییە داماوەکە، ئەوانیش سەری دەبڕن بەمەبەستی رازیکردنی خودای نەزانیان.

گەلەکانی ناوچەی باشووری لەتۆمبکتۆ

لەناوچەی باشوری رۆژهەلاتی شاری تۆمبکتۆ خەڵکی وا ناوبانگیان دەرکردوە کە (تیمساح پەرستن) بۆ رێزلێنان لەو خواوەندە دەمامکێك دەپۆشن لەدەمو چاویان لەو تیمساحە دەچێت، بۆ رێزلێنان لەو خوایەیانو بەپیرۆز زانینی نەگۆشتەکەی دەخۆن نەهێلکەکەی،، هەژارەکانی ئەم خێڵە لەکوخدا دەژین، بەلام گەورەکانیان لەکوخێکدا دەژین کە لەقوڕ دروستکراوە.

نەریتەکانی خێڵەکانی (ئالیۆ)ی چین

لەشاخەکانی ئاسایدا خێڵێکی بەدابونەریت سەیر دەژین" ناویان (ئالیمۆ)یە لەبنەچەکدا لەچیندا ژیاون، پێش ئەوەی کۆچ بکەن بۆ تۆنکین کە تا ئێستاش لەوێدا، خەڵکی ئەو ناوچەیە بەگشتی بالایان کورتەو پێستیان زەردە، وا باوە ژنەکانیان لەکاتی خۆشیدا سەرپۆشی زۆر گەورە دەپێچنە سەریانەوە لەکەژاوەی سەری حوشتری بیابان

جیهان

دەچێت سەر سینگیشیان قایشێکی بازنەیی لەپەڕدروستکراو دەبەستن،، لەگەڵ کراسێکی لەبەڵم دروستکراودا، لەشێوەی ئەو کراسانە دەچێت کە کچانی ئەمڕۆ لەبەری دەکەن.

سەرسوڕهێنەرەکانی جلوبەرگ

لەگوندی (باتاك) لەدورگەی سۆمەترەی ئەندەنوسیا لەناوچەی ئیستیوائیەکاندا خەڵکانێك دەژین لەنزیکی دەریایەك ناوی (تۆبۆ)یە زۆر هەوڵ بۆ رازیکردنی گیانی مردوان دەدەن، چونکە بڕوایانوایە گیانی مردو بەرەکەت ناڕژێنێت ئەگەر قوربانیو قۆچی بۆ نەکەن. ئەویش لەترس رازیکردنی گیانی مردوەکەدا دەیکەن تا توشی توڕەبونی نەبنو نەخۆشیو کارەساتیان بۆ رەوانە نەکات، دانیشتوان سورن لەسەر ئەوەی بەکۆمەڵو بەتەنیا بڕۆنە سەر گۆڕەکانو هەریەکەو دیارییەك لەگەڵ خۆیدا بەرێت بۆ ئەوەی پێشکەشی گیانی مردوەکەی خزمی بکات بەبێ دەنگیو ملکەچییەوە دادەنیشێت بەتەنیشت گۆڕەکەوەو دەست دەکاتە گریان و پاڕانەوە تادەگاتە ئەو قەناعەتەی گیانەکە لێی رازیبووە، ئەمجا ئەو شوێنە بەجێدەهێلێت، نەوەك گیانەکە پەشیمان بێتەوە لەقسەی خۆیوتوشی دەردەسەریو زایەکی بکات.

جلوبەرگ لای ژنانی (یۆرنیۆ)

سەیرترین جلوبەرگی ژنانی ئەفریقیا بگرە هەموو جیهانیش جلوبەرگی ژنانی (گەلی دایك)ە کە لەشاری (یورنیۆ) نیشتەجێنو

بەخێلێکی زۆر سەرەتایی دادەنرێن، پیاوەکانیان لەکۆندا بەسەربڕینی خەڵك بەناوبانگبونە، بڕوایان وا بووە" هەر کەسێکیان پیاوێك لەدوژمن بکوژێت، ئەوا لەو دونیادا ئەو کەسە دەبێتە خزمەتکاری، لەگەڵای دار جلوبەرگی خۆیانیان دروستکردوە، بەشێوەیەك دروستیانکردوە ئەو گەڵایە وشك نەبۆتەوە، ژنانیشیان لەگورزە قامیش و روەك کە لەسەریەك دایان ناوە جلوبەرگیان بۆ خۆیان دروستکردوە، ژنەکانیشیان قژیان بۆ دواوە شانە کردوە، کچە دەستگیران دارەکانیشیان قژیان بۆ سەروە لولداوە.

پەرستگەیەك لەمس

لەچین-دا سێ ئاینی رەسمی هەیە کە لەگەڵیەکدا دەژین ئەوانیش ئاینی (کۆنفۆشیوس ئاینی بوزی و ئاینی تاویە) بەناوبانگترینی پەرستگەی چین پەرستگەیەکی لەمس دروستکراوە کە ناوی (کنتین)ە لە نزیك شاری یون -تان- خۆبی پایتەختی هەرێمی یۆن -نان- ئەوشارەش لەسەر بەرزییەکە کە ٢٠٠٠م لەسەر رووی دەریاوە بەرزترە.

بەشی چواردەهەم

سەیرو سەمەرەکانی جەنگ

درێژترین جەنگ

جەنگی سەد ساڵەی نێوان بەریتانیاو فەرەنسا بو كە لەساڵی ١٣٣٨ دەستپێكردو لەساڵی ١٤٥٣ كۆتایی هات واتە ١١٥ ساڵی خایاند.

كورتترین جەنگ

ئەو جەنگە بوو كە لەنێوان بەریتانیاو (زەنجەبار) كە ئێستا بەشێكە لە تەنزانیادا رویدا لەسەعات ٩,٠٢ دەستپێكردو لەسەعات ٩,٤٠ كۆتایی هات لەپێش نیوەڕۆی ٢٧ی ١٨٩٦ بەمەبەستی ئاگاداركردنەوەی سوڵتان سەعید خالد كە خۆیكردبووە فەرمانڕەوای زەنجەبار، بەڵام سوڵتان ئامادەنەبوو لەسەر كورسی حوكم دابەزێت، بۆیە كەشتیگەلەكانی ئینگلیز كۆشكەكەیان تۆپباران كردو لە ماوەی تەنها ٣٨ خولەكدا داگیریان كرد.

زۆرترین قوربانی جەنگ

جەنگی جیهانی دووەم بوو (١٩٣٩ – ١٩٤٥) ژمارەی قوربانیەكانی لەسەر بازو مەدەنی هەموو وڵاتانی دونیادایە ٥٤٨٠٠٠٠٠ كەس مەزەندە كراوە لەوانە ٢٥,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆنی لەچین و، وڵاتێك كە زۆرترین زیانی لێكەوتبێت پۆڵەندا بوو كە ٦٠٢٨٠٠٠ كەسی لێكوژرا كە دەگاتە ٢٢,٢٪ سەرجەم دانیشتوانی كە ژمارەیان ٢٧٠٠٧٠٠٠ كەسە.

زۆرترین زیانی جەنگ

جەنگی جیهانی یەكەم بو كە لەیەكی تەمووز بۆ ١٦ تشرینی دوەمی ساڵی ١٩١٦ بەردەوام بو ژمارەی قوربانیانی ١٠٣٠٠٠ كەسبوو كە ٢١٤١٠٥ كەسیان ئینگلیزو فەرەنسیو ٤٢٠٠٠٠ كەسیان ئەڵمانی بوون.

بەشی پانزەهەم

سەیرو سەمەرەکانی وڵاتان

هەرێمەکان

تاسەرەتای ئابی ١٩٨٠ (٢٢٤) هەرێم هەبوون کە لەلایەن ئیدارەی تایبتەوە بەرێوە دەبران، لەوانە ١٦١ وڵاتی سەربەخۆ، ٨١ وڵاتی دورگەیی ٣٩٢ وڵات خاوەنی سەروەری خۆیبووە، ٢٤ یشیان سەروەریان نەبووە، ٢٩ وڵاتیش سنوری دەریاییان نییە.

گەورەترین وڵات لەروبەردا

کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشوو بوو کەژمارەیان ١٦ کۆماری یەکگرتوو بوون، روبەری هەموویان ٢٢,٣٩٢,٦٩٠ کیلۆمەتر دووجا واتە ١٥٪ی سەرجەم روبەری وشکانی، سەرجەمی لێوارەکانی و دوورگەکانی ١٠٦٣٣٨ کم بوو نێوانی لەرۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوای وڵات ٨٩٨٧,٢٢ کم و لەباکورەوە بۆ باشوریش ٤٤٨٩ کم.

بچوکترین وڵاتی سەربەخۆ

وڵاتی ڤاتیکانە کە لەناو شاری رۆمادایە کە روبەرەکەی تەنیا ٤٤٠,١٠٤م٢ یە.

بچوکترین کۆمار

کۆمـاری (نـۆرۆ)یـە کـە یـەك پلـە دەکەوێتـە ژێـر هێڵـی ئیـستیواوە لەزەریای ئارامی باشورە، لە ٣١ کانونی یەکەمی ١٩٦٨دا سەربەخۆیی وەرگـرتو ژمـارەی دانیـشتوانەکەی بـەپێی سـەرژمێری سـاڵی ١٩٧٦ هەشت هەزار کەس بووەو روبەرەکەی ٢١,٣٠٨,٨٣٤م٢ یە.

ولاتێك زۆرترین سنوری خاکی هەبێـت

ولاتی چینە کە لەگەڵ ١٣ ولاتـی سنوری خـاکی هەیـە ئەوانیش ئەم ولاتانەن (مـەنغۆلیا، یـەکێتی سـۆڤیەتی پێشوو، کۆریـایی باکور، هـۆنگ کـۆنگ، ماکـاو، ڤێتنـام، لاوس، بۆرمـا، هیندسـتان، بۆتـان، نیپـال، پاکستان، ئەفغانستان).

درێژترین سنور

سنوری نێوان کەنەداو ویلایەتە یەکگرتوەکانەکە ٦٤١٥,٠٨٣ کم درێژە.

زۆرترین دانیشتوان

زۆرترین ژمارەی دانیشتوان لەولاتی چینە کە ژمارەی دانیشتوانی لە ١,٢٥٠,٠٠٠٠٠٠ زیاترە.

کەمترین دانیشتوان

وڵاتی ڤاتیکانە ژمارەی دانیشتوانی لە ساڵ ١٩٧٧ دا ٧٢٣ کەس بووە.

کۆنترین پایتەخت

شاری دیمەشقی پایتەختی کۆماری سوریایە، لە ٢٥٠٠ ساڵ پێش زاینەوە تا ئێستا ئاوەدانە وشەی دیمەشق لەزمانی عەرەبیدا واتە پەلەکردن، واتا پەلەیان کردوە لە دروستکردنیدا دەڵێن جێرۆزی کوڕی سەعدی کوڕی عادی کوڕی سام-ی کوڕی نوح دروستیکردووە، ئیبراهیم (علیە السلام) پێنج ساڵ دوای دروستکردنی دیمەشق لەدایکبووە.

کۆنترین شار

شاری ئەریحا، بە کۆنترین شاری مێژوو دادەنرێت، ژمارەی دانیشتوانی لە ٧٨٠٠ ساڵ پێش زاییندا سێ هەزار کەسبووە.

قاهیرەکان

لەسەرانسەری جیهاندا ١٨ شار هەیە کەناوی قاهیرەی هەڵگرتووە،سیانزە شاری لەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکایەو دوو شاریش لەکەندایەو دوو شاریش لەئیتالیایەو شارێکیش لەفەرەنسایە، جگە لەقاهیرە یەکەمی پایتەختی میسر.

بەرزترین زیادکردنی سروشتی

٢٩٠١ کەس بوو لەهەر هەزار کەسداگەولاتی سوریا ساڵی ١٩٧٥، بەڵام لەهەموو جیهاندا رێژەکە بریتییە لە ١٨,١ کەس لەهەزار کەسدا.

کەمترین زیادکردنی سروشتی دانیشتوان

لەولاتی ئەڵمانیا بوو کە گەیشتە (-٢) لە هەر هەزار کەس لەساڵی ١٩٧٧دا، واتە لەدایك بووان بەرێژەی ٩٥٪ و مردوان بەرێژەی ١١,٥٪ بوو.

ژن هێنان

هیندییەکان بەرێژەیەکی گشتی پیاوان لە ٢٠ ساڵی و کچان لە١٤,٥ شو دەکەن لە ئێرلەندەدا پیاوان لە ٣١,٤ و کچانیش لە٢٦,٥ ساڵیدا، لە کۆماری چین پیاوان لە ٢٨ ساڵی و کچان لە ٢٥ ساڵیدا زەواج دەکەن.

تەلاق

زۆرتین ریژەی تەلاق لەدنیایدا لەئەمەریکادایە، ژمارەی روداوی تەلاق لەساڵی ١٩٧٧ دا گەیشتە ١٩٠٠٠٠ واتە ٥٠,٩٠٪ ژمارەی ژنان.

گەورەترین نەخۆشخانە بۆ نەخۆشیە ئەقلیەکان

نەخۆشخانەی pilgrim state hospital لەنتۆدی رۆژئاوای نیویۆرك کە ٣٨١٦ سەرینی تیایە.

نەخۆشخانەیەك زۆرتین منداڵی تێدا بێت

نەخۆشخانەی momogemoیە لە جەزائیر لە ساڵ ١٩٧٦ ٤١٩٢٠ منداڵی تێدا لەدایکبووە نەخۆشخانەکە ٥٩٩ سەرینی تێدایە، تەنیا لەیەك رۆژدا ١٧٥ منداڵ تیایدا لەدایکبووە بەمەش رێکۆردی جیهان شکاند.

دریژترین مانەوە لەنەخۆشخانەدا

٩٩ ساڵ بوو کە (مارتا ولسون) لە نەخۆشخانەی ئەقلی شاری ئۆهایۆدا گوزەراندی لە ساڵی ١٨٧٥ بردیانە ئەو نەخۆشخانەیە وە لە کانونی یەکەمی ١٩٧٥ تیایدا کۆچی دوای کرد لە تەمەنی ١٠٣ ساڵ و شەش مانگیدا.

کەمترین ڕێژەی پزیشك

وڵاتی (ڤولتایی سەروە) ژمارەی پزیشکەکانی تەنیا ٥٨ پزیشك بوو واتە یەك پزیشك بۆ هەر ٨٢٧٥٩ نەخۆش لە ساڵی ١٩٧٠دا.

وڵاتێکی بێ پزیشك

سوڵتاننشینی عومان تا ساڵی ١٩٧٠ تەنیا یەك نەخۆشخانەی تێدا بوو، ئەویش لەلایەن کۆمەڵێکە ؟؟ بەریتانیەوە بەڕێوەدەبرا، دانیشتوانەکەیشی بەکەمترین نەخۆشی بێ چارەسەر دەمانەوە، قوتابخانەو خوێندنگەشی تێدا نەبووەو ڕێژەی خوێندەواریشی تیادا کەمترلە ٢٪ بوو.

زۆرترین ڕێژەی پزیشك

لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادایە ژمارەیان ١٣١١٠٠ پزیشکە کەلە تۆمارگەی کانی کۆمەڵەی پزیشکانی ددانداندا تۆمارکراوە.

گەورەترین ژمارەی پزیشکانی دەروونزانی

هەروەها لە ئەمەریکادایە ژمارەیان ٢٢٠٠٠ پزیشکی دەروونیە ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵەی زانایانی دەرونزانی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٧٨ چل وپێنج هەزار زانا بووە.

بەشی شانزەهەم

سەیرو سەمەرەکانی هونەر

گەورەترین تابلۆ رۆنی

لەجیهاندا تابلۆی (پانۆرامای میسیسپی) یە کە هونەرمەند (لجون باننارد) (١٨١٥ – ١٨٩١)ی کێشاوەیەتی تیایدا ١٩٣٠کم روباری وێنە کێشاوە لەسەر پارچە قوماشێکی ئامادەکراو بۆ وێنەکردن بەدرێژی ١٥٢٤ مەترو پانی ٢,٧م روبەرەکەشی ٥٢٦١م چوارگۆشەیە، لە وە دەچێت ئەو تابلۆیە لە کۆگایەکی دانە وێڵەدا لونگ ئایلنددا لە نیویۆرك سوتابێت لە ١٦ ئایاری ١٨٩١دا پێش مردنی هونەرمەند بەماوەیەکی کەم.

بەڵام گەورەترین تابلۆی رۆنی تا ئێستا مابێت پانۆرامایی (شەڕی کیشبورگ)ە هونەرمەندی فەرەنسی (پول فیلبوتر) لەگەڵ شانزە هاوکاریدا لەساڵی ١٨٨٣ وێنەی کێشا ماوەی وێنە کێشانەکەشی دوساڵ و نیوی خایاند، درێژییەکەی ١٢٤,٩٦م بەرزییەکەشی ٢,١٣٣م و قورسییەکەشی ٦٧٢,٥٣٤٦ کیلۆ گرامە.

بچوکترین تابلۆی زەیتی

بچوکترین تابلۆی زەیتی لە جیهاندا تابلۆی (وڵاتە بچوکەکەم هۆڵەندا)یە کە هونەرمەند (گیرت تویگت) لە کانونی دووەمی ١٩٧٩ دا وێنەی کێشا، بازنەی تیرەکەی ٠,١٥ سم.

گرانترین تابلۆی زەیتی

تابلۆی (چوکەندا – مۆنالیزایە) کە هونەرمەندی بەناوبانگ (لیوناردو داڤنشی) وێنەی کێشاوە، ئێستا لەمۆزەخانەی لۆڤەرە لەپاریس، لە

نێوان ساڵانی ١٥٠٣ – ١٥٠٧ وێنەی کێشراوە، چێوەکەشی ٧٧,٤٠٧ × ٥٣,٠٨سم٢.

وێنەی خاتوو (مادونالیزا نمیرئادنی)یە مێردەکەی پارەی دروستکردنی نەدایە داڤنشی چونکە وێنەکەی بەدڵ نەبوو، بەڵام شار فەرەنیسسی یەکەم پادشای فەرەنسا کڕی بە ٤٠٠٠ فلۆرین کە یەکسانە ٣٩٤٧,٩٥ گم ئاڵتون.

بەرزترین نرخ لەزیادکردنی ئاشکرادا

لە ٢٧ تشرینی دووەمی ١٩٧٠دا پێشانگای (توحف) وڵدنشتاین لە نیویۆرك تابلۆیەکی وێنەکێش (دیڤۆ فیلاسکیزی) کڕیّ بە٥٥٤٤٠٠٠ دۆلار وێنەکەشی بریتی بوو لەوێنەی (خلاسی) خزمەتکاری کە لە ساڵی ١٦٤٩ لە رۆما کێشابووی.

بەرزترین نرخ بۆ وێنەیەکی رۆنی

بەرزترین نرخ درابێتە وێنەیەکی رۆنی لەم سەردەمەدا ٢٠٠٠٠٠٠ دۆلار بوو کە پێشانگای نەتەوایەتی ئوستورالی لە(کانێرا) دای بەوێنەی (پایەشینەکان) کە هونەرمەندی ئەمریکی (جاکسون بولوك/ ١٩١٢ – ١٩٥٦) کێشابووی ئەویش لە ٢١ی ئەیلولی ١٩٧٣ دا بوو.

هونەرمەندێك زۆرترین بەرهەمی هەبێت

بیکاسۆیە لەژیاندا کە ٧٨ سالْ بوو، ١٣٥٠٠ تابلۆی زەیتی‌و ١٠٠,٠٠٠ هەزار چاپکراوو ٣٤٠٠٠ وێنەی سەرکتێب و ٣٠٠ پەیکەری هەبووە، لە تەمەنی خۆیدا بەرهەمەکانی بایی یەك بلیۆن دۆلار بووە.

زۆرترین وێنەی

(ئنتۆنیۆ بێنی) فەرەنسییە کە لە ٣٠٠ بۆنەدا وێنەی مۆنالیزای کێشاوە، یەکێك لەو وێنانەی بە ١٧٠٠ دۆلار فرۆشرا.

کۆنترین مۆزەخانە

کۆنترین مۆزەخانە لەجیهاندا مۆزەخانەی شاری ئەسکەندەرییە کە بتلیمۆسی یەکەم لەسالی ٢٨٠ پێش زاین دایمەزراند، پەیکەرەکانی خواوەندەکانی جوانی‌و مۆسیقاو شیعری تێدابوو هەروەها نمونەی تازەترین داهێنان‌و ئامێرەکانی پیشەسازی‌و نەشتەرگەری تێدا دادەنرا، پاشان کرا بەقوتابخانە یان زانکۆیەك لەیۆناندا.

گەورەترین کۆشك

کۆشکی (ئاسکۆریال) کە دەکەوێتە سەر چیای (سیبیریاو جاوەمارا) لەباکوری رۆژئاوای مەدرید پایتەختی ئیسپانیا، بریتییە لە ٢٠٠٠ ژورو ٣٠٠٠ دەرگاو ٦٠٠٠ پەنجەرە، لەسالی ١٥٦٣ شا فیلیپ-ی دووەم دروستیکردوە، پاشان بوو بە گۆڕستانی پادشایانی ئیسپانیا.

بەشی حەڤدەهەم

سەیرو سەمەرەکانی کتێب

سەد ملیۆن وشە

نوسەری ئینگلیزی (شارلز هاملتۆن)ە کە بە(فرانك ریچارد) ناسراوە، سالّی ١٩٠٨دا گەیشتە چلّە پۆپەو دوو زنجیرە چیرۆکی بۆ منداڵان نوسیو لەگەڵ وێنەدا بڵاویدەکردنەوە بەناونیشانی زنجیرەی (جیم)و زنجیرەی (ماگنێت) ژمارەی ئەو وشانەی لەژیانیدا بڵاویکردۆتەوە گەیشتە سەد ملیۆن وشە.

زۆرترین بەرهەمی رۆمان

کچە نوسەرە ئەفەریقای باشور خاتوو (فولکنن)ە کە بە(کاتلین لیندن) ناوبانگی دەرکردوە، ژمارەی رۆمانەکانی ٩٠٤ رۆمان بوو لەژێر چەندین ناوی خوازراودا بڵاویکردونەتەوە، بەڵام زۆرترین بەرهەمهێنەری زیندوو (لوران بین) ە، کە خەڵکی کالیفۆرنیایەو نزیکەی ٨٦٠ بەرهەمی لەژێر ٧٠ ناوی ئەدەبیو هونەری خوازراودا بڵاوکردۆتەوە.

بەتەمەنترین نوسەر

خاتوو (ئەلیس بۆلۆك) (١٨٦٨ – ١٩٧١) بوو خەڵکی هازلمیزی بەریتانیایە، تەمەنی سەدو چوار ساڵ بوو کاتێك دواین کتێبی خۆی بڵاوکردەوە لەژێر ناونیشانی (وێنەی گەنجیم لەسەردەمی فیکتۆردا) لە ئازاری ساڵی ١٩٧١دا.

گەورەترین کتێبخانە

کتێبخانــەی کۆنگرێــسی ئەمریکییــە لەواشــنتۆنی پایتــەخت کــە ٧٤٣٨٧٠٠٠ بابــەت لــەخۆدەگرێت لــە ١٨٦٣٨٦٣٣ کتێــب دا، ئــەم کتێبخانەیـە لـە٢٤ نیسانی ١٨٠٠ لەسـەرگردی کـابیتۆڵ دروسـتکراوە، لەسـەر پانتـایی زەویـەکی ١٤١٦٩٣,٧٥م چوارگۆشـە درێـژی رەفـەکانی کتێبخانەکە ٨٠کم زیاترە.

بەشی هەژدەهەم

سەیرو

سەمەرەکانی ئۆتێل و..

زۆرترین ژمارەی ژور

لەسەرانسەری جیهاندا ئوتێلی (راسیا)یە لە مۆسکۆی پایتەختی روسیا، بریتیەلە دوانزە نهۆم بەهەموویەوە ٣٢٠٠ ژورەو دەتوانێت لەیەککاتدا پێشوازی لە ٦٠٠٠ میوان بکات، ئەم ئوتێلە لە ساڵی ١٩٦٧دا کراوەتەوە. لە ئامارێکدا هاتووە ئەگەر کەسێك بیەوێت هەر شەوێك و لە یەکێك لە ژوورەکانی ئەم ئوتێلەدا بخەوێت پێویستی بەهەشت ساڵ و نیو کات هەیە، سەرەڕای ئەوەش لە حەوشەی ئوتێلەکەدا بینایەکی تر هەیە پێی دەڵێن (قوللەی سەرۆکایەتی) کە لە بیست و یەك نهۆم پێکدێت.

لەم ئوتێلەدا سێ هەزار کارمەندو کرێکار ئیشدەکەن ٩٣ بڵندەك (مصعد)ی کارەبایی هەیە هۆڵی پێشوازی ئەم ئوتێلە گەورەترین هۆڵی پێشوازیە لە دونیادا، ئەوەی شایانی وتنە روسیەکان خۆیان بۆیان نیە لەم ئوتێلەدا بنون و تەنیا بۆ پێشوازی بیانیەکانکراوە هەربیانیەکیش دەبێت شەش بەرامبەر پیاوانی رەسمی سۆڤێت پارە بدات بۆ مانەوە لەم ئوتێلەدا.

گەورەترین ئوتێل (کەرتی تایبەت)

گەورەترین ئوتێل کە مۆڵکی خەڵك بێت و هی دەوڵەت نەبێت ئوتێلی (والدورف ئاستوریا)یە لەنیویۆرك، دەڕوانێتە سەر پارکی ئاڤینۆداو ئەو

زەوییەی ئەم ئۆتێلەی لەسەر دروستکراوە سێ چارەکە هیکتارە، بەڵام بەرزییەکەی لەنزیکی ١٩١ مەترەدایە، ئوتێلەکە بریتیە لە ٤٧ نهۆم و ١٨٥٢ ژورو گەورەترین سیستەمی وەرگری بێتەلی تێدایە لەهەموو جیهاندا، دەتوانێت لەیەککاتدا پێشوازی لە ١٠ هەزار کەس بکات و ١٧٠٠ کارمەندو کرێکار ئیشی تیادەکەن.

بەڵام چێشتخانەکانی دەتوانن لەیەککاتدا خزمەتی شەش هەزار میوان بکەن، ئەوەش زانراوە چایخانەی ئوتێلەکە رۆژانە ٣٧٨٥ لیتر قاوە پێشکەش بەمیوانەکانی دەکات.. نرخی ئەو کارەبا خەرج بووەی لەلایەن ئوتێلەکەوە دەدرێتە کۆمپانیای کارەبا ساڵانە دەگاتە دوو ملیۆن دۆلار ئەم ئوتێلە لەرۆژی یەکەمی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣١ دا بۆ یەکەمینجار کراوەتەوە.

گەورەترین ئوتێل لەفەرەنسا

گەورەترین ئوتێلی فەرەنسا ئوتێلی لافاییت کۆنکۆردە لەپاریس نبۆرت مایۆ، کە لەساڵی ١٩٧٤ دا دروستکراوە.

ئەم ئوتێلە هەزار ژورو ٢١ شوققەو ٤ بەشی سەرۆکایەتی لەخۆدەگرێت، روبەری گشتی ئوتێلەکە ٥٠,٠٠٠م٢، کە دە بڵندەکی تیدایە لەگەڵ بڵندەکی تایبەتی سەرخستنی شتومەك، لەگەڵ قوللەیەکدا کە بەرزییەکەی ١٦٩م.

بەرزترین ئوتێل

بەرزترین ئوتێلی جیهان ئوتێلی (بلازا) یە لەشاری ئەتلەنتا لەویلایەتی جۆرجیای ئەمەریکا، بەرزییەکەی ٢٢٠,٣٠م کە بەسەر ٧٠نهۆم دا دابەشبووە، بریتیە لە ١١١٠ ژوور بە بڕی ٥ ملیۆن دۆلار دروستکراوە ئەم ئوتێلە لەلایەن تۆڕی رستورن ئەنتەر ناسیونالەوە بەڕێوەدەبرێت کە هی دەزگای بورتمان بروبرتیزە. بەلام ئوتێلی دیترویت بلازا بەرزییەکەی ٢٢٧م، لەم کاتەشدا لەسەنگافورە ئوتێلێك دروستدەکرێت بەناوی (رافلزسیتی) بەرزییەکەی دەگاتە ٢٣٠ مەترو بریتییە لە ٧١ نهۆم، بڕی ٢٠٠ ملیۆن دۆلاری تێدەچێت.

گەورەترین هۆڵی ئوتێل

هۆڵی دانیشتنی ئوتێل (تالێ)یە لەتایواندا لەگەورەترین هۆڵ دادەنرێت لەجیهاندا لە ١٠ تشرینی یەکەمی ١٩٧٢دا دروستکراوە درێژییەکەی ٤٧م پانیەکەشی نۆ مەترو شەست سانتیمەترە.

گرانترین ئوتێل

گرانترین ئوتێل لەدونیادا ئوتێلی (ئاسترۆ فیلادج)ە لە شاری هوستۆنی ویلایەتی تەکساسی ئەمەریکا، کرێی نوستنی شەوێکی

جیهان

لەگرانترین شوققەیدا کە پێی دەڵێن (سویت سیلیست) دەگاتە سێ هەزار دۆلار.

درێژترین مەلەوانگە

مەلەوانگەی (فەرجینیاتیش)ە لەویلایەتی ڤێرجینیای ئەمەریکا درێژیەکەی ٤٥ کم لەلێواری زەریای ئەتڵەسی سەرەڕای ١٦کم وشکانی روبەری گشتی مەلەوانگەی ٦٦٠ کیلۆ مەتر دووجایە. بەدرێژایی مەلەوانگەکەی ١٣٤ ئوتێل دروستکراوە.

گەورەترین شاری کانی دار

شاری (فیشی) فەرەنسایە، کە ١٢ سەرچاوەی ئاوی لێدەهەڵدەقوڵێت و بۆ نەخۆشییەکانی رۆماتیزم و کۆئەندامی هەرس بەکاردەهێنرێت، ئاوەکەی مادەی سۆدای بیکاربۆناتی تیدایە، ئەو ١٢ سەرچاوەیە شەشیان بۆ چارەسەر بەکاردێت و سیانیان ئاوەکەی گەرمەو،سیانیشیان ئاوەکەی ساردە، رۆژانە ٨٦٠ هەزار لیتر ئاو لێیانەوە هەڵدەقوڵێت.. بەهەمیشەیی لەو شاردا ٢٥ هەزار کەس دەژین و لەکاتی چارەسەردا ئەو شارە دەتوانێت جێی ١٠ هەزار کەسی تر بکاتەوە. چونکە ٣٠٠ ئوتێلی تێدایە کە ٨٠٤٠ ژور لەخۆیان دەگرن جگە لەشوققەی ئامادەکراو.

بەرزترین شاری سەرچاوە دار

شـــاری (بـــاریج)ی فەرەنـــسایە کـــە دەکەوێتـــە بـــەرزی ۱۲٤۰م وە لەسەرشاخی (بیرینەی سەرو)

گەورەترینیانە بۆ ئارەزومەندانی سروشت

یانـەی (بۆڤـالی کـاوبتری)یـە لەشـاری (وائمیـات) لـەکۆماری ئـەفریقای ناوەند، لەسەر روبەرێکی چوار کیلۆمەتری دوجایەو بیست هەزار میوان لەخۆدەگرێت لەساڵێکدا.

گەورە ترین چادرگەی فەرەنسا

چـادرگەی (فیوبـودغ) لـەلێوارە باکوریەکانـدا لەســەر روبــەری ٥٢ هێڵکاری زەوی.

بەرزترین چێشتخانەی خولاوە

دەکەوێتە بەرزیەکەی ۳٤۷,٥۰ م، لەناو قوللەیەکی تایبـەت بەهـەوایی رادیـۆ فارسـوفیا نزیـك بلـۆك لـەپۆلۆنیا، ئـەو قوللەیـە بەبـەرزترین بینـا لەجیهاندا دادەنرێت. هەروەها چێشتخانەیەکی تر هەیە لەسـەر بـەرزایی ۳٤۷ م وە دروسـتكراوە لەسـەر بینـای هـەوایی تەلـەفزیۆنی سـی ئـێن تاوەر لەتۆرینتۆی کەنەدا.

کۆنترین کابارەی شەوانە

کابارەی (بل دی زانغلی)یە کە دەکەوێتە ژمارە شەش جادەی ئینگلیز لەبازنەی پێنجەم لەپاریس لە ساڵی ١٨٤٣ دروستکراوەو لە ساڵی ١٩٦٠دا دەرگاکانی داخران.

گەورەترین کابارەی شەوانە

یەکەمیان (گرنیلاندکلاب)ە کە لەساڵی ١٩٥٥ دروستکراوە، لەساڵی ١٩٧١ فروانکراوەتەوە، دەکەوێتە سەرجادەیەکی گشتی کە ناسراوە بە (سبنسر هایوای) لەشاری هوستون لەویلایەتی تەکساسی ئەمەریکا، ٣٠٠٠ کەس دەتوانێت تیایدا دانیشێت و دەتوانێت ٥٠٠٠ کەس میوانداری بکات لەشەوێکدا.

هەروەها دووەمیان یانەی (میکادۆ)یە لەجادەی ئەکاساکا لەشاری تۆکیۆی ژاپۆن کە ٢٠٠٠ کەس لەخۆدەگرێت، لەلایەن ١٢٥٠ خزمەتکارەوە پێشوازی دەکرێت، لەم جێگایەدا مرۆڤ پێویستی بەدوربینێکی تایبەتی هەیە تا ئاهەنگەکان بەباشی ببینێت.

بەشی نۆزدەهەم

سەیرو سەمەرەکانی بیناسازیی

بینای بازرگانی

گەورەترین روبەری زەوی کە بینای لەسەر کرابێت (سەنتەری فۆردە بۆ دابەشکردنەوەی گۆڕینی پارچە یەدەکییەکان) لەناوەڕاستی شاری مشیگان، روبەری زەوی ناو بیناکە ٢٨٧٩٩٩,٣٠م٢، لەساڵی ٢٠ ئایاری ١٩٧١ کراوەتەوەو ١٤٠٠ کارمەند ئیشی تێدا دەکات.

گەورەترین بینای بازرگانی

کارگەی کۆکردنەوەی سەرەکی کۆمپانیای (بۆینگ)ە لە ئیفیریتی واشنتۆن لە ساڵی ١٩٦٨دا بیناکراوە، تایبەتە بە دروستکردنی فرۆکەی (بۆینگ ٠,٧٤٧) کە دور ترین بەرزی ٣٥,٠٥٢م و، بەبڵاویەکەشی ٦٦٣٢٤٠م٣

گەورەترین بینای زانستی

گەورەترین بینای زانستی (بینای کۆکردنەوەی کەشتیەکان)ە کە تێدا دواین کۆکردنەوە دەکرێت بۆ ناردنی کەشتی ئاسمانی ئەپۆلۆ بۆ سەرمانگ لەسەر موشەکی ساترن لەسەنتەری لەندەن بۆ ئاسمانی ناسی.

گەورەترین بینای بەڕێوەبردن

بینای وەزارەتی بەرگری ئەمریکی (پنتاگۆن)ە لە ئارلنجۆی ڤەرجینیا لــە ١٥ کــانونی دووەمــی ١٩٤٣ دروســتکراوەو بــڕی ٨٣ ملیــۆن دۆلاری تێــچووە، درێــژی هەرلایــەك لــەلاکانی ٢٨٠,٧٢٠م و چــێوی بیناکــەش ١٣٧١,٦٠م روبەری هەر پێنج نهۆمەکەیشی ١٩١٨٢٠٢٩م چوارگۆشەیە لــەرۆژدا ٢٩ هــەزار کارمەنــد ئیــشی تێــدادەکات، زیــاتر لــە ٤٤٠٠٠ هێڵــی تەلەفۆنی تێدایە وشەی (پەنتاگۆنیش واتا پێنج گۆشە دەدات).

گەورەترین بینای نوسینگە

بینای (ئەلبرجانی دوانەیە) جوتــە بینایــەکن لەتەنیشت یەکەوە، پێــی دەوترێــت بارەگــای بازرگــانی جیهــانی لــەنیویۆرك، روبــەری گــشتی ٤٠٥٩٣٧م دوجایــە، بەرزییەکەشــی ٤١١,٤٨ م بــوو لــە٢٠٠١/٩/١١ وە تەقێنراوە.

بەرزترین بینای نوسینگە

قوللەی (سیرز)ە کە سەنتەری سەرەکی کۆمپانیای (سیرز رۆیاك)ە لــە شیگاغۆ بریتییە لە ١١٠کیلۆ گرام و بەرزیەکەشی ٤٤٣,١٧٩م، لەساڵی ١٩٧٤ بینــاکراوە، رووبــەری گــشتی ٤٠٨٧٦٠م٢، کاتێــك هەواییــە تەلەفزیۆنییــەکانیان لەســەری دانــا بەرزییەکــەی گەیــشتە ٤٧٥,١٨٣م،

ژمارەی ئەو کرێکارانەی کە لەدروستکردنی ئەم بینایەدا بەشداریان کردووە ١٦٧٠٠ کرێکار بوون، ١٠٣ بڵندگۆ ١٨ پەیژەی جوڵاو ١٦٠٠٠ پەنجەرەی تێدایە.

گەوەترین باڵیۆزخانە

باڵیۆزخانەی روسیایە لەپەکینی پایتەختی (چین) روبەری گشتی باڵیۆزخانەکە ١٨١٠٨,٤٢٠ م٢

گەورەترین ماڵی تایبەت

ماڵی (بێڵتمۆر)ە لەکارۆلینای باکور، کە ٢٥٠ خانوی تێدایەو موڵکی جۆرج ولیام سیسیلی نەوەی جۆرج واشنتۆنە لەنێوان ساڵانی (١٨٩٠ – ١٨٩٥) دا دروستکراوە بە بڕی ٤١٠٠٠٠ دۆلار بەڵام نرخی ئەمڕۆی دەگاتە ٥٥٠٠٠٠٠٠ ملیۆن دۆلار رووبەرەکەشی ٤٨٥٦٢٢٠٠م ٢.

گرانترین ماڵی تایبەت

ماڵی (هیرست رانش)ە لەسان سیمۆنی کالیفۆرنیا لەنێوان ساڵانی ١٩٢٩ – ١٩٣٩ بیناکراوە بڕی ئەو پارەیەی تێچووە زیاتر لە٣٠٠٠٠٠٠ دۆلار بووە زیاد لە ١٠٠ ژووری تێدایە لەگەڵ مەلەوانگەیەکدا کە خۆی ئاوەکە گەرم دەکات درێژییەکەی ٣١,٦٩٩م و لەگەڵ هۆڵێکی

کۆبوونـــەوەدا کـــە درێژییەکـــەی ٢٥,٢٩٨م لەگـــەڵ گەراجێکـــدا کـــە ٢٥ ئۆتۆمبیل دەگرێت.

گەورەترین یاریگای پلەدار

یاریگـــای (ســـۆپردوم)ە لـــەنیوئورلیا نزیلـــو بزیانـــا، رووبەرەکـــەی ٥٢٦,٩,٩٥ مەتر چوارگۆشەیەو درێژیەکەشی ٨٨٣,٢٠٠٠ م بڕی ١٧٣ ملیـۆن دۆلاریـــشی تێـــژووە لـــەئایاری ســـاڵی ١٩٧٥ دا دروســـتکراوە، ٩٧٣٦٥ کـــەس دەگرێـــت لـــەکاتی کۆبوونـــەوەداو ٧٦٧٩١ کەســـیش دەگرێت ئەگەر هەریەك لە سەر کورسیەك دانیشێت.

گەورەترین شوێنی سەرگەرمی

(دزنـی وورلـد)ە بـۆ سـەرگەرمی ١١١,٠٥٧٥کیلـۆ مـەتر دووجا لەهـەر دوو هـــەرێمی ئـــورانج و ئەســـکیلولای باشـــوری رۆژئـــاوای ئورلانـــدۆی فلۆریدایـــە، لەتـــشرینی یەکـــەمی ١٩٧١ دا کرایـــەوەو بـــڕی ٤٠٠ ملیـــۆن دۆلاری تێچووە، لەساڵی یەکەمدا ١٠٧٠٠٠٠٠ کەس سەردانیان کرد.

بەرزتررین قوللە

قوللـەی (ئیڤـڵ)ە لـە پاریـسی فەرەنـسا کـە ئەنـدازیار غۆسـتاڤ ئیڤـڵ (١٨٣٢ – ١٩٢٣) نەخشەی کێشا وەکو هێمایەك بۆ پێشانگای پاریس،

لە ۳۱ ئازاری ۱۸۸۹ دا کارکردنی تیایدا تەواو بوو، بەرزییەکەی ئەو کاتە ۳۰۰,۵۲۵ مەتر بوو، ئەمجا بەهەواییەکی تەلەفزیۆن بەرزکرایەوە تا گەیشتە ۳۲۰,٦٥۹ م قورساییەکەی ۷۳٤۰۰,۷ کیلۆ گرام و ۱۷۹۲ پلێکانەی تیدایە، لەکاتی هەڵکردنی رەشەبادا دەجوڵێتەوەو، بڕی تەواوکردنی بینای ئەو بورجە ۷۷۹۹٤۰۱ فرەنك و ۳۱ سەنت بووە.

بەشی بیستەم

سەیرو سەرەکانی پرد

کۆنترین پرد

کۆنترین پرد لەجیهاندا کە تا ئێستا مابێتەوە مێژوی دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ٨٥٠ پێش زاین، ئەویش پردێکە لەسەر روباری میلیز لەشاری ئەزمیری تورکیا

درێژترین پرد

درێژترین پرد لەجیهاندا پردی (هامبر ئەستوری)یە لەبەریتانیا، بری ١٣٥ ملیۆن دۆلاری تێچووە، درێژییەکەی ١,٤١کمو ماوەی ئیشکردن تیایدا لە ٢٧ تەموزی ١٩٧١ تا حوزەیرانی ١٩٨٠ بووە، بەرزی هەردوو قوللەکەی ١٦٢,٤٦١م.

درێژترین پردی هەڵواسراو

پردی (ماکیناکە) لەنێوان هەردوو شاری ماکینامو سانت ئیفناس لەشاری میشیگن درێژی نێوان دوو خاڵی چەقیوی ٢,٥٤٢کم، ئەگەر بەگشتی درێژییەکەی بپێوین دەگاتە ٥,٨٤٠٦ کم، لەتشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٥ دا کرایەوەو، بڕی سەد ملیۆن دۆلاری تێچووە، درێژییەکەی بوەوەیەکی سەرەکی هەیە دەگاتە ١١٥٨ کم.

درێژترین پرد لەدوو خاڵی چەقیودا

پردی (کوبك) لەسەر روباری لورنس لەکەنەدا، درێژیەکەی لەنێوان دوخاڵی چەقیودا ٥٤٨,٦٤ م، درێژی گشتی ٩٨٧,٢٤٧م، هێڵێکی ئاسنی لەسەرە لەگەڵ دوو رێگەی ئۆتۆمبیلدا، لەساڵی ١٨٩٩ دەست کراوە بەئیشکردن تیایداو لەسێی کانونی یەکەمی ١٩١٧دا کرایەوە، ئەو کاتە نزیکەی ٢٢٥٠٠٠٠٠ دۆلاری تێچووە لەەی ئیشکردن تیایدا ٨٧٠٠ کەس گیانیان لەدەستداوە.

درێژترین پردی سروشتی

درێژترین پردی سروشتی لەجیهاندا (تاقی دیمەنی سروشتیە) لەباخچەی تاقە سروشتیەکانی باکوری ئۆتاوا. درێژی ئەم پردە ٨٨٠٦٩م.

گەورەترین پرد

پردی (پەلکە زێرینە)یە لەئۆتاوا کە لە ١٤ی ئابی ١٩١٩دا دۆزرایەوە درێژییەکەی ٨٤٠٧٣٤م و پانیەکەشی ٦,٧٠٥م.

بەشی بیست و یەک

سەیرو سەمەرەکانی کەنداو

درێژترین کەنداو

درێـژترین کەنـداو، کەنـداوی سوێـسە کـە دەریـای سپی ناوەراسـت بــەدەریای ســورەوە دەبەســتێتەوە لەلایــەن ئەنــدازیارو دیپلۆمــاتی فەرنسی (فریناند دیلیبس)ەوە (١٨٠٥ – ١٨٩٤) نەخشەی کێشراوە، درێژییەکـەی ١٦١,٨٦٥ کـم لـە پۆرسـەعیدەوە بـۆ کەنـداوی سـویس، پانیەکەشی ٦٠,٠٤٥م، تیایدا ٨٢١٣ پیاوو ٣٦٨ حوشتر ئیشیکردوە، لە ١٦ تشرینی دوەمی ساڵی ١٨٦٩ دا تەواو بووە.

قەڵەباڵغترین کەنداو

کەنـداوی پانامایـە کـە لـە ١٥ی ئـابی ١٩١٤ تیایـدا هاتوچۆکراوە، لەسـاڵی ١٩٧٤ دا ژمـارەی کەشـتییە تێپـەڕیوەکان پیایـدا گەیـشتوەتە ١٤٣٠٤ کەشـتی. گرنگترینیـان کەشـتی شـابانو (ئـەلیزابیس)ی دووەم بوو، کە لە ٢٥ ئازاری ١٩٧٥دا پێیدا تێپەڕی.

بەشی بیست و دوو

سەیرو سەمەرەکانی تونێل

گەورەترین تونێل

تونێلی (دلاوین)ە کە ئاو دەداتە بەشی رۆژئاوای شاری نیویۆرك، لە ساڵی ١٩٣٧ دەستکرا بەئیشکردن تیایداو لەساڵی ١٩٤٤دا تەواوکرا، تیرەکەی ٤,١١٤٨م و درێژییەکەشی ١٦٨,٩٤٥کم، لەتانکیەکانی رونـدوتی چیای کاتسکیانەوە ئاو دەگوێزێتەوە بۆ تانکیەکانی هیلفیۆی سنوری شاری نیویۆرك.

درێژترین تونێل بۆ شەمەندەفەری کارەبایی لەژێر زەویدا

تونێلی هێڵی ئاسنی سەر بەبەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەیە لەلەندەن درێژییەکەی ٤٨٢,٨٠٣م، کە (وردن) و رۆژهەڵاتی (فیشلی) لەرێگەی بانك لەلەندەن پێکەوە دەبەستێتەوە ئەم تونێلە لەساڵی ١٩٣٩ وە بەکاردەهێنرێت.

درێژترین تونێلی ئۆتۆمبێل

تونێلێکە لەسان ئەنتوانی رۆژئاوای نەمساوە دەست پێدەکات، درێژییەکەی ١٣,٩٩٨کم، لە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٧٨ کراوەتەوە.

بەڵام تونێلێك کە گەورەترین تیرەی هەبێت لەجیهاندا پانیەکەی ١٣,١٦٤م و بەرزییەکەشی ١٧,٦٧٨م و درێژییەکەشی ١٦٤,٥٩٢م و دەکەوێتە دورگەی بربایۆنای کەنداوی سانفرانیسکۆوەو ساڵانە ٢٥٠٠٠٠٠٠ ملیۆن ئۆتۆمبیل تیایدا هاتوچۆ دەکات.

بەشی بیست و سێ

سەیرو سەمەرەکانی بەنداو

کۆنترین بەنداو

بەنداوی (الکفرە)یە لە میسر کە دەکەوێتە ١١,٢٦٥کم-ی باشوری شاری حەلەوانەوە لە نێوان سالآنی ٢٧٥٠,٢٩٥٠ پێش زاین دروستکراوە، درێژییەکەی ١٠٦,٠٧م و بەرزییەکەشی ١١,٤٧م.

مەزنترین بەنداو

مەزنترین بەنداو لە قەبارەدا بەنداوی (کورنیلیا تیلینج)ی تازەیە، بەنداوێکی لەگەڵ دروستکراوە لە نزیك شاری ئاجۆی ویلایەتی ئاریزۆنای ئەمەریکا، بەرزییەکەی ٢٩,٨٧م و درێژییەکەشی ١٠,٨٤٦کم و قەبارەکەشی ٢٠٩,٢٥٥,٨٤٦ م٣ یە.

گەورەترین بەنداوی چیمەنتۆ

بەنداوی (کولە مەزنە) لەسەررووباری کۆلۆمبیا، لە سالّی ١٩٣٣ دەستکرا بەکارکردن تیایداو لە ٢٢ ئازاری ١٠٤١ بەکارهێنراوە لە ١٩٤٢دا بە تەواوی تەواوکرا، بڕی ٥٦,٠٠٠,٠٠٠ دۆلاری تێچووە، درێژییەکەی ١٢٧١,٩٣ م و بەرزییەکەشی ١٦٧٠٦٤ م و ٨٠٨٦٩٤٠م٣ چیمەنتۆی تیادا بەکارهێنراوە. کارگەیەکی تیایە بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا.

بەرزترین بەنداو

بەنــداوی (دیکنــسی مەزنــە) لــە سویــسرا لــە ئــەیلولی ١٩٦١ دا دروستکراوە، بڕی ٣٧٢ ملیۆن دۆلاری تێچووە، ئاستی بەرزییەکەی بۆ لوتکەی بەنداوەکە ٢٨٤,٩٨ م، بەرزەو درێژییەکەشی ٧٠٠م.

درێژترین بەنداو

درێژترین بەنداو لەسەر روباری (کیێڤ)ە کە بەرزییەکەی ١٨,٨٩م و لەســەر روبــاری (دنــیبر)ە لــە روســیا لــە ســاڵی ١٩٦١ دروســتکراوە، درێژییەکەی ٥٤,٧٢کم.

بەهێزترین بەنداو

بەنداوی (سیاتۆشوزنیکایا)یە لەسەر روباری (سیانوشوزنیکابا) لە روسیا بەشێوەیەك دروستکراوە کـە ٢٠١٦٠٠٠٠ تـەن ئـاو پاشـەکەوت دەکات.

بەشی بیست و چوار

سەیرو سەمەرەکانی میکانیل

گەورەترین کەشتی نەفەرهەڵگر

کەشـتی پاشـایەتی (شـازادە ئەلیزابیـسە) لـەزێبالْ (ئـستولْ)ی کۆنـارد بارەکـەی ٨٢٩٩٨ تـەن‌ەو درێژییەکـەی ٢١٤,٢٤٨م پانییەکەشـی ٣٥,٩٨٣مــەترە، بەڵام ئەم کەشتییە مەزنـە لـە ٦٩ کانونی دووەمـی ١٩٧٢دا لـە سـێ شـوێنەوە ئاگری تێبەربوو، لەئاکامدا سووتا.

گەورەترین فڕۆکە هەڵگر

هەردوو فڕۆکە هەڵگری (نیمیتز)و (وایت ئایزنهاوەر)ە کە هـەر بـەهێزی دەریایی ئەمەریکان کێشی هەریەکەیان ٩١٤٠٠ تەنەو خێراییەکەی ٥٥,٥٩٠ کم و لەسـەعاتێکدا، ئایزنهـاوەر یەکـەم گەشـتی لـە ١٨ تـشرینی یەکـەمی ١٩٧٧ دا دەستیپێکردو، زیاتر لەیەك بلیۆن دۆلاری تێچووە.

گەورەترین بزوێنەری کەشتی

کەشتی نەوت گوێزەرەوەی (الروضتین)ی کوەیتییـە کـە لەساڵی ١٩٧٦دا لـە شانتییر نافال دی لاسیوتای فەرنـسا دروسـتکراوە، قورسـییەکەی ٨٢,١٣ تەنـەو تیرەکەی ٩,٤٤٨ م.

خێراترین ژێر دەریایی

ژێر دەریایی نەوەوی سەربازیبالّ (ئستولّ)ی ولایەتە یەکگرتووەکانە لەکۆمەڵەی (لوس ئەنجلوس) دەتوانێت لەسەعاتێکدا ٥٥,٥٩٠ کم ببڕێت بەلاّم زۆر لەوە خێراتر دێتە بەرچاو.

گەورەترین ژێر ئاوی

ژێر ئاوی گەردیلەیی (نۆهایۆ)یە کە دروستکرنەکەی بڕی ١٢٥٠٠٠٠٠٠ دۆلاری تێچووە، لەنیسانی ١٩٧٩ گەرێنرایەوە بۆ خزمەتکردن لەگروتۆن – بکو نیکتیکوندا، ٢٤ موشەکی (تلایدنت ١) هەڵدەگرێت کە هەر موشەکێك ماوەی ٧٤٠١,٤ کم دەبڕێت.

درێژترین ئۆتۆمبیل

یەکەم ئۆتۆمبیلی سەرکەوتوو کە بەبەنزین ئیش بکات ئۆتۆمبیلی (موتورواغن) بوو کە کارل فریدرك بەنز (١٨٤٤ – ١٩٢٩) لەساڵی ١٨٨٥ دروستیکردو لە شاری مانهایم-ی ئەڵمانیادا ڕێیکرد، خێرایيەکەی لە١٢,٨٧کم گەیشتە ١٦,٠٩٤ کم لە سەعاتێکدا لە ٢٩ کانونی دووەمی ١٨٨٦دا لە دەستاوێردی داهێناندا تۆمارکرا.

پتەوترین ئۆتۆمبیل

درێژترین رێگا کە بڕیویەتی ١,٩٠٦,٤٧ کم بوو کە ئۆتۆمبیلی مارسیدسی (R.D) بڕیی لەئۆلومبیا کە خاوەنکەی روبەرت ئۆرئیلی بوو.

خێراترین ئۆتۆمبیل

خێراترین ئۆتۆمبیل (١٠١٦) کم دەبڕێت لەکاتژمێرێکدا ناوی ئۆتۆمبیلەکە (گڕی شین)ەو بەگازی شلی سروشتی دەڕوات.

خێراترین ئۆتۆمبیلی نەفاسە

زۆرترین خێرایی کە ئۆتۆمبیلێکی نەفاسە بڕیبێتی ٩٨٨کم بووە لەسەعاتێکدا ناوی ئۆتۆمبیلەکەش (سبیریت ئۆف ئەمەریکا)یەو درێژییەکەی ١٠م.

خێراترین ئۆتۆمبیلی پێشبڕکێ

ئەم ئۆتۆمبیلە خێراییەکەی گەیشتە ٤١٤کم لەسەعاتێکدا (مارك دونوهر) بەدەستیهێناوە لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەئۆتۆمبیلی پۆرش ٣٠,٩١٧ کە بزوێنەرێکی هەیە بە ١٢ تۆڕبین.

زۆرترین نرخ درابێتە ئۆتۆمبیلێکی بەکارهێنراو ٤٢١٠٤٠ دۆلار بوو درایە ئۆتۆمبیلێکی مارسیدسی بیوز وودسة لەسالی ١٩٣٦دا لە گروپی (م.ل

کوهین)ە پیاوێکی خەڵکی مۆناکۆ کڕیی بەهۆی پەیوەندییەکی تەلەفۆنییەوە لەگەڵ کونسوڵی (کریستی) لەلۆس ئەنجلۆس لەساڵی ۱۹۷۹دا.

گرانترین ئۆتۆمبیلی تایبەت

ئۆتۆمبیلی سەرۆکایەتی ئەمەریکا (لنکۆڵن)ە ساڵی ۱۹٦۹ (کۆنیتنیتاڵ ئەکزیکیوتیف) بوو کە تەسلیم بەفەرمانگەی ئیستخباراتی نهێنی ولایەتە یەکگرتووەکان کرا لەساڵی ۱۹٦۸دا. درێژییەگەی ٦,٥٦ م بوو بنکەی تایەکانی ٤,٠٦م و فیشەك نەبڕ بووەو کێشەکەشی ٥٤٤٢ کیلۆ گرام بووە، دروستکردنەکەشی ٥٠٠٠٠٠ دۆلاری تێچووە.

درێژترین ئۆتۆمبیلی گشتی (پاس)

۲۳,۱٦٤م و، ۱۲۱ کورسی تێدایە، سەرەڕای ئەوەی ٦٦ کەس دەتوانێت تیایدا بەپێوە بوەستێت، کێشی ۱۲ تەن-ە.

بەرهەمهێنانی زۆرترین ئۆتۆمبیل

کۆمپانیای جۆدێت (فلات توین) توانی ٤۲ ساڵ بەردەوام ئۆتۆمبیل بەرهەمبهێنێت لەساڵی ۱۹۱۰ تا ۱۹٥۲، تەنانەت لەرۆژەکانی جەنگی جیهانیشدا لەبەرهەمهێنان نەوەستا.

فراوانترین فڕۆکەی نەفاسەی هێڵی ئاسمانی

فڕۆکـــەی کۆنکـــۆردە (Abc) ئەبروسباشـــیاڵ، ١٢٨ کـــەس دەگرێـــتو لەسەعاتێکدا ٢,٣٣٣ کم دەبڕێت یان ٢,٢ جار لەدەنگ خێراترە، ئەم فڕۆکەیـە لـە ٢١ کـانوونی دووەمـی ١٩٧٦ دەسـتبەکاربوو کاتێـك هـەردوو کۆمپانیـای فڕۆکەوانی فەرەنسیو هێڵی ئاسمانی بـەریتانیا هێڵێکیـان کـردەوە، لـەنێوان پـاریس و رۆدیـۆ جـانیرۆی لـە لەندەنـدا، ئـەم فڕۆکەیـە رێکـۆردێکی تـازەی تۆمارکرد لەنێوان لەندەنو نیویۆرکدا، ئەویش ٣ سەعاتو ٦ دەقیقە بوو.

خێراترین فڕۆکەی ئەفاسە

بریتییـــە لەفڕۆکـــەی (لـــۆك هیـــدس)ە بـــۆ دۆزینـــەوە (ئیستکـــشاف) خێراییەکـەی گەیـشتە ٣٥٢٨,٨٠ کـم کاتێـك یەکـەمجار فـڕی لـە ٢٢ کـانونی دووەمی ١٩٦٤ دا ٤٧٩٧,٩ کم بەرزبویەوە.

بەرزترین فڕین

(ئەلکسەندەر فیدوتوف) تۆماری کرد بەفڕۆکەیەکی جۆری میکربـان -A- ٢٢٦م (فیـج ١٢٥) لە ٣١، ئاب، ١٩٧٧ بۆ بەرزی ٤٧٦٤٩,٧م .

بەشی بیست و پێنج

سەیرو سەمەرەی ڕاستییەکان

1.. مێرو لە تەنیا مێرویەکی کۆمەڵایەتیە لەناو مێروەکانـدا لـە هـەموو کاتێکدا کەمتر لە پانزە یان پێکەوە نین.

!.. مۆزەخانــەی هونــەری نــوێ لــە نیویــۆرك تــابلۆ لوبــانو (گەشــتی) وێنەکێشی بـەناوبانگی فەرنـسی هاتـسی سـەرو ژێـر هەلواسی دوای چل و حەوت رۆژ بەو هەڵەیە یان زانی و راستیانکردەوە.

!.. درێــژترین مــاج لــە مێــژوودا تۆمارکرابێــت هــی ئــەو ژن و پیــاوە بەرازیلیە بوو لە ساڵی ١٩٦٤دا کاتێك لەسەر شەقامێکی گشتی ویستیان خێـرا ماچێکی یـەکتری بکـەن بـەڵام ددانـە ئاڵتونـەیاکانیان لەیـەك گیرکـردو بـووە هۆی قەرەباڵغیکردنی رێگەکە.

!.. هیتلەر هیچ نامەیەکی تایبەتی نەبووە.

!.. هـەموو ورچـە جەمـسەرییەکان (القطبیـة) هـەرگیز لای راسـتیان نـە لەهێرش و نەلە بەرگریدا بەکارناهێنن.

!.. یانەی سێرکی مۆسکۆ تیمێکی مانگای هەیە لەسەر ئیقاعی مۆسـیقای روسی سەمادەکەن یاری تۆپی پێش دەکەن.

!.. زانایـــەکی دەروونناســـی زانکـــۆی بریمنگهـــام یـــونگی ویلایەتـــە یەکگرتووەکان دەڵێت: لـە ١٥٪ ئەمریکییـەکان بـەنهێنی نینـۆکی پەنجـەکانی پێیان دەکەن.

!.. ئافرەتــان لــەپیاوان گوێیــان ســوکترە، ئەمــە لــەراپۆرتێکی زانایــەکی دەرونناســی بەریتانایــدا هــاتووە، هــەروەها ئافرەتــان توانــای بەرگــەگرتنی

تیشکیان لەپیاو زیاترە، وەك چۆن لەتاریکیدا شتەکان لەپیاو باشتر دەبینین، هەروەها زیاتر لەپیاو هەستیارن بۆ درێژترین شەپۆلەکانی سورو پرتەقاڵی.

أ.. ئەرینا گودینی پەرستیار بەوەوە دەنازێت کە خاوەنی درێژترین قژە لەبەریتانیادا کە درێژییەکەی ١٩٢سم، لەکاتی شۆردنیدا بوتڵێك شامپۆ بەکاردەهێنێت لەناو حەوزێکی درێژدا خۆی دەشوات.

أ.. لەئوستورالیادا سەگێکی رەش لەجۆری لابرادۆر کەناوی (راستوس) فێری هونەری خلیسکان بووە بەسەر ئاودا.

أ.. لەساڵی ١٩٧٢دا لەساری بولیسمەی بەرازیل پیاوێك ویستی بچێتە سینەمایەکەوە بەڵام کاربەدەستان قبوڵیان نەکرد، چونکە پیاوەکە مارێکی پێبوو لەجۆری (بوا).. کاربەدەستان وتیان لەبەر ئەوەی قبوڵمان نەکردوە بچێتە ژورەوە چونکە مارەکە ناکامە.

أ.. گیانلەبەران دەتوانن پێشبینی کەشو هەوا بکەن، ئەڵمانییەکان ژمارەیەکی زۆر بۆقیان هەیە گوایە بارومەتری زیندون، لەبەرئەوەی لەکاتی دابەزینی فشاری کەشدا دەیان قیراند، مێرولەش لەپێش بارانبارینندا دەگوێزنەوە بۆ شوێنێکی بەرز، هەروەها خوری بەرخیش چرچولۆچی نامێنێت.

!.. مارە کوهیری خەڵکی ویلایەتی نیوجێرسی ئەمەریکا دوو دۆلاری دایە پیاوەکەی‌و وەسیەتی کرد بەو مەرجە دوای مردنی نیوەی ئەو پارەیە بداتە پەتێك‌و خۆی پێ بخنکێنێت.

!.. یەکەم پێشانگای پەتانە لەجیهاندا پێشانگای پەتاتەیە لەقوتابخانەی نێودەوڵەتی بروکسلی پایتەختی بەلجیکا، پێشانگاکە مۆسیقایەکی پەتاتە لێدەدات کە مۆسیقاری ئەڵمانی (یوهان سیباستیان باخ) دایناوە کە ئاگاداری میوانان دەکاتەوە ماری ئینتوانێت کلاوێکی لەگوڵی پەتاتە کردۆتە سەر تا جەماوەری رووەکە زیاد بکات.

!.. لێکۆڵینەوەیەك کە لەسەر تۆمارگاکانی توێکاری مردوان کراوە، دەرکەوتوە کەوا مێشکی لە ١٣٧٢ گرامەوە لە ساڵی ١٨٠٦دا زیادیکردوە بۆ ١٤٢٤گرام لەم سەردەمەدا. هەروەها ژنانیش لە ١٤٢٤ وە زیادی کردوە بۆ ١٤٦٥گرام.. لەو ساڵانەی دواییدا بەهەمان زیادبوونی پیاوان مێشکی ژنانیش زیادیکردوە.

!.. لای هەموان ئاشکرایە کە گلێنەکانی چاو بەگوێرەی گرنگی دانی مرۆڤ بەکەمێك یا شتێك دەگۆڕێت. بەڵام ئەوەی لای زۆر کەس ئاشکرا نیە، گلێنەکانی چاو گەورە دەبنەوە کاتێك کە مرۆڤ مێشکی زۆر ئیشدەکات.

!.. ئەلیاس هاو چەندین ساڵ هەوڵیدا مەکینەیەکی درومان دروستبکات، تاشەوێك لەخەویدا خەڵکێکی زۆر سەرەتایی گرتوویانەو حوکمی مردنیان

بەسەردا سەپاند ئەگەر مەکینەیەکی درومان لەماوەی ٢٤ سەعاتدا دروست نەکات.. هاو زۆر مێشکی خۆی بەکارهێناو ماندوی کرد بۆ گەڕان بەدوای چارەسەردا، بەڵام بێهودە بوو کاتێك کاتی دیاریکراوی تەواو بوو جەنگاوەرەکان دەورەیان لێداو تیرەکانیان بەرزکردەوە بۆ ئەوەی بیکوژن، لەپڕێکدا هاو لەجێگەیەکەی راپەڕیو رایکرد بۆ تافیگەکەی سەیری کرد هەموو تیرەکان کونێکیان تیایە لەشێوەی چاودا لەنزیك سەرە پانەکراوەکەیەوە، هەستیکرد کێشەکەی چارەسەر بووە، بۆیە توانی مەکینەیەکی درومان دروستبکات کە زۆر بەجوانیو رێکوپێکی ئیشبکات بەمەرجێك کونەکە لەلایەکی دەرزییەکەوە بێت نەك لەسەرو ناوەراستیەوە.

بەشی بیست و شەش

سەیرو
سەمەرەی جیاواز

بڵاوترین نەخۆشی

بڵاوترین نەخۆشی (غیر معدی) گلۆربوونی دانە، ٢٥٪ی دانیشتوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا توشی دەبن بریتییە لەگلۆربونی ددانەکانیان، زۆر کەمن ئەوانەی بەدرێژایی تەمەنیان توشی دان گلۆربون نابن، بڵاوترین نەخۆشی (معدی)ش نەخۆشی هەڵامەتە.

دەگمەنترین نەخۆشی

نەخۆشییەکە سروشت نەناسراوە، پێی دەوترێت (کۆرۆ) یان نەخۆشی پێکەنین، هۆزی (فۆد) لەغینیای تازە توشدەبن‌و نەخۆشییەکی تەواو کوشندەیە، لەئەنجامی خواردنی مێشکی مرۆڤەوە پەیدا دەبێت.

درێژترین مانەوەی نەخۆشێکی بەشێرپەنجە توشبوو

کەسێك کە توشی نەخۆشی شێرپەنجە هاتبێت‌و زۆرترین ماوە لەژیاندا مابێتەوە خاتوو (ویناونن میلدریرد)ە کە لەتشرینی یەکەمی ١٨٧٦ لە کالیفۆرنیا لەدایکبوو، چوارنەشتەر گەری شێرپەنجەی بۆ کرا لەساڵەکانی ١٩١٨و ١٩٣٣و ١٩٦٦و ١٩٦٨دا لەساڵی ١٩٧٨دا جەژنی سەدو دوو ساڵەی لەدایکبونی گێڕا.

درێژترین بێ هۆشی

درێــژترین بێهۆشــی کــە تۆمــارکرا بێــت (ئــەیلین ئەســبورزیتو) بــوو لەئەنجامی فڕێدانی (زائـدە)وە توشی بـوو لـە ١٦ ئـاب-ی ١٠٤١ ئـیتر نەهاتـەوە هـۆش تــا لــە ٢٥ تــشرینی دووەمــی ١٩٧٨دا مــردو لەتەمــەنی ٤٢ ســاڵیدا بەمەرجێك بێهۆشییەکەی ٣٧ ساڵ و ١١١ ڕۆژی خایاند.

بیری مرۆڤ

(محەمەد عەلی هلیس) خەڵکی تورکیا لە ١٤ تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٧دا تـوانی لـە مـاوەی تـەنیا شـەش سـەعات دا گوێبیـستی ٦٦٦٦ ئایـەت بێـت لـە قورئانی پیرۆز.

زۆرترین نەشتەرگەری

(شارلنهیل) ١٩١٤ زۆرترین نەشتەرگەری بۆ کـراوە لەجیهانـدا، لـە ٢٠ ئـابی ١٩٧٥دا هەشتاو حەوتەمین نەشتەرگەری بۆ کرا هەمویشی لەسکیدا.

نەخەوتن

زۆرترین ماوەی بەبێ نەخەوتن گوزمراندبێتی خاتوو (مورین ویستون)ی ئینگلیزی بوو لەسەر کورسیەکی (هـەزاز) کـە ٤٤٩ سـەعات بـوو واتـە هەشـت ڕۆژو ١٧ ســەعات، هەرچــەند لەکۆتاییــدا توشــی بێهۆشــی بــوو بــەڵام هــیچ زیانێکی پێ نەگەیشت.

گەورەترین بەردی لەشی مرۆڤ

گەورەترین بەرد لەمیزەڵداندا دەرهێنرا بێتو هەموو رۆژنامەكانی ئەو سەردەمە لەسەریان نوسیبێت ئەو بەردە بوو لەلاشەی ژنێكی تەمەن ٨٠ ساڵە دكتۆر (همفری ئارسەر) دەریهێنا لەلەندەن كە قورسییەكەی ٦,٢٩١ كگم بوو.

باوێشك

بەرزترین راپۆرتی پزیشكی لەسەر باوێشك تۆمار كرابێت، لەسەر كچێكی ١٥ ساڵە بوو، لەساڵی ١٨٨٨دا پێنج هەفتە لەسەریەك باوێشكیدا

بێ جوڵانەوە

زۆرترین كات لەمرۆڤ توانیبێتی بەرەزامەندی خۆی نەجوڵێتەوە (ولیەم فۆكوا)ی خەڵكی تكسن بو كە ٦ سەعات و ٣١ دەقیقە بو لەساڵی ١٩٧٨دا.

مانەوە لەژێر ئاودا

بەرزترین رێكۆردی جیهانی بۆ مانەوە لەژێر ئاودا تۆماركرابێت ١٣ خولەكو ٤٢,٥ چركە بوو كە (روبرت فوستر)ی ٣٢ ساڵ بەدەستیهێنا. ٢٠٤,٨سم

جیهان

وە لە ژێرئاودا مایەوە لەمەلەوانگەی (رەفایل)ی کالیفۆرنیا لە ١٥ ئازار ساڵی ١٩٥٩دا.

درێژترین ئێسک

ئێسکی رانە کە ٢٧,٥٪ی قەدی مرۆڤ پێك دەهێنێت، وا دەچێت ٥٠,٣سم درێژ بێت، لای ئەو کەسانەی کە درێژییان ١٨٢سم، درێژترین ئێسکی رانیش هی باڵا بەرزی ئەڵمانی (کونستانین)ە کە دەگاتە ٧٥,٧٠سم.

کورتترین ئێسك

ئێسکی (الرکاب)ە کە یەکێکە لەئێسکۆکەکانی گوێی ناوەراست، درێژییەکەی لەنێوان ٢,٦ملم بۆ ٣,٤ملم ە کێشەکەشی لەنێوان ٢,٠ملگرام بۆ ٤,٣ ملگرام دایە.

هاورێیانی مار

لەشاخی جورا فۆردی ناوچەی سەرچاوەکانی (نیل)دا گەلێك دەژین دەتوانرێت پێیان بوترێت هاورێیانی مار، چونکە مار دەپەرستن و لێی ناترسن، بۆیە مارەکان دەبنە هاورێیانی و تەنانەت ئەوانەشیان کە زۆر ژەهراوی و ترسناکە. سەرەرای پەرستنی گۆشتەکەی دەخۆن و لەوەدا هیچ زیانێك بەدی ناکەن.

ئـەومیان کـە مـارێکی جـۆری (کـۆبرا) بگرێـت لەهـەمویان خۆشـبەختترەو بەراکردن دێتەوە بۆماڵەوە دەیبرژێنێتو دەیخوات، دوای ئەوە هەسـت دەکـات هیچ هێزێك نییە چاری بکات.

زمانی هیندیە سورەکان

هینـدیە سورەکان هەمویان لەکاتی خۆیدا یەك زمانیان هـەبووە بەهـەموو هۆزەکانیانەوە دوای ئەوە لەیەك دورکەوتنەوەو لقو پۆپی تریان لێبومەوە تـا گەیشتەوە ئەوەی لە ئەمەریکای باکورو باشوردا ١٢٥ زمـانی جیاوازیـان هەیـە کە هیچیان لە هیچیان تێناگەن.

گەورەترین حوکمی لەسێدارەدان

گەورەترین حوکمی لەسێدارەدان ئـەو حوکمـە بـوو کـە فیلیـپ-ی پادشـای ئیسپانیا لەمانگی شوباتی ساڵی ١٥٦٨دا دای بەسەر سێ ملیۆن گیاندا کـە ئـەو کاتە هەموو خەڵکی هۆڵەندای دەکرد

بەشی بیست و حەوت

سەیرو سەمەرەکانی جیهان

باخچە هەڵواسراوەکانی بابل

باخچە هەڵواسراوەکانی سەمیر ئەمیس-ی بابل لەوڵاتی عێراقدایە، ئەم پاشماوەیە ۱۰۰۰ ساڵ پێش زایین دروستکراوە، لەشاری بابل لەلایەن نەبو خوزنەسرە کچی (سیاخار سیکارس)ی پادشای میدیەکان خواستووە، ئەم کچە شازادەیە کە خەڵکی ناوچەی شاخاوی بووەو بەگەرمای بابل ڕانەهاتووە دڵی نەکراوەتەوە، بۆیە نەبوخوزنەسر لەبەرخاتری ئەو ئەو باخچە سەر سوڕهێنەری بۆ دروستکردوە، بەئامێرێکیش ئاوی لەفوراتەوە بردوەتە سەروە بۆ بەرزترین نهۆمی باخچەکە. کە لە زەویەوە ۲٤,٦۰م بەرزبووە نەبوخوزنەسر سامانێکی زۆری وڵاتی لەم باخچەیەدا خەرجکردووە دیوارێکی مەزنیشی بۆ دروستکرد لەگرنگترین دروستکراوەکانی (قوللەی بابل)ە کە لەسەرەتادا پەرستگایەکی گەورەبووەو لەشێوەی هەرەمدا دروستکراوە، زۆر کۆن پشتگوێ خرابو، بەڵام نەبوخوزنەسر سەر لە نوێ دروستیکردوە تا گەیاندیە کەشکەشەی ئاسمان، ڕووبەری بنکەی قوللەکە ٩٤,٤٦ مەترو چێوەکەشی ٩٨,٤٠م.. ٨٥ ملیۆن خشت لەدروستکردنیدا بەکارهێنراوە.

ئەهرامەکانی جیزە لەمیسر

تەنیا سەرسوڕهێنەرێکە لەحەوت سەرسوڕهێنەرەکان کە وەکو خۆی مابێتەوە، گەورەترینیان هەرەمی خۆفۆیە، کە خۆفۆ لە ۲٩۰۰ ساڵ پێش زایین دروستیکردوە (۱۰۰۰۰۰) کرێکار ئیشی تێداکردووە، لەماوەی ۲۰ ساڵدا

تـەواوکراوە، شـوێنی ١٢ فـدانی داگیرکـردوەو بەرزییەکەشی ١٤٦ م، چـەندین ڕێڕەوی تێدایە لەگەڵ دوو ژوری گەورەو (ژێر زەمینێك)و دوو کون بۆ هـەوا گۆڕینەوە.. مێژوی دروستکردنی ئەهرامەکان دەگەڕێتەوە بـۆ مـاوەی ٤٧٥٠ — ٣٠٠٠ سـاڵ پـێش زایـینو ئێـستاش ئـەو شـێوەیەی کـە ئەهرامـەکانی پـێ دروسـتکراوە لـەبڕینی بـەردو بەرزکردنـەوەیان بـەو شـێوە ئەندازیارییـە جوانـەو لەسـەریەك دانانیـان، هـەموو خـەڵکی جیهانی سەرسامکردوە، هـیچ لەئـەو کەرەسـتانە نەدۆزراوەتـەوە کـە لـەبیناکردنی ئـەو ئەهرامانـەدا بـەکار هێنراون، ژمارەی ئەو کرێکارانەی بۆ کردنەوەی ڕێگا بۆ هێنانی ئەو بەردانە بۆ بیناکردنی ئەهرامەکان ئیشیان کردوە بەسەد هەزار مەزەندە دەکرێت کە دەیان ساڵ ئیشیان تیا کردوە.

پەرستگەی دیانا

پەرسـتگەیەکی گەورەیـە، بـەڵام لەسەردەسـتی کۆمـەڵێك پیـاوخراپ سوتێنراوە، تەنیا ئەوەندەی لێماوەتەوە کە ئێستا لەمۆزەخانەکاندا دانـراوە، پەرستگەی دیانا لەئەفسوس ساڵی ٣٥٦ پێش زایـین سـوتێنراوە، ئەیوبییـەکان چـاکیان کـردەوەو دەوترێـت دروسـتکردنەکەی ٢٢٠ سـاڵی خایانـدوە، درێژییەکەی ١٢٢م و پانیەکەی ٦١م، ١٢٧ پایەی تێدایە لەسەر شێوەی ئـەیوبی دروستکراوە درێژی هەریەکێکیان ٢٠م، نەیرون جارێکی تر خاپوری کردەوەو دوای ئـەویش (قوتیـەکان) لەسـاڵی ٢٦٢ دا جـارێکی تـر خاپوریـان کـرد.. پەرستگەی ئەرتیمس لەئەفسوس بـۆ خـوای ئـەرتیمس دروسـتکراوە لەشاری

ئەفسەرو کە شاریکی گریکی کۆنە لەلیدیای ئاسیای بچوك نزیکی روباری گایستری لەسەر دەریایی ئیجە لەدوری ٥٦,٣٠ کم لەباشوری خۆرهەلاتی ئەزمیری تورکیایە لەساڵی ١٠٥٠ پێش زاین دروستکراو، ئەتیمس یەکێك لەخواکانی بووە لەئەفسانەکانی ئەفریقادا کە بەرامبەر لەگەڵ خوای دیانای رۆماندا.. پەرستگەکە بریتیە لەکۆمەڵێك پەرستگە لەو شوێنەدا دروست پاشان سوتێنراوەو جارێکیتر لەشوێنەکەیدا پەرستگەیەکی تازە دروستکراوە کە ئەندازیار ئەسکەندەر (دینوکرات) لەگەڵ پەیکەرتاش (...وکوباس) دروستیان کردۆتەوەو بوو بەیەکێك لەسەر سورهێنەرەکان، تا ئیمپراتۆر (تیۆدۆسیۆس)ی یەکەم لەساڵی ٣٩٢ پێش زایین بڕیاری داخستنی هەموو پەرستگە بتپەرستەیەکانیداو هەمویانی روخاندنو هەندێك لەپایە مەمەرمەڕ دروستکراوە رەنگ سەوزەکانی برد لەبینایی کڵێسای قەشە صۆفیا بەکاریهێنا کە ئێستا بەمزگەوتی ئەیاصۆفیا بەناوبانگە لەئەستەمبوڵ ساڵی (٥٣٢ – ٥٣٧) تائێستاش ماوە لەو مزگەوتەدا.

پەیکەری زەیۆس

پەیکەرێکە چەندین سەدە پێش زایین دروستکراوە جۆرەها بەردی لەخۆگرتووە لەدروستکردنو رازاندنەوەیدا، پەیکەری زەیۆس لەئۆلۆمپیای چیای ئۆلۆمپە کەسێکی یۆنانی بەناوی (فیدیاس) دروستیکردوە، بەرزییەکەی ١٣م، لاشەکەی لەعاج دروستکراوەو عاباکەشی لەزێڕە، ئەم

پەیکـەرە لـەڕوی جـوانیو هونـەرەوە لەوێنـەی نییـە، بنکـەی پەیکەرەکـە لەبەردی ڕەش دروستکراوە، بەمشێوەیەی خوارەوە:

پەیکــەرتاش (فیــدیاس) کــە بەبــەناوبانگترین پەیکەرتاشــانی گریــك دادەنرێت دروستیکردوە لەشاری ئەسینا لە ساڵی ٥٠٠ پێش زایین لەدایکبوەو لێپرسـراوی چـالاکی هونـەری بـووە لەئەسـینادا لەسـەردەمی بـدکلیس کـە بەسـەردەمی ئەسـینا‌ی زێـڕین ناودەبرێـت ئـەم پەیکـەرە لەنزیکـەی نیـوەی سـەدەی پێنجـەمی پـێش زایـن دروسـتکراوە لـەعاجو زێـڕ زەیـوس خوایـەکی یۆنانی بوە لەبەرامبەر خوای جوبیتەری ڕۆمانیەکان، هیچ پاشماوەیـەك لـەم پەیکـەرە نەماوەتـەوە تـەنیا وێنەکـەی لەسـەردراو نـەبێت، بەگـەورەترین پەیکـەری یۆنـانی دادەنرێـت گوایـە فیدیاسـی پەیکـەرتاش نـۆ سـاڵ ئیـشی تێـداکردوە. شوێنەکەشـی لەسـەر شـاخی ئۆلۆمپیایـە لەناوەراسـتی ناوچـەی (ئەلیانو – ئەلی) لەبەشی ڕۆژئاوای هەریمی موریا، گوایـە شـوێنێکی پـیرۆزەو هـەزاران پەیکــەری تــر لەوێــدا دروســتکرابون بــۆ خواکــانو براوەکــانی یارییەکانی ئۆلۆمپی کە لەو شوێنەدا بەڕێوەدەچوو.

گۆڕی هالیکار ناسۆس (ئاسیا ناوەند)

ئەتمیس لەسـاڵی ٣٥٤ پـێش زایـین دروسـتیکردوە بـۆ زینـدوراگرتنی یـادی (مارسولوس)ی هاوسەری (پادشای کاریافی هالیکار ناسـۆس)ی موسـتەعمەری یۆنـانی لەسـەر لێوارەکـانی دەریـایی ئیجـە، بەچـواردەوریدا بینایەکـە ٩٠ م درێژەو ٤٥ م بەرزە، ئەو پەیکەرەی لەسەری بوو تـا سـەدەی چوارەم مایـەوە،

بەڵام لەچەرخەکانی ناوەراستدا تورکەکان تێکیان شکاند، باسێك هەیە گوایە کاتێك (موسول) مرد لەساڵی ٣٥٣ پێش زایین ئارتیمایی خێزانی زۆر غەمی بۆ خواردو ئەو گۆڕەی بۆ کرد لە شاری هالیکارناس-دا وەك یادگارییەك هێندە جوان دروستکراوە تا بوو بەیەکێك لەحەوت سەرسوڕهێنەرەکانی جیهان.. بەرزی گشتی ٤٥,٩٢ مەترو چێوەی بنکەکەشی ١٣٤,٨٠ م بوو، ئەم گۆڕە لەنێوان سەدەکانی ١٢ – ١٥ دا روخا، رەنگە روخانی بەهۆی زەمین لەرزەوە بوبێت، کاتێك پیاوانی دۆدوس لەساڵی ١٤٠٤ ی زایینیدا دەستیان گرتە سەر هالیکارناس-دا رێگەیاندا بەخۆیان دەستبگرنەسەر ئەو مەوادانەدا کە گۆرەکەی لێ دروستکراوە بۆ دروستکردنی دیوارێکی بەهێز لەشاری سان بیترۆدا، هەندێکیشیان بەردە ڕوخاوەکانی گواستەوە بۆ مۆزەخانەی بەریتانیا لەساڵی ١٨٤٦ دا، باسێکی تر دەڵێت: زانای بەریتانی سێرشارلز چەند بەشیکی لەم گۆڕە گواستۆتەوە بۆ مۆزەخانەی بەریتانیا لە ساڵی ١٨٥٩دا.

پەیکەری زۆر بەرزی رۆدس

مێژوی دروستکردنی دەگەرێتەوە بۆ ٢٠٠٠ ساڵ پێش زایین گەورەترین سەد پەیکەری دروستکراو بوو کە لەدورگەی رۆدس دانرابوون بۆ خوای رۆژ وەکو قوربانییەك بۆ ئەپۆلۆ باوەڕیان وا بوو گوایە رۆدس لەپادشای مەکدۆنی دمیتریوس ڕزگارکردوە لەئەنجامی بومەلەرزەیەك لەساڵی ٢٢٤ پێش زایین لەناو چوو.

.... جیهان

پەیکەرێکی گەورە بوو کە لەبرۆنز دروستکرابوو بۆ خوای رۆژ (هلیوس) لەدورگەی رۆدس-دا لەپاشماوەی ئەو دەستکەوتانەی کە لەشوێن سوپاکەی دمتریۆس بەجێمابون، پەیکەرەکە لەلایەن کەسێکەوە دروستکرا بەناوی (کارس) ماوەی دروستکردنەکەی ١٢ سالّی خایاندوە. بەرزییەکەی ٤٩,٢٠م و (یان نزیکەی بەرزی پەیکەری ئازادییە لەبەندەری نیویۆرك) لەسالّی ٢٨٠ پێش زایین دروستکراوە لەسالّی ٢٢٤ پێش زایین لەئەنجامی بومەلەرزەیەکدا لەناو چو.

مەنارەی ئەسکەندەریە

ئەسکەندەریە دوای قاهیرە بەگەورەترین شاری میسر دادەنرێتو دەکەوێتە سەر دەریای سپی ناوەراست، ئەسکەندەری گەورە لەسالّی ٢٣٢ پێش زایین دروستیکردوە لەدێرزەمانەوە بەو مەنارەیە بەناوبانگ بووە بۆیە یەکێك لەحەوت سەرسوڕهێنەرەکانی جیهان، زانکۆیەکی تێدایە لەسالّی ١٩٢٤ دروستکراوە ژمارەی دانیشتوانی ٢,٥٠٠,٠٠٠ کەسە، ئەم ئامارەیە لەبەردی سپی دروستکروە، ١٦٤ م لەسەرروی دەریاوە بەرزە ئەو ئاگرەی کە لەسەری دەکرایەوە لەدوری ٥٦ کم دەبینرا.. سەرچاوەکان دەلّێن بەشیکی مەنارەکە لەسالّی ٤٠٠ دوای زایین روخاوە، لەئەنجامی بوومەلەرزەیەکدا بەلاّم لەسالّی ١٣٥٧ زاینی بەتەواوی روخاو لەناوچو.

بەشی بیست و هەشت

سەیرو سەمەرەکانی ژمارەکان

زمانی ژمارەکان

ژمارەکان زمانێکی سەیرو وردیان هەیە، ئەگەر بەشێوەیەکی تایبەتی ڕێکبخرێت زۆرجار ئەنجامی سەرسوڕهێنەر دەدات، بۆ نمونە: ئەگەر ژمارە ٣٧ لێکدانی ژمارە ٣ بکەیت ئەمجا لەژمارە یەکەوە بۆ ژمارە نۆ هەموجارێك سێ ژمارەی چون یەکت دەستدەکەوێت؟

٣٧ × ٣ × ٢ - ٢٢٢

٣٧ × ٣ × ٣ - ٣٣٣

٣٧ × ٣ × ٤ - ٤٤٤

٣٧ × ٣ × ٥ - ٥٥٥

٣٧ × ٣ × ٦ - ٦٦٦

٣٧ × ٣ × ٧ - ٧٧٧

٣٧ × ٣ × ٨ - ٨٨٨

٣٧ × ٣ × ٩ - ٩٩٩

بەشی بیست و نۆ

سەیرو سەمەرەی ئایا دەزانیت؟

.. زانایەکی ئەڵمانی ساڵی ١٩٢٨ پێشبینی ئەگەری هێرشکردنە سەر بەندەری بیرڵ هاربەری ئەمریکی کردو پێشبینیەگەی راست دەرچوو، هێرشکردنە سەر ئەو بەندەرەش هۆی چونە ناوی ئەمەریکا بوو بۆ جەنگی جیهانی دووەم.

.. وەچەکانی مانگای وەحشی لەئەمەریکا خەریکە لەناو دەچن، تەنیا ٤٠٠٠ دانەی لێماوە لەکاتێکدا لەساڵی ١٨٧٢دا ١٢٥,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن بوون روبەری کیشوەری ئاسیا ١٦,٤٩٤,٠٠٠ میل دوجایە.

.. ئەوروپا بچوکترین کیشوەرە لەدوای ئوستورالیا، بەڵام زۆرترین وڵاتی تیدایە

.. لەکۆندا وا باو بووە باڵیۆز نەیتوانیوە ژنەکەی لەگەڵ خۆیدا بەرێت بۆ ئەو وڵاتەی بۆی نێردراوە، لەترسی ئەوەی ئەوەك نهێنیەکانی وڵات بۆ دوژمنان ئاشکرا بکات، بەڵام بۆی هەبووە خزمەتکارێك لەگەڵ خۆیدا ببات، ئەوەك خزمەتکاری وڵاتەکەی تر ژەهر بکاتە ناو خواردنەکەیەوە.

.. لەسەردەمی ناپلیۆنی سێهەمدا بەفەرەنسا دەوترا ئیمپراتۆریەتی فالس، چونکە فەرەنسیەکان زۆر خەریکی دەستبازیو رابواردن بوون.

.. لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا روسیاو بەریتانیاو فەرەنسا لەنێوانی خۆیاندا، پەیمانێکی نهێنیان بەست بۆ دابەشکردنی رۆژهەلاتی ناوەراست، بەلام رێکەوتنەکەیان سەری نەگرت لەبەرئەوەی روسیا نهێنییەکەی ئاشکرا کرد.

.. یەکێك لەئارەزومەندانی کەشتیوانی لەهەموو پێشبرکێیەکی جیهانیدا بەشداری دەکردو هەموجارێکیش شکستی دەهێنا، تاگەیشتە ئەوەی لیژنەی رێکخستن پێشبرکێی میدالیای حەزترین سەرنەکەوتوی جیهانیان دایە.

.. شوشە داهێنانێکی رۆژهەلاتییەو لەماوەی جەنگەکانی خاچپەرستاندا گوازراوەتەوە بۆ ئەوروپا.

.. جۆرەکانی کیسەلّ دەگاتە ٢٠٠ جۆر چەند رێژەشی زیاتر بێت ئەستێرەکان لەشەودا زیاتر دەبریسکێنەوە.

.. مێشولە لەشەش میل زیاتر لەکونەکەی خۆی دورناکەوێتەوە مەگەر بابیبات.

.. ئاوی بنی دەریاکان زۆر ساردن تەنانەت لەناوچەی ئیستیوائیکانیشدا.

سەیرو سەمەرەکانی...

... باشترین خواردن لای ئوسترالیەکان ئەوەیە کە کلکی کەنگەری تیدا بێت.

... شاعیری گەورەی ئینگلیز نینون ئەریتیکی زۆر سەیری هەبوو لەجگەرەکێشاندا کاتێك دەچووە نوسینگەی دانەدەنیشت تاوەکو خزمەتکارەکەی سندوقێکی توتن و سندوقێك سەبیل و سندوقێکی بەتاڵی بۆ دەهێنا، ل توتنەکەی دەکردە سەبیلە بەتاڵەکەوەو دەیکێشا تا تەواو دەبو پاشان سەبیلەکەی دەشکاندو دەیخستە سندوقە بەتاڵەکەوە بەمجۆرە هەتا هەموو توتنەکەی تەواو دەکرد.

... زۆربەی ئەو ماسیانەی لە ناوی زۆر قوڵدا دەژین کوێرن، لەساڵی ١٦٢٤دا فودنداری ئەڵمانی کە لەبەریتانیادا دەژی هەوڵیدا ڕێگەیەك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی کەشتیەکان بتوان بەژێر ئاودا بڕۆن، بەڵام تیایدا سەرنەکەوتن تا پیاوێکی ئەمریکی بەناوی (بۆشنال)، ئەو تاقیکردنەوە سەرنەکەوتوەی (دار یاهل)ی تەواوکردو توانی لەساڵی ١٧٧٢ دا یەکەمین ژێر دەریایی (غواصە) دروستبکات و بەدیاری بینێرێت بۆ ناپلیۆن لەساڵی ١٨٠٠م دا بەڵام لەیەکەم تاقیکردنەوەدا ژێر ئاو•کەوت.

... ئەسپ دەتوانێت بۆ ماوەی چەند مانگێك هەردوو دەستی بەرزکاتەوەو لەسەر هەردوو قاچی بوەستێت.

؟.. ئەو گەردیلە هەواییانەی کە هەڵی دەمژین لەگەردوندا بەخێرایی گوللە تفەنگ دەجولێتەوە، ئەگەر سێ ملیۆن هەڵمژین ئەمجا توانیومانە یەك ملیمەتر هەوا هەڵمژین.

؟..مێژوی تۆپی پێ دەگەرێتەوە بۆ سێ هەزار ساڵ پێش زایین (چین)یەکان لەپێش ولاتانی تردا ئەم یارییەیان زانیوە، دادوەرەکان پارەیانداوە دۆڕاوەکانیشیان دارکاریکردوە.

؟.. لەنیمچە دورگەی عەرەبدا دارێك هەیە کە بەرێك دەگرێت بریتیسە لەسێ دانەی رەش هەر یەکەو بەئەندازەی فاسۆلیاکە، بەناوبانگە بەداری پێکەنین، هاراوەی دەنکەکانی بۆ پرتو پژمین بەکاردێت، ئەگەر کەسێك چەندجار هەڵی مژێت توشی پێکەنین دەبێت وازی لێ ناهێنێت تالێی دەکاتە سرکردن کە نزیکەی نیو سەعاتێك دەخایەنێت، پاشان خەوێکی قوڵی لێدەکەوێت.

؟.. لەژێری زەریای ئارامدا زنجیرە شاخێك هەیە لەزنجیرەی چیاکانی هیمالایا بەناوبانگو بەرزترە.

؟.. پیاوێکی ئاسایی بەدرێژی بیست هەزار هەنگاو دەبڕێت لەرۆژێکدا، کە دەگاتە نیو ملیار هەنگاو لەهەشتا ساڵدا. ئەمەش بەسە بۆ سوڕانەوە بەدەوری جیهاندا شەش جار.

سەیرو سەمەرەکانی...

!.. کێشانی جگەرەیەکی ئاسایی چوار ملیۆن لەش لەخۆڵەمێش لەهەوادا بڵاودەکاتەوە.

!.. ماسولکەکانی کاجیرەی مرۆڤ لەبەهێزترین جۆری ماسولکەکان دادەنرێت کە ژمارە یان ٦٣٩ جۆرەو دەتوانێت ١٢٠ کیلۆگرام هەڵبگرێت بێ ئەوەی خۆی ماندو بکات..

!.. بەرخ بەکۆنترین گیانلەبەری ماڵ دادەنرێت، وەك لەتەوراتدا هاتوە کوڕی ئادەم شوانی بەرخ بووە.

!.. ئەگەر کەسێك بەپێوە بوەستێت بالای کورتترە وەکو لەوەی خەوتبێت، مرۆڤ کاتێك رادەکێشێت برێك ئاو دێتە ناو برِبرِەی پشتییەوەو نەختێك درێژ تری دەکات.

!.. زانای بەناوبانگ ئەرخەمیدس زیاتر لەهەزار ساڵ لەمەوبەر خۆری بەکارهێناوە بۆ سوتاندنی پاپۆری رۆمانیەکانی دوژمنی ولاتەکەی (سیراکوزا). بەشکاندنەوەیەکی بەهێزی خۆرەوە بەهۆی ئاوێنەی قەبارە گەورەی قوپاوەو (معقر) کە گڕی تێبەردەدا.

!.. لەویلاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا لەگۆڕەپانی لاتل کاپیتون پەیکەری مریشکێك بەسەر هێلکەوە دروستکراوە لەماددەی بیرۆنز کە پێنج

ئەوەنــدەی مریــشکێکی گەورەیــە، وەك سوپاســگوزاری بــۆ ئــەو خزمەتــەی مریشك بەخواردنی هاوڵاتیان دەیکات.

لەو لاشیەوە پەیکەری پیاوێك کراوە کە بە (فیلیکوس کورن) ناسراوە وەکو مێژوو باسیدەکات یەکەم کەس بووە سێوی خواردوە، پێش ئەو مێژووە باوەڕ وابووە کە سێو میوەیەکی ژەهراویە.

.. مێــشکی مــرۆڤ کــە بریتییــە لــەدوانزە ملیــۆن خانــە زاڵــە بەســەر ماسولکەو دەمارو هەموو ئەندامەکانی لەشدا.

.. مێشکی مرۆڤ کێشی لە نێوان ٩٦٧و ١٣٨٤ گرام دایە.

.. واك کارجێك کە ڕێزمانی عەرەبی بـۆ یوغـسلافیە تازەکـان دانـاوە لـە ژیانیدا نەچۆتە قوتابخانە.

.. تەماتە کاتێك لەکۆتایی سەدەی شانزەهەمدا چووە ئـەورووپاوە پێیـان دەوت (سێوی خۆشەویستی).

.. تاقیکردنـەوەکان سـەلماندویانە گـوێی راسـت لـەگوێی چـەپ بەگـشتی لەبیستن بەهێزترە؟

.. مێروی مۆرانە ساڵانە لەسەرانـسەری جیهانـدا بـەهای سێـسەد ملیـۆن دۆلار جلوبەرگ دەکات.

سەیرو سەمەرەکانی...............................

!.. لەهیندستان جۆرێك لەباڵندەی بچوك هەیە ناوی (هیَ نینا)یە لە توتی باراو قسەدەکات.

!.. هەر دڵۆپێك باران لەدروستبوونیدا پێویستی بەگەردیلەیەك لەخۆڵ یان خویَ یان هەر تەنێکی تری ڕەق هەیە.

!.. هەندیَ جار باران دەبارێت بەڵام نایبینین لەبەرئەوەی لەهاتنە خوارەوەیدا پێش ئەوەی بگاتە زەوی دەبێتە هەڵم.

!.. پەیمانگای لێکۆڵینەوەی زانستی لەکامبورج سەلماندویەتی کە مێشولەش حەزیان لەرەنگ هەیەو بەدەوری رەنگە سورو زەردەکان کۆدەبنەوە، بەڵام رقیان لەرەنگی شین دەبێتەوە، جوانترین رەنگ بەلایانەوە رەنگی سپیو سەوزی کاڵ (کراومیە).

!.. یەکێك لە ئەندامی کۆمەڵەی کەشزانی لەبەریتانیا کتێبێکی نوسیووە بەناونیشانی (ئازارو باران) تیایدا دەڵێت ٤,٥٠٠ حاڵەتی دیوە لەمرۆڤدا کە پێش باران بارین هەست بەئازار دەکەن ئەمەش ئەوە دەردەخات ئەو ئازارە کوتوپڕە پەیوەندی بەنزیکی باران بارینەوە هەیە.

خەڵکی باوەڕیان وایە کە نهێنی باران بارین لەوەدایە کە فریشتەکان لە کەنداوی بانجرك-دا خۆیان دەشۆن لەبەر ئەوە باران دەبارێتە سەر خەڵکیدا.

جیهان

🔸.. کەشناسەکان ئەوە رادەگەیەنن کە رێژەی باران بارین لەسەرانسەری جیهاندا لەپەنجا ساڵی دوایدا بەرێژەی ١٪ کەم بۆتەوە، هەندێك لەزانایان لایان وایە ئەم کەمبونەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چەورییەی کە کەشتییەکان دەیرێژنە سەر ئاوی دەریاکانو دەبێتە هۆی نەگەیشتنی خۆر بۆ ئاوەکەو کەم هەڵمکردنی ئەو ئاوە کە یەکەم هۆیە لەدروستکردنی بێ بارانییدا.

🔸.. یەکێك لەزانایانی جوانی راپۆرتێکی پێشکەشکرد تیایدا دەڵێت باشترین هۆی جوانکردنەوەی دەموچاو ئاوی بارانە.

بەشی سێیەم

سەیرو سەمەرەکانی داهێنان

!.. پیاوێکی ئەمریکی کە لەکارگەی چاویلکەسازیدا ئیش دەکات چاویلکەیەکی دروستکردوە لەکاتی دەموچا شتندا چاو لەکەف سابون دەپارێزێت.

!.. فسلیپ بیچ ی کەتەدی چنگاڵێکی دروستکردوە لەکاتی خواردنی ماکرۆنەدا ماکرۆنەکە لول دەخواتە دەوری چنگاڵەکە، ئیتر بەوجۆرە ناکەوێتە خوارەوە.

!.. دکتۆر (ج. ی. کوری) لەنیویۆرک توانی لەپاشماوەی قامیشی شەکر دوای تێکەڵکردنی لەگەڵ ماددەی کیمیاوی نوێدا، ماددەیەکی تازەی دەست بکەوێت کە لە تام و بۆن وشێوەدا لەدوکەڵی جگەرە بچێت.

!.. (هێرمان ولف)ی ئەندازیار توانی ئامێرێک دروست بکات تیشکێکی لێوە دەربچێت لە دوری ١٠ مەترەوە هەرچی مێشوولە لەو دەوروبەرەدا بێت بیکوژێت.

!.. زانایەکی فەرەنسی توانی ئامێرێک دروست بکات بۆ کپکردنەوەی دەنگی ماتۆڕی ئۆتۆمبیل کە شۆفێرو سەرنشینانانی ناو ئۆتۆمبیلەکە نەیبیستن. بەڵام شۆفێرەکانی تر دەیبیستن بۆ ئەوەی بزانن ئۆتۆمبیلەکە لەپێشیانەوەیە یان لەدواوەیە.

١   رەهەم داهێنەری ساندەویژ، ئێر ساندەویژە کە لەساڵی ١٧١٨ لەدایك بووەو یەکەمین داهێنانی هەمبەرگر ساڵی ١٨٧٢ بووە لەکاتێکدا تەزمی لەدایکبونی شەست و پێنج ساڵەی خۆی گێڕا.

پێڕست

سوپاس و پێزانین

زۆر سوپاس و پێزانینم بۆ:

- ئەکرەم ئیبراهیم
- ئارام رەشید
- شێرکۆ جەوهەر

که لەکاتی نوسینەوەی دەستنوسی ئەم کتێبەدا هاوکاری زۆریانکردم، دوبارە سوپاس و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم

وەرگێڕ

سەیروسەمەرەکانی جیهان



نرخی (3000) دینار

نەخشەسازی بەرگ : دیاری بکر